دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

کوردستان

ژمارە:٥٤٧

www. kurdistanukurd.com

یەکشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٩ ـ٢١ی نوامبری ٢٠١٠ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



پێویستیی
یەکدەنگیمان بۆ پشتیوانی
لە بەندییە سیاسییەکانی کورد

٤

سیاسی




سەرکەوتنی کۆماریخوازەکان و
سیاسەتی داهاتووی ئامریکا لە
پێوەندی لەگەڵ ئێراندا

٧


دیپلۆماتیک



دیپلۆماسیی کوردی
لە چ حاڵدایە و چۆن دەتوانێ
گەشە بکا ؟

٩

ئەندیشە




بنەما تئۆریە ـ فەلسەفییەکانی
دێموکراسی

١٠

# دەبێ بە زمانێکی دیکە لەگەڵ ئەم رێژیمە قسە بکرێ

## رێگەپێدان بە یاغیبوون لە خەڵک و دنیای دەرەوە تا کەی؟

**قادر وریا**

هەواڵەکەنی ئەم یەک دوو حەوتووەی دوایی، بۆ کۆماری ئیسلامی ناخۆش بوون. دەنگ نەهێنانەوەی نوێنەری دەوڵەتی کودتا تا لە کومیسیۆنی ژنانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا، خۆبواردنی یونسکۆ لە بەشداری لە کۆنگرەی فەلسەفە لە تاران و ئاشکرا بوونی ناردنی تەقەمەنی شەڕ لە ئێرانەوە بۆ نیجێریەو چوونی پەروەندەی ئەم رسوایی یە بۆ کۆمەڵی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، هێشتا نەببون بە هەواڵێکی کۆن کە هەواڵ بلاو بۆوە بەم زووانە سەرتیپی «رفێندراو»ی سپای پاسداران و، جێگری پێشووی وەزیری بەرگری کۆماری ئیسلامی، عەلیرەزا عەسکەری لە دادگای نێونەتەوەیی رەفیق حەریری دا، وەک شاهید بەشدار دەبێ و زانیارییەکانی خۆی لەبارەی هەبوونی حیزبوڵڵای دەست پەروەردەی رێژیمی ئێران لەم تیرۆرەدا دەخاتە روو. دوا هەواڵی ناخۆشیش بۆ ئەم رێژیمە، پەسەندکردنی رەشنووسی بڕیارنامەیەک لە رۆژی ٢٧ خەزەڵوەر دابوو کە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە مەبەستی مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ئامادەی کردبوو.

رێژیمی ئێران لەساڵی ١٣٨٤ەوە تا ئێستا رێگای نەداوە هیچ نوێنەرو لێکۆلەرێکی تایبەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ماڤی مرۆڤ، بێتە نێو ئەم وڵاتە. هەموو داواو راسپێرییەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە مەبەستی باشتر کردنی مافی مرۆڤ پشتگوێ خستووە. لەباری سزای ئێعدامەوە لە دوای چین لەریزی پێشەوەی وڵاتانی دنیا دایە. لە ئێعدامی مێرمندالان دەست ناگێرێتەوە، لەسەر بەردباران و پەڕاندنی ئەندامانی لەش، بەردەوامە. ئەشکەنجەی سیستماتیک و هەڵاواردن بە رووی ژنان، کوشتنی لەژێر ئەشکەنجەو پێکهێنانی بەناو دادگای ئاشکراو ناچارکردنی گیراوانی سیاسی بە داننان بە تاوان و هەڵبەستراوی دیاریکراو، بێ پەردەتر لە پێشوو درێژەیان هەیە. تەنانەت ئەو وەکیلانەش کە داکۆکی لە پەروەندەی بەندییە سیاسییەکان و رۆژنامەنووسانی بەندکراو دەکەن، کەوتوونە بەندیخانە ولەگەڵ توندترین ئەشکەنجە و ئازار بەرەوڕوون.

رێژیمێک کە بە رۆژی روون و بە بەرچاوی دنیاوە، کودەتا لە دەنگی خەڵک دەکا و سەرەتاییترین مافی خەڵک، نارەزایەتی دەربڕینی هێمنانە، بەتوندی سەرکوت دەکا، لە هەرەشەو مەیدانداری دژی دنیا لە دەرەوەی سنوورەکانیشی غافڵ نییە. لە کاتێکدا لەسەر پڕۆژە ناوکییەکان و خولیای بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لە نێوخۆی ئێراندا بەردەوامە، لە عێراق و ئەفغانستان و لوبنان و ئەفریقاو هەر جێیەک بۆی بکرێ، لە پڕچەککردنی تاقمەکانی بەستراوە بەخۆی، لە دژایەتی هەرچەشنە هەوڵێکی ئاشتیخوازانە و لە نانەوەی ئاڵۆزی و ئاژاوە دژی ئیرادەی نێونەتەوەیی دەست ناگێرێتەوە.

زیاتر لە ٣٠ ساڵ ئەزموون بەسە بۆ ئەوەی دنیا دڵنیا بێ کە ئەم رێژیمە نە دەیهەوێ و نە دەتوانێ خۆی لەگەڵ دنیای لێک تێگەیشتن و وێکهەڵکردن و رێز لێک گرتن و مافی مرۆڤ بگونجێنێ. ئەم رێژیمە دەبێ بەو زمانە قسەی لەگەڵ بکرێ کە شیاوی سیستەمە سەرەڕۆو یاغییەکانە. زمانی مەحکوومکردن، تەحریم و بایکۆت، بەزمانی گوشار بۆهێنان و سنوور بۆدانان. بۆ ئەوەش ئەم زمانە کاریگەری خۆی هەبێ، دەبێ میکانیزم و رێوشوێنی توند¬وتۆڵ دیاری بکرێ، ئەگینا یاغیگەریی ئەم رێژیمە دژ بەخەڵکی خۆی و دنیای دەرەوە هەروا درێژەی دەبێ.

## رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی لە لایەن ئێرانەوە مەحکووم کرد

کۆمیتەی سێیەمی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رەشنووسی بڕیارنامەیەکی پەسند کرد کە لەوێدا، کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ مەحکووم کراوە.

بە پێی ئەم هەواڵە کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی دێسامبر دا بە شێوەی فەرمی ئەم بڕیارنامەیە پەسند دەکا.

کەمپەینی نێو نەتەوەی مافی مرۆڤ لە ئێران وێڕای ئەوەی ئەم هەنگاوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گرنگ و پڕ بایەخ لە قەڵەم داوە رایگەیاندوە کە دەبێ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە میکانیزمێک بگەڕێ کە ئێران ناچار بە وڵامدانەوە بکا.

«محەمەد جەواد لاریجانی» بەرپرسی ستادی مافی مرۆڤی ئێران کە وەک بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامی لەوێ ئامادە بوو، وێڕای ئەوەی بەرگریی لە کردەوەکانی کۆماری ئیسلام لەو پێوەندییە دا کرد رایگەیاند کە ئەم هەنگاوەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دوژمنکارانە و سیاسی بوو و لە لایەن رۆژئاواوە بڕیاری لە سەر دراوەو دەیانەوێ ئێران بورووژێنن.

سەرەڕای هەوڵەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ رێگا گرتن لە پەسند کردنی ئەم بڕیارنامەیە، سەرەنجام رەشنووسی ئەم بڕیارنامەیە٨٠ دەنگی ئەرێنی و ٤٤ دەنگی نەرێنی وەرگرت و نوێنەرانی ٥٧ وڵاتیش لەو نێوە دا بێ لایەن بوون.

جێی وەبیرهێنانەوەیە لەم بارەوە پێشتریش رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانیی خۆی بەرانبەر بە دۆخی نالەباری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دەربڕیوە.



## دوو پەیام لە سکرتێری گشتیی حیزبەوە بۆ بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوود بارزانی



### پەیامی پیرۆزبایی لە سکرتێری گشتیی حیزبەوە بۆ سەرکۆماری عێراق

**زۆر بەڕێز جەنابی مام جەلال , سەرۆک کۆماری عێراقی فیدرال!**
**لەگەڵ رێز و سڵاوی گەرم:**

بە بۆنەی هەڵبژێرانەوەتان بە سەرۆک کۆماری عێراق، لە لایەن خۆمەوە و بە ناوی رێبەری و سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆز بابیت پیشکەش دەکەم.

هەڵبژێرانەوەی بەڕێزتان بە سەرۆک کۆماری عێراق، هەر لەو کاتە دا کە متمانە و رەزامەندیی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی عێراق لە رۆلی مێژوویی و سەرکەوتووانەی جەنابت لە بەڕێوەبردنی عێراقی فیدرال لە قۆناغێکی ئاستەم دا دەردەخا، سەنگی کوردو هاوبەشیی ئەو نەتەوەیە لە بەڕێوە بردنی دەسەڵاتی عیراقی نوێ دا دەسەلمێنێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، هیوادارە عێراقی نوێ لە سێبەری سەرۆکایەتیی ژیرانەی بەڕێزتان لە دەوری دووهەمی سەرکۆماری دا، هەنگاوی زیاتر بەرەو جێگیر کردنی دیموکراسی و ئاشتی و پتەو کردنی بناغەکانی فیدراڵییەت بنێ. بەو هیوایەی بە سەرکردایەتیی بەڕێزتان و پشتگەرم بە پشتیوانیی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی عێراق، ئەم وڵاتە جێگەوپێگەی شیاوی خۆی لە ناوچە و لە ئاستی نێونەتەوەیی دا بە دەست بێنێت وپرسی کوردیش لە وڵاتانی دراوسێ دا بە هەوڵی جەنابت و هاندانی لایەنە پێوەندیدارەکان، لە رێگای هێمنانە و دیالۆگەوە بەرەو پێش بچێت.

بۆ بەڕێزتان لەدەوری دووهەمی سەرکۆماریی عێراقدا، سەرکەوتنی زیاتر و بۆ گەلی کوردو سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق، دەسکەوت و پێشکەوتنی پتر لە سێبەری تەبایی و لێک تێگەیشتن و ئاشتی دا، بە ئاوات دەخوازم.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠١٠/١١/١٣**

### نامەیەکی پێزانین لە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان

**زۆر بەڕێز جەنابی مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان!**
**بە سڵاوێکی گەرمەوە:**

دەست پێشخەریی ئەم دوایی یانەی بەڕێزتان بە مەبەستی لێک کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی عیراق لە هەولێر و بەغداو، گفتوگۆیان لە پێناوی دیاریکردنی سەرۆکایەتییەکانی عێراق و پێکهێنانی حکوومەتی نوێی ئەو وڵاتەدا، رۆلێکی گرنگی لە یەکلاکردنەوە و چارەسەری ناکۆکییە سیاسییەکانی ٨ مانگی رابردووی عیراق دا هەبوو. گومانیشی تێدا نییە کە دەسکەوتی کورد لەم رێککەوتنانە کە هەڵبژێرانەوەی سەرۆک مام جەلال بە سەر کۆماری عێراق، بەشێکییەتی، بەرهەمی پێداگرتنەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، بە تایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر پشکی ئەم نەتەوەیە لە بەڕێوەبەری و دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق دایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە رێزو پێزانینەوە ئەم رۆلە گرنگەی جەنابتان لە یەکخستنی هەڵوێستی کورد و رێککەوتنی عێراقییەکاندا دەنرخێنێ و هیوادارە بە هەوڵی سەر کردایەتیی سیاسیی کوردو هەموو پێکهاتەکانی عێراق، کوردو سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی یەکانی ئەو وڵاتە، قۆناغێکی نوێ لەپێکەوە ژیان لە سێبەری ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی دا تێپەر بکەن.

لەگەڵ رێزی زۆرم دا:

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٠١٠/١١/١٣**

## مەحکوومکرانی سەرکوتی کاسبکارانی کورد لە لایەن چالاکانی مافی مرۆڤەوە

دوو رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکانی ئێرانی سەرکوت و کوشتاری کاسبکارانی کوردیان بە هۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم کردوە.

کومیتەی بەرگری لە مافی قەوم و نەتەوەکانی ئێران و کانوونی بەرگری لە مافی مرۆڤی ئێران لە راگەیەندراوێکی هاوبەشدا رایان گەیاندوە کە رەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان و سەرکوت و کوشتن و بریندار کردنی ئەوان پێچەوانەی هەموو پرەنسیپ و بەندەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤە کە ئێران بۆ خۆشی ئیمزای کردوە.

ئەو دوو رێکخراوەیە لەو راگەیەندراوەدا هێناویانە کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە جێی دابینکردنی ئەمنیەتی خەڵکی، ئێستا بە پێچەوانە ئەرک و کاری پی ئەسپێردراویان بۆتە کوشتنی کاسبکارانی کورد و بە تاڵان بردنی کەلوپەل و بارەکانیان و، بە داخەوە ئەوەی تا ئێستا لەو پێوەندییەدا بیندراوە ئەوەیە کە ئەو رەوتی کوشت و کوشتارەی خەڵکی کاسبکاری کورد لە لایەن ناوەند و بنیاتەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤەوە سەرنجی پی نەدراوە.



## دۆزینەوەی ١٣٠ کیلۆ هێرۆیین کە ئێران رەوانەی نیجریەی کردوە


**١٣٠ کیلۆ گرم هێرۆیین کە لە ناو بەستەی کەلوپەلی ماشێندا لە ئێرانەوە بۆ نیجریە نێردرابوو، دۆزرایەوەو دەستی بە سەر دا گیرا.**

بەرپرسانی رێکخراوی ماددە سڕکەرەکانی نیجریە بە ئاژانسەکانی هەواڵیان راگەیاندوە کە ئەوان چوار مانگ لەمەوبەر ئاگادار کراونەتەوە کە ١٣٠ کیلوگرم هێرۆیین لە لایەن ئێرانەوە دەنێردرێتە بەندەری «ئاپاپا» لە لاگوس کە پڕ حەشیمەت ترین شاری نیجریەیە.

بە پێی هەواڵی «رۆیتێرز» ئەم ١٣٠ کیلۆ هێرۆیینە لە ناو ماتۆرێکی ماشێندا شاردراوەتەوەو بڕی ٩،٩ میلیۆن دۆلار نرخییەتی.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە کاتێکدایە کە هەفتەیەک لەمەوبەر نیجریە لە پێوەندی لەگەڵ دۆزینەوەی کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی کە هی کۆماری ئیسلامی بوو، راپۆرتێکی ئاراستەی ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. پاش بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە «مەنووچێهر موتەکی» وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بە پەلە خۆی گەیاندە نیجریە.

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە خەڵکی نیجریە نیگەرانی ئەوەن کە ئێران پشتیوانی لە گرووپە توندڕەوە شیعەکان لەو وڵاتەدا دەکا. چاوەدێران لەو باوەڕەدان کە دۆزینەوەی ئەو ١٣٠ کیلۆ هێرۆیینە دەبێتە هۆی ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی بکەوێتە پێوەندییەکانی نێوان نێجریەو ئێران.



# دیداری هەیئەتی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

**کوردستان:** لە دیداری نێوان دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دا چەند پرسیکی سیاسیی گرینگ کەوتنە بەر باس و ئەد دوو حیزبە کوردستانییە لەسەر کردەیی کردنی زەمینەکانی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان پێیان داگرتەوە.

ڕۆژی سێشەممە، ١٨ ی خەزەڵوەر هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی زنجیرە دیدارەکانی دا لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بنکەی سکرتاریای کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران چاوی بە هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبە کەوت.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا سکرتێری گشتیی حیزب بەرێز، خالید عەزیزی بە بۆنەی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی خانە خوێ پیرۆزبایی لە سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە کرد و لەم پێوەندییەدا کۆمەڵێک پرسیاری هێنایە گۆڕێ کە لەلایەن بەرێز عەبدوڵلا موهتەدییەوە وڵامیان درایەوە.

گرنگترین ئامانجی ئەم دیدارە بریتی بوو لە وەرگرتنی بیروڕاو هەڵوێستی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە سەر قووڵکردنەوەو کردەیی کردنی زەمینەکانی هاوکاری و هاوهەڵوێستیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



لەم بارەیەوە دوو لایەن بە پێی ئەوەی لە سەر زۆربەی خاڵەکان ڕوانگەکانیان لێک نزیک بوو، لەسەر ئەو دوو خاڵە ڕێک کەوتن:

یەکەم، هەر کام لەلای خۆیەوە لە نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دا زەمینەسازی بۆ مەبەستە دەسنیشانکراوەکان بکەن.

دووەم، دەستەی هاوبەش بۆ کردەیی کردنی چەند لایەنێکی هاوکاریی دوولایەنە، پێک بێنن.

شایانی باسە لەم دیدارەی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دا جگە لە سکرتێری گشتیی هەر دوو حیزب، ژمارەیەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و چەند کەس لە کادرە لەمێژینەکانی دوو لایەن بەشداربوون.

---

# کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و ڕێکخراوی حیزبی کۆمونیستی ئێران، کۆمەڵە

لە دانیشتنێکی هاوبەشی هەیئەتی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوی حیزبی کۆمونیستی ئێران، کۆمەڵە، دوایین ئاڵۆگۆڕە سیاسییەکان تاووتوێ کران.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٥ شەممە ٢٠ ی خەزەڵوەر، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی بنکەی ناوەندیی ڕێکخراوی حیزبی کۆمونیستی ئێران (کۆمەڵە) ی کردو لە لایەن هەیئەتێکی خانەخوێ بە سەرپەرستی بەرێز ئیبراهیم عەلیزادە، دەبیری یەکەمی کۆمەڵەوە پێشوازیان لێ کرا.

لەدانیشتنی نێوان دوو هەیئەت دا مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستان هاتنە بەرباس و هەر دوو لا بیرو بۆچوون و ڕوانگەکانی خۆیان سەبارەت بە دوا پێشهاتەکانی ناوچە، ئێران و کوردستان هێنایە بەرباس. لە کۆبەندی ئەو باسانە دا هەر دوو لا لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە جیاوایی بیروڕا لەسەر مەسەلە جوراوجۆرەکان دەبێتە هۆی تۆکمەتر و پۆختەتر بوونی هەڵویستە سیاسی یەکانی دوو لایەن.

تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارە باس لە چۆنیەتی هاوکاری دوو لایەن بوو، کە هەر دوو لایەن لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە دەتوانن لە هێندیک بواری



جۆراوجۆری پێوەندیدار بە هەر دوو حیزب هاوکاری نیزیکیان هەبێ.

لە کۆتایی ئەو دانیشتنە دا دوو لایەن لەسەر درێژە پێدانی ئەو کۆبوونەوانە پێداگریان کردو لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە درێژەی ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانە لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی ئەو هێزو ڕێکخراوانە، سەرەڕای بیروبۆچوونی جیاواز، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ هەرچەشنە ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو لە دوارۆژی ئێران و کوردستان دا، یەک دەنگ بن و بۆ هاوکاری هەمەلایەنە تێبکوشن.

---

# دیداری هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزب لە گەڵ هەیئەتێکی سازمانی خەباتی کوردستان

کوردستان: هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی پایەبەرزی ڕێکخراوی خەباتەوە بە سەرۆکایەتیی بابا شێخ حوسێنی، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیەوە پیشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارە دا دوو لایەن لە سەر هەلومەرجی ئەمڕۆی سیاسیی ئێران و پێویستیی پێوەندیی زیاتری نێوان هێزە سەرانسەرییەکان و پتەکردنی پێوەندیی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ، چۆنیەتیی خۆ ئامادە کردن بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ پێشهاتە سیاسییەکان ئاڵۆگۆڕی بیروڕایان کرد.



هەر لەو دیدارەدا دوو لایەن پێیان لە سەر درێژەدان و پتەوکردنی پێوەندییەکانیان و هەوڵدان بۆ کار و پڕۆژەی هاوبەش داگرتەوە.

---

# کۆبونەوەکانی شووڕای ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لە فەڕانسە




کۆبوونەوەی شۆرای سۆسیالیستی نێونەتەوەیی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/١٥ لە پاریس بە بەشداریی سەرۆک و جێگرەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە بنکەی سەرەکیی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و پێشکەوتن لە فەرانسە دەستی بە کارەکانی کرد و هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی ئەو ڕێکخراوەیە بە سەرۆکایەتیی کاک مستەفا شەڵماشی بەشداریی لەو کۆبوونەوەیەدا کرد.

کۆبوونەوەکە سەعات ١٠،٣٠ لە لایەن بەڕێز لویس ئایالا کرایەوەو دوای بەخێرهاتنی نوێنەرایەتیی پارت و هەیئەتە بەشدارەکان بە کورتی ئامانجەکان و بەرنامەکانی کۆبوونەوەکەی باس کردن.

پاشان داوای لە بەڕیز ئانجێل گوریا سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و پێشکەوتن کرد کە وتەکانی خۆی پێشکەش بکا، بەرێزیان لە قسەکانی دا ئاوڕی لە کێشەکانی سیاسی و ئابووریی جیهان دایەوە و ئاماژەی بە کۆبوونەوەی ئەم دواییانەی G٢٠ کرد و ئاکامەکانی ئەم کۆبوونەوەیان هێنایە بەر باس و لەو نێوەدا ئەرکەکانی سۆسیالیستی نێودەولەتیی باس کرد و باسی لە ڕۆڵی گرینگی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی کرد.

بەدوای ئەودا خانمی سێگۆلێن ڕۆیال وتەکانی خۆی پێسکەش کرد، خانمی ڕۆیال لەسەرەتای قسەکانی دا بەگەرمی بەخێرهاتنی جۆرج ئا. پاپاندرێئۆ سەرۆکی شورای سۆسیالیستی نێونەتەوەیی کرد و پیرۆزبایی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی ئەم دواییانەی شارەوانییەکانی یونان و بەتایبەت ئاتێنی کرد و پاشان بەگەرمی بەخیرهاتنی مام جەلالی کرد و پیرۆزبایی لە بەرێزیان بۆ هەڵبژێرانی دووبارەی وەک سەرۆک کۆماری عیراقی کرد و ڕۆڵی تاڵەبانی لە سۆسیالیستی نێودەوڵەتی دا بەرزنرخاند.

تەوەری باسەکانی خانمی ڕۆیال، قەیرانی ئابووریی جیهانی و ڕوانگەی شۆرای سۆسیالیستی نێونەتەوەیی لە بارەی بووژانەوەی ئابووریی جیهانیی کرد. ناوبراو لە میانەی قسەکانی دا ئاماژەی بە کێشەکانی دونیای ئەمڕۆ و گرینگی نەخشی ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی کرد کە بە یەکگرتوویی و هاوکاری زیاتر دەتوانن باشتر بەسەر کێشە و گیروگرفتە نێونەتەوەیی‌یەکاندا زاڵ بن.

بەڕێز ڕۆیال دواتر باسی لە گیرو گرفتەکانی تایبەت بە ژینگە و گرینگیی پاراستنی ژینگە، گرنگی دان بە چەمکی دیموکراسی و ئەو ڕاستییە کە هەر مرۆڤێک شایانی ژیان لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراتە و هەروەها بەرنامەی پێشگرتن بە تەشەنە کردنی چەکی ناوکیی کرد و هەوڵی بەرێز ئۆبامای لەم بارەوە بەرز نرخاند.

سێهەم کەس بەرێز جورج ئا پاپاندرێئۆ سەرۆکی شۆرای سۆسیالیستی نێونەتەوەیی بوو کە قسەکانی بە سوپاس لە پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانی حیزبەکەی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەست پێکرد و ئاماژەی بەوە کرد کە حیزبی ناوبرا توانیویەتی پاش ٢٨ ساڵ پۆستی سەرۆکی شارەوانیی ئاتێن لە حیزبی دەستە ڕاستی بباتەوە. بەرێز پاپاندرێئۆش لە قسەکانی دا ئاماژەی بە قەیرانی ئابووریی جیهان کرد و گوتی: ٦٥ ساڵ پاش دامەزرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ٢٠ ساڵ پاش کۆتایی شەڕی سارد چارەسەریی کێشە جیهانییەکان و یەک لەوان قەیرانی ئابووری پێویستی بە هاوکاریی فرەلایەنە هەیە. ناوبراو لە وتەکانی دا باسی پێویستی لە داکۆکی مافی ژنان، کەمە نەتەوەکان، دیموکراسی بۆ هەموان و یەکسانیی کرد.

پاشان نوێنەرانی چەندین پارتی بەشدار لە کۆبوونەوەکە دا وتاریان لە سەر بابەتی «ئابووری جیهانی: پلاندانان بۆ بووژانەوەیەکی بەردەوام کە سوودی بۆ گشت لابێ» پێشکەش کرد.

جێگای ئاماژەیە کە لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکەمدا هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چاوی بەم بەرێزابە کەوتووە:

مام جەلال تاڵەبانی، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، عەبدوڵلا موهتەدی، « پیا لۆکاتێللی» سکرتێری ژنانی سوسیالیست ئەنتێرناسیۆنال، لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی ئەنتەر ناسیۆنالی سۆسیالیست، وەفدی حیزبی بە دە پە لە باکوری کوردستان، سەلاح بەدرەددین، سەباحەت تونجەل ئەندامی پارلمانی تورکیا لە سەر لیستەی حیزبی بە دە پە و ئەیوب دۆرود نوێنەری بە دە پە لە بروکسێل، پیەر مۆروا سیمای ناسراوی حییزبی سوسیالیستی فەرانسە وریبەری پێشووی ئەم حیزبە، کۆتلای ئەرک سکرتێری گشتیی حیزبی کۆماریخوازی تورکی قیبریس، جۆ بلینگهام بەرپرسی پێوەندییە ناونەتەوەییەکانی حیزبی کاری بەریتانیا.

دانیشتنەکانی ڕۆژی کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیە بە قسەکانی لویس ئایالا و باس لە سەر ئابووری جیهان و گیروگرفتە نێونەتەوەییەکان و ئاشتیی جیهانی دەستی پێ کرا.

پاش باس لە گیروگرفت و قەیرانە ئابوورییەکان، بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق وتارێکی سەبارەت بە بارودۆخی عێراقی ئەمڕۆ و تاوانەکانی ڕێژیمی پێشوو و هەروەها پرۆسەی ئازادیی عێراقی فیدڕاڵ پێشکەش کرد.

سەرۆک کۆماری عێراقی فیدڕاڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە وتەکانی دا باسی لە دۆخی هەرێمی کوردستان کرد و ئاماژەی بەوەدا کە هەرێمی کوردستان پێشکەوتن و ئارامییەکی گونجاوی تێدا هاتۆتە ئاراوە و ئێستا کە عێراقی فیدڕاڵ بە گشتی بۆتە هەرێمێک بۆ پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان و ئاسایش و گەشەی ئابووری ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندن دایە.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە گەڵ ژمارەیەکی دیکە لە هەیئەتەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا دیدار و چاوپێکەوتنیان ئەنجام دا.

لەو دیدار و باسانە دا بارودۆخی ئێستای ئێران کەتنە بەر باس و هەیئەتی حیزب لە سەر ئەو بابەتە پێداگر بوو کە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی‌دا شتێک بە ناوی مافی مرۆڤ بوونی نیە و بە تایبەت لەم ناوەدا گەڵی کورد بە بیانووی جۆراوجۆرەوە لە لایەن دەزگا ئەمنییەتییەکانەوە دەچەوسێتەوەو گیانی چالاکانی کورد لە مەترسی دایە .

جێگای ئاماژەیە کە لەو دانیشتنانە دا دەیان نوسخە لە ڕاپۆرتی ئامادەکراو لە لایەن کۆمیتەی دەرەوەی حدک لەسەر پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران و لیستی زیندانییان و لە سێدارەدراوانی کورد درایە کەسایەتی و نوێنەرانی وڵاتانی بەشدار بووی کۆبوونەوەکە.

دواتر هەیئەتی حیزب لە درێژەی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی لەگەل نوێنەرانی بەشدار جەختی لەسەر ئەو خاڵە گرینگە کردەوە کە کارکردن بۆ چالاککردنەوەی گرووپی کاری کوردان لە ناو ئەنترناسیۆنالدا پێویستییەکی گرنگ و هەنووکەییە و لەم پێوەندییەشدا هەیئەتی حیزب لە گەڵ هەر یەک لە بەڕێزان لویس ئایالا و مام جەلال کۆبۆوەو لە لایەن ئەوانەوە بەڵێنی ئەوە درا کە کاری جیددی بۆ بووژاندنەوەی گرووپی کاری کوردان بکرێ.

جێگەی ئاماژەیە کە لە کۆبوونەوەی ئەنترناسیۆنال دا نوێنەری یەکیەتتی لاوان چاوی بە ژمارەیەک لە نوێنەرانی یەکیەتیی لاوانی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی کەوت .

لە کۆتاییدا هەیئەتی حیزب بۆ نیوەڕۆخوانێک کە لە لایەن بەڕێز مام جەلالەوە ئامادەکرابوو بانگهێشتن کرا کە تێیدا هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوە کوردیانەی لە ئەنتر ناسیونالدا بەشدار بوون چاویان بە یەک کەوت و بە گشتی باسیان لە کۆمەڵێک ئاستەنگ و کێشەی بەردەم حیزبەکان کردەوە.

## کۆبوونەوەی کۆمیتەی هاوکاریی هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە گەڵ هێزە کوردستانیەکان لە دانمارک

حەوتووی رابردوو لە سەر داوای ڕەسمیی بەڕێوەبەری کۆمیتەی هاوکاریی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، هەموو هێزەکانی کوردستانی لە هەر چوار پارچەی کوردستان ، بۆ هاوکاری و هاوفکری لە سەر پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد و هەروەها ناساندنی ڕەوایی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بە کۆروکۆمەلە دانمارکییەکان و بەڕێوەبردنی هاوبەشی بۆنە نەتەوەییەکان، وەک سالرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ڕۆژی نەتەوەی نەورۆزو ساڵڕۆژی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە و ڕۆژی شەهیدان، لە دەوری یەک کۆبوونەوە.

ئەو کۆبوونەوەیە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان دەستی پێ کرد. دواتر کاک ڕەشید قازی وەک وتەبێژ و بەرێزان ئامانج و کاک شۆرش و خاتو شادی ئیبراهیم خاس وەک ئەندامانی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی هاوکاریی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەر گرینگیی هاوکاری هێزەکانی کوردستانی بەبێ سەپاندنی هێژمۆنی حیزبی و گرووپی و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان قسەیان بۆ بەشداران کرد.

پاشان هەرکام لە هێزەکانی کوردستانی بەنۆرەی خۆیان بەلێنیان دا بەکردەوە بۆ هاوکاری هەرچی زیاتر و پتەوترکردنی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد هەنگاوی کردەیی هەڵ بگرن و بۆ لەقاودانی جینایەتەکانی دوژمنانی کورد و ناساندنی کێشەی ڕەوای گەلی کورد هەڵویست و وتار و گوتاری هاوبەشیان لە گەڵ یەکتر هەبێ.

پیویستە بگوترێ کە کۆمیتەی هاوکاری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو حیزب و ڕێکخراوانە پێک هاتووە؛

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کۆمەلەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان ، سازمان خەباتی نەتەوایەتی کوردستان ، سازمان خەباتی شۆرشگێری کوردستان، پارتی ئازادی کوردستان ، یەکێتی خۆیندکارانی کوردستان، فوکوس، سازمان چریکە فەداییەکانی گەلی ئێران، باڵی زۆرینە، چاوەدێری کوردو سایت، چاک، یەکێتی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان پژاک، کۆنگرەی نەتەوەی کورد.

## بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی بلژیک و یەکیەتیی لاوان لە کۆبوونەوەی خانەی پارڵمانتارانی بلژیک لەسەر کورد

ڕۆژی سێشەممە ١٨ ی خەزەڵوەر هەیئەتێکی کومیتەی بلژیک بە سەرپەرستیی کاوە ئاهەنگەری و هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوان بە سەرپەرستیی سامان ئاراستەفەر بەشدارییان لە کۆبوونەوەی « تاوتوێ کردنی بارودۆخی کورد» لە خانەی پارڵمانتارانی بلژیک کرد.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە لە لایەن بەڕێز یان بخین، جێگری پێشووی سەرۆکی پارلمانی بروکسێلەوە بەڕیوە دەچوو، نوێنەری حیزبە کوردستانییەکانی « ب د پ» ی تورکیە، پارتی دێموکراتی کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی سۆسیال دێموکرات، حیزبی ئێتلافی نوێی ڤلاندرێن، ئاسیستانی بارت ستاس ئەندامی پارڵمانی ئوروپا، ئاسیستانی خانمی فریدا بریپولس ئەندامی پارڵمانی ئوروپا، نوێنەری حیزبی دێموکرات مەسیحی و چەند ڕۆژنامەوان و کەسایەتی سەربەخۆ بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

شایانی باسە هەر یەک لە حیزبە کوردستانییەکان سەرەتا لێکدانەوە و راپۆرتی خۆیان لە سەر کوردستان هێنایە بەرباس و دواتر لە لایەن بەشدارانەوە لە سەر ئەو راپۆرتانە ئاڵوگۆڕی بیرورا کرا.



لەم کۆبوونەوەیەدا، کاوە ئاهەنگەری وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی لەسەر دۆخی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران، کێشەی ناوەکی و کەیسی مافی مرۆڤ لە لای ئورووپاییەکان و چاوەڕوانی چالاکانی مافی مرۆڤ و روانگەی حیزبی دێموکراتی لەم پیوەندییەدا هێنایە بەرباس.

هەروەها راپۆرتی باردۆخی مافی مرۆڤ کە لە لایەن کومیتەی دەرەوە ئامادەکرابوو، پێشکەش بە بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە کرا.

— — — — — — —

## کۆنفڕانسی سێ ڕۆژەی "حکومەتی ناموتەمەرکز و فدڕالیزم" لە وڵاتی فینلاند بەڕێوە چوو

کۆنفڕانسی سێ ڕۆژەی "حکومەتی ناموتەمەرکز و فدڕالیزم" لە وڵاتی فینلاند بەڕێوە چوو

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٦ ی خەزەڵوەر کۆنفرانسی سێ ڕۆژەی "حکومەتی ناموتەمەرکز، فدڕالیزم، .... " لە شاری ئیسپۆی وڵاتی فینلاند دەستی بە کارەکانی خۆی دەستی بە کارەکانی خۆی کرد>

ئەم کۆنفڕانسە لە لایەن ئەنجومەنی توێژەرانی ئێران و بە هاوکاری ئەنیستیتۆی هونەر و بازرگانیی سکاندیناوی لە فینلاند و بە بەشداری نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسیەکانی کورد و ئێرانی پێک هات.

لەو کۆنفڕانسەدا هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستیی کاوە ئاهەنگەری، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ لایەنە ئێرانیەکان بەشدارن.

لە سەرەتای کاری کۆنفرانس دوکتور عەدلان پارسا، بەرپرسی ئەنیستیتۆی هونەر و بازرگانی سکاندیناوی باسێکی کورتی لەسەر کۆنفرانس و مەبەستەکانی ئەو کۆبوونەوەیە کرد.

پاشان دکتور حوسێن لاجەوەردی سەرۆکی ئەنجومەنی توێژەرانی ئێران راپۆرتێکی لەسەر چەند پرسی گرینگی وەک هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆماری و ڕۆڵی میدیا ئێرانیەکان لەم بارەوە پێشکەس کرد. دواتر کاک ڕەزا کەعبی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان باسێکی لەسەر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ڕێژیم بەرانبەر بە گەلی کورد لە ئێراندا پێشکەش کرد. لە بەشی دووهەمی بەرنامەی ڕۆژی یەکەمی کاری کۆنفرانس دا خانمی ڕۆئیا کاشفی راپۆرتێکی سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ پێشکەش کرد.

دکتور سیروس ئاموزگار یەکێکی تر لە بەشدارانی کۆنفرانس بوو کە لە وتارەکەیی خۆیدا ئاماژەی کرد بەوە کە کەس لە کەس ئێرانیتر نیە ئەگەرچی بەداخەوە کوشتنی غەیرە خودی لە ئێران دا بووەتە رەسمێکی سیاسی لە بابەت پێویستی ئاڵوگۆڕ لە ناو ئێراندا، دوکتور ئاموزگار وتی کە هەر کەس بە شێوازی خۆی دەیەوێ گۆڕان پێک بێنێت بەڵام کەس بە تەنیایی نەیتوانیوە بەرەو پێش بڕوات، بۆ داهاتووش هەموومان پێکەوە هەڵوێست دەگرین و لەبیرمان نەچێ کە تەحەمولی زوڵم هی هەموومان بووە. دکتور شەهریار ئاهی وەک دوایین وتاربێژی ڕۆژی یەکەم کە لە ڕێگای سکایپەوە بەشداربوو، لە وتارێکی کورتدا تەئکیدی لەسەر دیالۆگ وەک دەستپێکی چارەسەریی کێشەکان کرد.

لە ڕۆژی دووهەمی کاری کۆنفڕانس چەند لایەنێکی بەشداری ئەم کۆنفڕانسە و یەک لەوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندیی لە گەڵ شێوەی ئیدارەکردنی ئێرانی داهاتوو و جۆرەکانی بەرێوەبەریی وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران راوبۆچوونەکانی خۆیان خستە ڕوو.

بەرنامەکانی پانێلی یەکەمی ڕۆژی دووهەمی کۆنفرانس بە چەند وتەیەک لە لایەن ڕۆئیا کاشفی لە بابەت "ناساندنی تاریفی دەستەواژە سەرەکیەکان لە سەر بنەمای ستانداردە نێونەتەوەییەکان دەستی پێکرد. پاشان دوکتور گوڵمراد مرادی، کەسایەتیی سیاسیی کورد، یەکێک لە بەشدارانی ئەم کۆنفڕانسە باسەکەی خۆی هەر لەو پێوەندیەدا پێشکەش کرد.

دوکتور زیا سەدرولئەشرافی، وتەبێژی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، یەکێکی تر لە وتاربێژانی ئەم بەشەی کۆنفرانس بوو. پانێلی دووهەمی ڕۆژی دووهەمی بە وتەکانی عەلی رەزا ئەردەبیلی لە بزوتنەوەی فیدراڵ دێموکراتی ئازەربایجان دەستی پێ کرد. بابەتی ئەم بەشەی پانێل لە سەر ڕۆڵی زمانی هاوبەش و زمانی دایکی و زمانی پێشڤەچوون لە ئێرانی داهاتوودا بوو. دوکتور سەعید پەیوەندی، یەکێکی تر لە وتاربێژانی ئەو پانێلە بوو کە لە ڕێگای سکایپ و لە وڵاتی فەرانسەوە بەشدار بوو. دوکتور پەیوەندی وەک کارناسی بواری پەردوەردە باسەکەی تایبەت بوو بە گرینگی بارهێنان و فێرکردن بە زمانی دایک و لەم بارەوە وتی کە لە جیهان دا هیچ زمانێک نییە کە تەنیا لە یەک وڵات دا قسەی پێ بکرێ و هیچ وڵاتێک نییە کە تەنیا یەک زمانی هەبێ "ناسر بولیدەیی" لە حیزبی خەڵکی بەلووچستان دوا باسی ئەم پانێلەی پێشکەش کرد و لە وتەکانی دا تیشکی خستە سەر لایەنی فەرهەنگی و شوناسی خوێندن بە زمانی دایک.

پانێلی سێهەمی ڕۆژی دووهەمی کۆنفرانس تایبەت بوو بە حکومەتی ناموتەمەرکز، فیدرالیزم و کارکردی لە ناو ئێران دا. لەم بەشەدا سەرەتا "ڕەزا حسین بۆڕ" لە بەرەی خەڵکی بەلووچستان قسەی کرد و باسی لە دەسەڵاتی موتەمەرکزی ئێران لە زمانی دەسەڵاتی پاشایەتی و زەبروزەنگ لە سەر نەتەوەی بلوچ کرد.

"ئارەش دکلان" کە نەیتوانیبوو بەشدار بێ وتارێکی لەم بارەوە بۆ کۆنفرانس ناردبوو. پاشان دوکتور سیروس ئاموزگار دژ بە تاریفی باو لە سەر فیدراڵیزم قسەی کرد.

کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێکی تر لە وتاربێژانی ئەو پانێلە بوو. بەڕێز ئاهەنگەری بابەتەکەی لە ژێر ناوی ڕێکارەکانی تێپەڕین لە دەسەڵاتی موتەمەرکز پێشکەش کرد و لەم بارەوە باسی لە پێویستی هەبوونی قەرارادێکی کۆمەڵایەتی بۆ داهاتووی ئێران کرد و لەم بارەوە وتی کە بە هۆی نەبوونی ڕێککەوتنێکی تایبەت، لایەنەکانی ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە گەڵ یەک ناکۆکن بەڵام ئەوە بە هیچ جۆر بە مانای دوژمنایەتی لە گەڵ یەکتر نیە. لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ڕەخنەی لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی گرت و پێیوابوو کە ئەگەر

ل ٥

## بەشداری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان لە پاریس

**کوردستان:** ڕۆژانی٢١ و ٢٢ ی خەزەڵوەر کۆبوونەوەی ژنانی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال لە مەقەری حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە لە سولفێرینۆ ی پاریس بەرێوەچوو.

یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەیە، واتە پیا لۆکاتێللی بە فەرمی بانگهێشتی ئەو کۆبوونەوە کرابوو و بەرێزان سارا موحەممەدی و گوڵاڵە شەرەفکەندی وەک نوێنەر لە لایەن یەکیەتیی ژنان، کۆمیتەی دەرەوەی وڵات بەشدارییان تێدا کرد.



لە ڕەوتی بەرنامەکانی ٢ ڕۆژ کۆبوونەوەدا کۆمەڵە باسێکی جۆراجۆر سەبارەت بە کارتێکەریی قەیرانی ئابووری لە سەر وەزعی ژنان لە جیهاندا تاوتوێ کرا. گرینگترین پەیامی هەموو ژنانی بەشدار ئەوە بوو کە ئەگەرچی قەیرانی ئابووری کە ئەمرۆ بەرۆکی جیهانی گرتوە راستەوخۆ وەزعی ژنان کە فەقیرترین بەشی کۆمەڵگان خراپتر دەکا و ڕێژەی یارمەتیدان بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی چ لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و چ لە کۆمەڵگە هەژارەکان دادەبەزێنێ، بەڵام قەیران لە وڵاتانی جۆراجۆر بە پێی وەزعی ئەو وڵاتانە تاریف دەکرێن و ڕەنگە هەمووومان لە سەر ئەو بڕوایە نەبین کە گرینگترین قەیران ئەمرۆکە قەیرانی ئابوورییە. بەڵکوو هەژاری، کێشەی ژینگە، توندووتیژی، بێکاری، ئەمنییەتی جینسی، ئەیدز، کێشە و شەر، لەپەراوێزخرانی ژنان، تێرۆریسم، توندئاژۆیی ئیسلامی و هتد دەتوانی لە ناوچەیەکی دیکە وەک قەیرانی سەرەکی پێناسە بکرێ.

دانیشتنەکان لە ڕۆژی هەوەل بە قسەکانی پیا لۆکاتێللی کرایەوە و دواتر هارلم دێسیر سکرتێری بەشی میللیی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە لە بەخێرهێنانی بەشداراندا باسێکی لە سەر شێوەی کاری حیزبەکەی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی یەکسانی پێشکەش کرد و ئەوجار وەزعی ژنان لە وڵاتی فەرانسە و ئەو گرفتانەی دەبێ ڕێگا بۆ چارەسەریان بدۆزرێتەوە، شی کردەوە.

ئەوجار گائێل لێنفانت جێگری سەرۆکی بەشی مافی ژنان لە پارتی سۆسیالیستی فەرانسە باسی شێوەی هاوکاریی ئەوانی بۆ دەستبەرکردنی مافەکانی ژنان لە چوارچێوەی نێونەتەوەییدا بە گشتی و لە یەکیەتیی ئوروپا بە تایبەتی کرد.

دوایین کەس کە لەم بەشەدا قسەی کرد ژان کریستۆف کامبادێلیس بوو کە بەرپرسی بەشی نێونەتەوەیی پارتی سۆسیالیستی فەرانسەیە.

لە بەشی پانێلدا ٢ پانێلگێری هەبوون یەکەم زیتا گورمای کە نوێنەرە لە پارلمانی ئورووپا و بەرپرسی بەشی مافی ژنی پارتی سۆسیالیستی فەرانسەیە. ئەو بەڕێزە باسێکی لە سەر وەزعی ئەحزابی سۆسیالیست لە ئوروپا و کارتێکەریی هاتنە سەرکاری ئەحزابی دەستی راست لە ئورووپا لە سەر پرۆژەکانی ژنان و یەکسانی پێشکەش کرد.

پانێلگێری دووهەم خاتوو نەرمین عوسمان حەسەن بوو کە وەزیری ژینگەیە لە عێراق و هەروەها بەرپرسی بەشی وڵاتانی عەرەبی سەر بە سۆسیال ئەنتێرناسیۆناڵ. ناوبراو باسێکی لە سەر ژینگە و کارتێکەریی ئەو لە سەر وەزعی ژنان و گرفتەکانی ژنان لە عێراق پێشکەش کرد.

ڕۆژی دووهەم سەر لە بەیانی شانتال کامبیوا لە کامێرۆن کە پرێزیدەنتی بەشی ئەفریقی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالە، لە سەر وەزعی ئەو یارمەتییانە دوا، کە بۆ ئەفریقا دەنێردرێن و ئاماژەی بە گرنگیی گۆڕانکاری لە شیوەی کار و بۆچوونمان سەبارەت بە بەهێزتر کردنی ژنان کرد. ئەوجار لۆردێس کێۆنۆنێس لە مێکزیکۆ را باسی کارتێکەریی قەیرانی ئابووری لە سەر وەزعی ژنانی ئامریکای لاتینی کرد.

دانیشتنی دوانیوەڕۆ بۆ باسی بەرپرسی بەشەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئەو بەشانە تەرخان کرابوو. خاتوو ئەنتیگۆنی کارالی دیمیتریادی بەرپرسی بەشی مێدیتەرانە، قەفقاز و رۆژهەڵاتی ناوەراست لەسۆسیال ئەنتێرناسیۆنال کە نوێنەرایەتیی حیزبی پاسۆکی یۆنان دەکا ژنانی وڵاتانی سەر بەو بەشەی لە خۆی کۆ کردەوە و وەک باسی سەرەکی چۆنیەتی کار پێکردن بە بڕیارنامەی ١٣٢٥ ی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەو بەشەدا هێنایە گۆرێ و پێداگر بوو کە ئێمە دەبێ پرۆژە و پلانمان هەبێ لەو وڵاتانە بۆ کار کردن بەو بڕیارنامەیە وڵاتانی بەشدار لەو بەشەدا بریتی بوون لە ئیسرائیل، فەلەستین، لوبنان، عێراق، پاکستان، مەغولستان، تورکیە، ئێران، یۆنان وئەرمەنێستان.

لە بەشی دوایی دانیشتنەکاندا نۆرەی نوێنەرانی ڕێکخراوە بەشدار بووەکان بوو کە باسی خۆیان لە سەر وەزعی ژنان لە ولاتی خۆیان ، لە حیزبەکانیاندا و پێشنیاریان بۆ کارەکانی داهاتوو بخەنە ڕوو. لەو بەشەدا گوڵاڵە شەرەفکەندی وێرای ئاماژە بەو بڕیارنامەیە کە لە لایەن سۆسیال ئەتێرناسیۆناڵ بۆ باس لە سەر ئێران ئامادە کراوە، کەم و کوورییەکانی ئەو بڕیارنامەیەی دەست نیشان کرد و ڕەخنەی خۆی سەبارەت بە لە بیر کردنی گرفتەکانی ژنی کورد لە ئێران و تەنیا ناوبردنی کەمایەتییەکان هێنایە گۆڕێ.

لە دوایین بەشی کاری دانیشتنەکان ٤ بڕیارنامە پەسند کران کە یەکێک لەوان سەبارەت بە ئێران بوو، یەکێکی دیکە سەبارەت بە زەرورەتی گیرانی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنان ١٥ ساڵ دوای کۆبوونەوەی پێکەن بوو، سێهەمیش سەبارەت بە دۆزینەوە ڕێگاکانی لە کار کردنی بڕیارنامەی ١٣٢٥ بوو، قەتعنامەی چوارەم پێشنیارەکانی ڕێک و پێکردنی ئەساسنامەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنانی لە خۆ دەگرت.

# پێویستیی یەکدەنگیمان بۆ پشتیوانی لە بەندییە سیاسییەکانی کورد

سمایل زارعی

ڕووداوەکانی یەکەم ڕۆژەکانی پاش هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی و بەردەوامی ناڕەزایەتییەکان و هاتنە شەقامی ناڕازییان و تێکهەڵچوونی تووند و پڕ لە کارەساتەکانی خەڵک و هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە تایبەتی بەسیج سەرنجی دنیای بە شێوەیەک بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو کە ڕێژیم هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ ئەوەی لە لایەک بەر بە دزە کردنی کەمترین هەوال لە بارودۆخی نێوخۆی وڵات بۆ ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتی ئێران بگرێ و لە لایەکی دیکەوە هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ سەرکوت و کپ کردنی ناڕازییەکان. ڕەنگە یەکێک لەو گومانانەی کە بۆ زۆر کەس لەو کاتەدا هاتبێتە پێش ئەوە بوو بێ کە ڕەنگە ڕێژیم بۆ ئەوەی چیدیکە خۆی تووشی ئەزموونێکی تاڵی لەو چەشنە نەکاتەوە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدا لە شارەکانی ناوەند و بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە هەم بۆ خەڵک و هەم دەوڵەت زۆر گرینگن کۆنترۆڵێکی زۆر بسەپێنێ و هەرچۆنێک بێ لەو شوێنەی لێی دراوە پینەی بکاتەوە و گومان لەوە دەکرا کە چیدیکە فشارەکان لە سەر هێندێک شوێنی وەکوو کوردستان کەم بێتەوە و ڕێژیم زۆرتر فشارەکانی لە سەر ناوەند کۆ بکاتەوە، بەڵام هەر وەک هەمووان دەزانین بە پێچەوانەی ئەو گومانە هەر پاش ماوەیەکی زۆر کورت لە دوای ئەو ڕووداوانە و بە تایبەتی لەو کاتەوە کە بەڕواڵەت ناڕازییەکان دامرکاونەوە و ڕێژیم توانیویەتی سەرکوتیان بکا شەپۆلێکی تازەی گرتن و دەست بە سەرکران و فشار خستنە سەر خەڵکی کوردستان و لەوان دا بە تایبەتی بۆ سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد زیاتر و زیاتر بوو.

هەرچەندە ناتوانین بە ڕوونی ئەوە بسەلمێنین کە هۆکار و یان بیانووی سەرەکی ڕێژیم بۆ گرتنە بەری ئەم سیاسەتەی ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی دەورەی دەیەم بووە بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ڕابردووی سی ساڵەی ئەم ڕێژیمە ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەم ڕێژیمە هەرچەندە هەمیشە بە شێوەیەکی بەردەوام فشاری بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد هێناوە بەڵام زۆر جاری وا هەبووە پاش ڕووداوێک یان لە ڕوانگەی خۆیانەوە لە بەر هۆیەک یان بە هۆی قۆناغێکی تایبەتی ڕادەی ئەم فشارە زۆرتر بووە یان شێوازەکەی گۆڕاوە. هەر وەک ئاماژەمان پێدا بۆ نموونە لە دوای هەڵبژاردنەکانی دەورەی دەیەمی سەرۆک کۆماری کە لەودا کودەتا لە خەڵکی ئێران کرا و مەحموودی ئەحمەدی نەژاد لە پۆستی سەرۆک کۆماری دانرایەوە هەرچەندە ناڕازەیاتییەکان لە شارە گەورە و ناوەندییەکانی ئێران دا خۆی دەنواند بەڵام هەر ماوەیەک دوای ئەو ڕووداوانە ڕژیم لە کوردستان دەستی کرد بە ئێعدام کردنی کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و مەدەنی کورد و ڕێژەی گرتن و زیندانی کردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قورستر بوو. بە جۆرێک کەشی کوردستان لە جاران، واتە پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری، زیاتر ئەمنییەتی کرا و وای لێهات کە لە زۆر شاردا کەشێکی تەواو پڕ لە ترس و نیگەرانی بە سەر ئەو شارانەدا زاڵ بێ. جگە لەم سیاسەتە هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ڕێژیم فشارێکی زۆری خستۆتە سەر زیندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد لە زیندانەکان دا، بە چەشنێک کە ڕێژەی دەرچوونی ئێعدام و تاوانبار کردن بە چەندین ساڵ و کوشتنی گوماناوی زیندانیان و چارەسەر نەکردن لە باری تەندرووستی و پزیشکیەوە یان تەنانەت پێڕانەگەیشتن لە زیندان دا یەکجار زۆر بووە و بۆتە دیاردەیەک کە ڕۆژانە هەواڵی جۆراوجۆرمان لەو بارەوە بەر گوێ دەکەوێ. لەم نێوەدا بەداخەوە زۆرێک لەو هەواڵدەرییانەی کە کاتی هەڵبژاردنەکان و دوای هەڵبژاردنەکانی دەورەی دەیەمی کۆماری ئیسلامی زۆر چالاک بوون و کەمتر هەواڵێک هەبوو کە بڵاوی نەکەنەوە بەداخەوە لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا زۆر کەمکاری دەکەن و بە بەڕاستی وەک پێویست گرینگی بەو بابەتە نادەن، ئەم دیاردەیە بە تایبەتی لە ناوەندە هەواڵدەرییە فارس زمانەکان یان هێزە سیا سییە کا نی فارس زمان دا یەکجار بەرچاو دەکەوێ. دەبێ ئەو ڕاستییەش قەبووڵ بکەین کە هەواڵدەری کورد زمان و هێزە سیاسییەکانی کوردزمانیش بەداخەوە وەک پێویست نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی گونجاو واقعییەتی ئەو کەشەی کوردستان بگوازنەوە بۆ بەردەم بیرو ڕای جیهان یان بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستە دەنگی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد و زیندانیانی کورد بگەیەندرێتە جێ.

شکی تێدا نیە کە خودی مەسەلەی گرتنە بەری ئەم سیاسەتە و کەم کاری میدیای غەیری کورد خۆی کۆمەڵێکی زۆر پرسیارمان لە لا دەخولقێنێ کە ڕەنگە هەر لە جێدا بتوانین کورتە وڵامێکیان بۆ بدۆزینەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوانەش دا لێرەدا کۆمەڵێک پرسیار دیکەشمان بۆ دێتە گۆڕێ، لەوان بۆ وێنە، ئایا ڕێژیم بۆ ئەوەی دیدی دنیا لە ناوەندەوە بگوازێتەوە بۆ کوردستان ئەم چەشنە سیاسەتەی گرتۆتە بەر؟ ئایا ڕێژیم دەیهەوێ بەم کارەی لە ناوخۆی وڵات بە ناڕازییان بڵێ کە چارەنووسی ئەوانیش هەر زیندانی کران و دواجار ئێعدام و فشار خستنە سەریانە؟ ئایا ڕژیم کوردستان بە ئاڵقەی لاوازی خەڵک لە چوارچێوەی ئێران دا دەبینێ و لەو ڕێگایەوە دەیهەوێ فشارەکان لە سەر خۆی کەم بکاتەوە؟ ئایا ڕێژیم نیگەرانە لەوەی لە کوردستان ڕۆشنبیری سیاسی هەیە و ئەگەری ئەوە هەیە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد لەو بەشە لە ئێران کەڵک لە کەشی ناڕەزایەتی وەرگرن و هەوڵی ڕاپەڕینی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن؟ ئایا کوردستان بە هۆی پێشینەی بەهێزی ناڕەزایەتی دژی کۆماری ئیسلامی لە جێدا بۆتە مەبەست و ئامانجێک بۆ سەرکوتی بەردەوامی ڕێژیم؟ و دەیان پرسیاری دیکەمان لەو بارەوە بۆ دێتە گۆڕێ.

هەر وەک باسمان کرد پرسیارەکان لەم بارەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئەوانەی ڕۆژانە سەرقاڵی سیاسەتن زۆر پێویستە، بەلام بۆ خەڵێک کە تاڕادەیەک دوورە لە ناوەندی سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆنەکان و یان بێ لایەنی خۆی ڕاگەیاندوە و یان بە جۆرێکی دیکە و لە چوارچێوەیەکی دیکە چالاکی سیاسی خۆی دەکا کۆمەڵێک پرسیار و یان گومانی گەورەی بۆ دروست دەبێ کە بە بڕوای ئێمە پێویستە گرینگی تایبەتی خۆیان پێ بدرێ. لەوان بۆ نموونە، ئایا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەدا پێویستە چی بکەن کە چیدیکە ڕێژیم نەتوانێ بەو شێوەی خۆی دەیهەوێ و مەبەستیەتی ئەو سیاسەتە بگرێتە بەر؟ ئەرکی ڕاستەقینەی ئۆپۆزیسیۆن لە بەرامبەر چالاکانی مەدەنی و سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا چیە؟ ئایا ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێ تەنیا بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی گیران و زیندانی کران و یان ئێعدام کرانی چالاکانی سیاسی کورد و یان پشتڕاستکردنەوەی هەواڵی ئەندامەتی ئێعدامکراوێکی زیندانی بە دەستی جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی چ کارێک بۆ ئەم چالاکانە بکات کە بتوانێ هەم بارودۆخی ئەوانی بەرەو باشی بردبێ و هەم توانیبێتیان ڕێژیم ناچار بکەن دەستی لە پیادەکردنی زیاتری ئەو سیاسەتە کورت بێ و یان ناچاری بکەن بە جۆرێک دەست لەو سیاستە هەڵگرێ؟ و ئایا ئەم بابەتە تا چەند توانیویەتی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەوری یەکتری کۆ بکاتەوە و ئەو پرسە بووبێتە تەوەرێک بۆ هۆیەک ئەوەی ریزەکانی خەڵکی زیاتر پێ پتەو بکەن و شەپۆلی ناڕەزایەتی دژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان زیاتر ڕێک بخەن؟

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە کە بەداخەوە لە دوای پرش و بڵاوی هێزە سیاسییەکانی کورد پرسی یەک دەنگ نەبوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد یەکێکە لەو بابەتانەی کە کاردانەوەی خراپی لە سەر هەموو لایەنەکانی بارودۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات هەبووە. هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا کە ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانی لە ناو قەوارەیەکدا یەکڕیزی خۆی بپارێزێ و تووشی دابڕان هات گومان و پرسیار و دواجار داوای تەبایی و پێک هێنانی بەرەمان بۆ هاتۆتە پێش و ئێستاش بە دوای پێک نەهاتنی بەرەش پرسیار و داوای یەکدەنگ لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی کورددا دانراوە. بۆ نموونە ئایا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن تا چەندە دەتوانن یەک دەنگ بن لە بەرامبەر ئەم چەشنە سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامیدا و تا چەند دەتوانن بە یەکەوە و یەک دەنگ و یەکخراو سەنگی کورد لەو بارەوە بخەنە بەر دیدی دنیا و کاریگەری خۆیان لەو بارەوە بسەلمێنن؟ و هەر ئەوەش داوایەکی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانە و دواجار ڕەنگە ببێتە ئامانجێکی ئەو خەڵکەش. ڕەنگە خراپمان نەگوتبێ کە یەکێک لە هۆکارەکانی زۆر فشار خستنە سەر چالاکانی مەدەنی و سیاسی و بە گشتی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتەبایی و یەک نەگرتووبوونی هێزە سیاسییەکانی کورد بێ. لە دەیەی هەشتادا بە داخەوە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پرش و بڵاوی و جیابوونەوە و لەتبوونی جۆراوجۆری بەخۆوە بینی کە هەموو کەس دەزانێ لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کورد بتوانن لە بەرەیەک دا کار بکەن و یەک دەنگی خۆیان ڕابگەیەنن هێشتا دەتوانێ هێزی ئۆپۆزیسیۆن هەم بە دیوی نێوخۆ و هەم بە دیوی دەرەوەی وڵات زیاتر و زیاتر بێ، بەڵام هەر وەک ئاماژەمان پێدا زۆر بەداخەوە هەتا ئێستاشی لەگەل بێ بەرە کە داوایەکی خەڵکی کوردستان و زەروورەتێکی ئێستای بزووتنەوەی گەلی کوردە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی دژی کۆماری ئیسلامیدا پێک نەهاتووە.

ئێستا کە بە داخەوە نە هێزەکان توانیویانە یەکڕیزی حیزبی خۆیان بپارێزن و نە حیزبەکان توانیویانە لە بەرەیەک دا یەک دەنگ بن، لانیکەم پێویستە ئۆپۆزیسیۆن لە سەر کۆمەڵێک بابەتی وەک فشارخستنە سەر چالاکانی مەدەنی و سیاسی کورد، گیران و زیندانی کرانیان، ئێعدام کرانیان و کاولکردنی کوردستان و پێڕانەگەیشتنی لە هەموو بارێکەوە و هەڵاواردن لە هەموو بارێکەوە و یان زۆر بابەتی یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بن و دەتوانن بەم شێوەیە سەنگ و قوورسایی خۆیان لەو بارەوە زیاتر نیشان بدەن.

پێویستە بڵێین هەرچەندە ئەوە بابەتێک نیە کە بۆ یەکەمجار باسی بکرێ و یان بمانەوێ ئەزموونی بکەین، بەڵکوو نموونەی ئەو ئەزموونەش لە بزووتنەوەدا هەبووە و هەموومان دەزانین کە کاردانەوەیەکی یەکجار باشی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دا هەبووە. ئێستاش و لەم قۆناغەدا کە دەزانین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شەپۆلی فشارخستنە سەر چالاکانی مەدەنی و سیاسی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ و ڕژیم وادیارە بۆ پیادە کردنی ئەم سیاسەتەی دەست لە هیچ چەشنە جەنایەتێکیش ناپارێزێ با هێزەکانی سیاسی کورد لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا بتوانن لە دەوری یەکتری کۆ ببنەوە و بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوی هاوبەش و یان پەیڕەو کردنی سیاسەتێکی گونجاو و پێویست بۆ وڵامدانەوە بەم سیاسەتەی ڕژێم هەم دەنگی زیندانیان و چالاکانی سیاسی کورد لە ئاستی دنیادا بەرز بکەنەوە و هەم بتوانن پشتیوانێکی باش بن و زیندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد و هەم ڕژیم ناچار بکەن دەست لەم سیاسەتە هەڵگرێ کە هەرچەندە دەرکەوتووە ئەم ڕژێمە هیچ کاتێک دەست لەم سیاسەتە هەڵناگرێ بەلام خۆ لانیکەم دەکرێ بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ فشارەکان لە سەر کوردستان و بە تایبەتی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد کەم بکرێنەوە. لانیکەم ئەم باتە با ببێتە هۆیەک بۆ زیاتر نزیکبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بتوانین خەڵکی وڵاتەکەمان چی دیکە لەو بارودۆخە ڕزگار بکەین کە لە دەیەی هەشتادا لە لایەک بە هۆی فشاری زۆری کۆماری ئیسلامی بۆ سەریان و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی لێک دابڕان و پرش و بڵاوی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد تووشی هات.

دەرکەوتووە هەتا ئێمەی کورد وەک کورد لە سەر مافەکانمان وەدەنگ نەیەین هیچ لایەنێکی دیکە لە چوارچێوەی ئێران دا لە سەر مافی کورد وەدەنگ نایە. ئەم ڕاستییە بۆ پرسێکی وەک گوشار خستنە سەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر بە هەمان شێوەیە. هەتا هێزە سیاسییەکانی کورد یان ناوەندەکانی هەواڵدەری (بە تایبەتی کە زۆربەی هەواڵدەرییەکان بە جۆرێک یا حیزبین یان سەر بە لایەنێکی سیاسین) نەتوانن دەنگی گەلی کورد بگەیەننە بەر گوێی جیهانیان کەم وا هەیە لایەنێکی دیکە بە زمانێکی دیکەوە و بە ڕوانگەیەکی دیکەوە بێ و داکۆکی لە سەر ئەو مافانە بکا و ئەو مەسەلەیە زەق بکاتەوە و گرینگی تایبەتی پێ بدا. هەر بۆیە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کورد زۆر پێویستە کە لەو پەیوەندییەدا زۆر بە جیددی هەوڵەکانی خۆی یەکانگیر بکات کە بتوانێ پشتیوانێکی باشیش بێ چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە نێوخۆی وڵات و هەم بتوانێ دەنگی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد بێ لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا.



**لانیکەم پێویستە ئۆپۆزیسیۆن لە سەر کۆمەڵێک بابەتی وەک فشارخستنە سەر چالاکانی مەدەنی و سیاسی کورد، گیران و زیندانی کرانیان، ئێعدام کرانیان و کاولکردنی کوردستان و پێڕانەگەیشتنی لە هەموو بارێکەوە و هەڵاواردن لە هەموو بارێکەوە و یان زۆر بابەتی یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بن**

# ئانگ سان سوکی، سەمبولی خەباتی هێمنانە

ب . هانا

«ئەوە دەسەڵات نییە کە دەبێتە هۆی گەندەڵی، بەڵکوو ترسی لەدەستدانی دەسەڵاتە وادەکا ئەو کەسەنەی لە دەسەڵاتدان پەنا بۆ هەرجۆرە گەندەڵییەک ببەن و پێ لە ویستەکانی خەڵک بخشێنن».

**ئانگ سان سوکی**

«میانمار»، ئەو وڵاتە بچووکەی کە پێشتر بە «بێرمە» بە ناوبانگ بوو، دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا. میانمار هەتا ساڵی ١٩٤٨ موستەعمەرەی بریتانیا بوو. ئەم وڵاتە دەکەوێتە ناوچەی نێوان بانووی تەبەت و شێوە دوڕگەی «مالی» و بە پێی دوا سەرژمێری، ژمارەی دانیشتووانی لە ٤٠ میلیۆن تێدەپەڕێ. میانمار خاوەنی یەکێک لە لاوازترین ئابوورییەکانی ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە. لە ساڵی ١٩٩٠ەوە و تەنانەت پێشتریش، دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بەدەست نیزامییەکان بووە.

ناوی «میانمار» لەمێژساڵە بە ناوی «ئانگ سان سوکی»یەوە گرێ دراوە. هەریەک لەم دوو ناوە ئەوەی دیکە وەبیر دێنێتەوە. ئانگ سان سوکی جگە لەوەی بۆخۆی ڕێبەری بزووتنەوەی دێموکراسیخوازانەی وڵاتەکەیەتی، باوکیشی «ئانگ سان» قارەمانی سەربەخۆیی بێرمەیە. «ئانگ سان»ی باوکی ژێنێراڵێکی ئەرتەشی بوو کە دوای چەندین ساڵ خەبات لەگەڵ داگیرکەرانی ژاپۆنی و ئینگلیزی، ساڵی ١٩٤٧ بە نوێنەرایەتی لە لایەن سەربەخۆیی خوازانی بێرمە، بۆ وتوویژ و بە مەبەستی باس و ڕێککەوتن لەسەر مەرجەکانی جیابوونەوە، لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیا، کەوتە دانوستان. ساڵێک دواتر، ئەو کاتەی کچەکەی دوو ساڵان بوو تیرۆر کرا.

«ئانگ سان سوکی»، ڕێبەری ئێستای بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی میانمار، ناوی باوکی خۆی لە ناوەکانی باوک و نەنک و دایکی وەرگرتووە. "ئانگ سان»ی لە ناوی باوکی، «سو»ی لەناوی نەنکی و «کی»ی لە ناوی دایکی وەرگرتوە. دایکیشی بە یەکێک لە رووما دیار و چالاکەکانی گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتەکەی دەژمێردرا. «کی»، دایکی ئانگ سان سوکی، دوای تیرۆری مێردەکەی، هەروا درێژەی بە تێکۆشانی سیاسی داو لە دەیەی ٦٠ی زایینی دا لە باڵوێزخانەکانی بێرمە لە وڵاتانی هێند و نیپاڵ، کۆمەڵێک کارو ئەرکی دیپلۆماتیکی جێبەجێ کرد

«ئانگ سان سوکی» ساڵی ١٩٤٥ لە شاری «رانگۆن»ی بێرمە لە دایک بووە. باوکی بناغەدارێژی ئەرتەشی بێرمە بوو کە لە گەرمەی وتوویژ لەگەڵ بریتانیا بە مەبەستی سەربەخۆیی وڵاتەکەی بە دەستی رەقەبەرەکانی کوژرا. لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی بێرمەدا، دایکی «ئانگ سان» وەک باڵوێزی وڵاتەکەی لە هیند و نیپاڵ دیاری کرا. «ئانگ سان» کە لەو سەردەمەدا خەریکی خوێندن بوو، خوێندنی لە بوارەکانی فەلسەفە، زانستی سیاسی و ئابووری دا درێژە دا. ساڵی ١٩٦٩ لە خوێندن بۆوە و بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە نیۆیۆرک نیشتەجێ بوو و لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی بە کار کرد. ساڵی ١٩٨٥ «ئانگ سان» لە کۆلێژی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵات و ئەفریقای زانکۆی لەندەن پلەی دوکتوڕای وەرگرت. ساڵی ١٩٨٨ گەڕایەوە بێرمە و بزووتنەوەی لایەنگرانی دێموکراسیی بنیات نا.

«ئانگ سان سوکی» ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ دوکتور مایکل ئاریس ژیانی هاوبەشی پێکەوەنا و بوون بە خاوەنی دوو منداڵ. ئانگ سان بە ڕێکەوت تووشی کاری سیاسی بوو. ساڵی ١٩٨٨ کاتێک بۆ سەردانی دایکە نەخۆشەکەی گەڕابۆوە بێرمە، ژێنڕاڵ «نەوین» سەرۆکی نیزامیی بێرمە مرد و ئەو ڕووداوە بوو بەهۆی پێکهاتنی خۆپێشاندانی بەرینی خەڵکی داواکاری دێموکراسی.

لە ٨ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٨٨دا، خۆپێشاندانەکان بەتوندی سەرکوت کران. لە ٢٦ی ئاگۆست دا خاتوو ئانگ سان لە وتارێکدا کە لە بەرامبەر نیو میلیۆن خەڵک پێشکەشی کرد، داوای پێکهاتنی حکوومەتێکی دێموکڕاتیکی هێنایە گۆڕێ. لەمانگی سێپتامبردا تاقمێکی نیزامی نوێ، دەسەڵاتیان گرتە دەست. لە ٢٤ی



سێپتامبردا «یەکیەتیی نەتەوەیی بۆ دێموکراسی» بنیات نرا و «ئانگ سان سوکی» وەک سکرتێری گشتیی ئەو یەکێتییە هەڵبژێردرا. لە ٢٠ی جولای ١٩٨٩وە «ئانگ سان» دەستبەسەر کرا و پێی ڕاگەیەندرا کە دەتوانێ وڵاتەکەی بەجێ بێڵێ. بەڵام «ئانگ سان» ئەم پێشنیارەی ڕەت کردەوە.

دەسەڵاتدارانی نیزامیی میانمار، لە ساڵی ١٩٩٠ هەڵبژاردنێکی گشتییان بەڕێوە برد. لەو هەڵبژاردنەدا، «یەکیەتیی نەتەوەیی بۆ دێموکراسی» لەسەدا ٥٩ی سەرجەمی دەنگەکانی بەدەستهێنا و لە سەدا ٨٠ی کورسییەکانی پارلەمانی کردە هی خۆی. بە پێی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە، دەبوایە خاتوو «ئانگ سان» پۆستی سەرۆک وەزیرانی پێ سپێردرابا. بەڵام تاقمی دەسەڵاتدار، ئاکامەکانی هەڵبژاردنیان هەڵوەشاندەوە و لە سپاردنی دەسەڵات بە براوەی هەڵبژاردن خۆیان پاراست. ئەم کردەوەیە نارەزایی بەرینی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لێ کەوتەوە. دەسەڵاتدارانی نیزامیی وڵات «ئانگ سان»یان لە ماڵەکەی خۆی دا دەسبەسەر کرد.

لەو کاتەوە تا ئێستا خاتۆو «ئانگ سان سوکی» زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە تەمەنی لە دەست بەسەری و بەندیخانەدا تێپەڕ کردوە، گەرچی هێندێک جاریش بۆ ماوەیەکی کورت تامی ئازادیی چێشتوە. لەو ماوە کورتانەدا، کە ڕێگای هاتنەدەر لە بەندیخانەیان پێداوە، هیچکات لە هەڕەشە و گوشاری دەسەڵاتدارانی نیزامی لە ئەمان دا نەبووە. لە مانگی مای ٢٠٠٣دا کاتێک «ئانگ سان سوکی» بۆ دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکی لادێ سەفەری بۆ باکووری وڵاتەکەی کردبوو، خۆی و کاروانەکەی کەوتنە بەر هێرشی بەکرێگیراوانی تاقمی دەسەڵاتدار. لەم هێرشەدا چەندین کەس لە لایەنگرانی «ئانگ سان»کە بۆ پارێزگاری لە گیانی ئەو خاتوونە، لە نێو خۆیان گرتبوو، کوژران و بریندار بوون. دەسەڵاتی وڵات لەجیاتی لێپرسینەوە لەو هێرشە، ئازادی «ئانگ سان سوکی» هەڵوەشاندەوە و ناردیەوە بۆ بەندیخانە.

سوکی و لایەنگرانی، بناغەی خەباتی خۆیان لەسەر خۆبواردن لە توندوتیژی دانــاوە. ئەوان لەم بارەیەوە، لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی خەباتی بە دوور لە توندوتیژیی گاندی دان. «ئانگ سان سوکی» بەکردەوە دەریخست کە خاوەنی ئەو بڕوا پتەو و ئازایەتییە سەرسوڕهێنەرەیە کە بۆ ئەم جۆرە خەباتە پێویستە. بۆ وێنە کاتێک لە دەیەی ٩٠دا لە ماڵەکەی خۆی دەستبەسەر بوو، مێردەکەی، «مایکل ئاریس» تووشی شێرپەنجە بوو. ئەم مامۆستایەی زانستگە کە لە دەرەوەی بێرمە دەژیا، ٣ ساڵی تەواو لەگەڵ مردن لە بەربەرەکانی دابوو. دەسەڵاتدارانی نیزامیی بێرمە ڕایانگەیاند ئامادەن ڕێگا بە ئانگ سان بدەن بۆ دیداری مێردەکەی سەفەری دەرەوەی وڵات بکا. بەڵام «ئانگ سان» ئەم پێشنیارەی قەبووڵ نەکرد، چونکە دەیزانی ئەگەر سەفەری دەرەوەی وڵات بکا، دوایە ڕێگای نادەن بگەڕێتەوە. بەم جۆرە بێ ئەوەی مێردەکەی، بۆ دواجار ببینێ، بە یەکجاری بەجێی هێشت.

«ئانگ سان سوکی» بە بۆنەی شێلگیری و خۆڕاگری لە خەباتی دێموکراسیخوازانە و داکۆکی لە داخوازەکانی خەڵکی میانماردا، هەتا ئێستا چەندین خەڵاتی گرینگی جیهانی وەرگرتوە. ساڵی ١٩٩٠، خەڵاتی ساخارۆف، ساڵی ١٩٩١، خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل و ساڵانی دواتریش ئەم خەڵاتانەی وەرگرتوە:

١٩٩١، خەڵاتی سیمون دوبوار

١٩٩٣، خەڵاتی جەواهێر لەعل نەهرۆ

٢٠٠٢، خەڵاتی بنیاتی کولتووریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (یونسکۆ)

٢٠٠٥، خەڵاتی ئۆلاف پالمە

٢٠٠٧، خەڵاتی شارۆمەندی جێی شانازیی کانادا

٢٠٠٧، خەڵاتی زێرینی کۆنگرەی ئامریکا.

٢٠٠٩، خەڵاتی نێونەتەوەیی مهاتما گاندی بۆ ئاشتی

٢٠٠٩، دوکتوڕای شانازیی زانستگەی ئۆلێستەر سەبارەت بە خزمەتەکانی ئەو خانمە بە مافی مرۆڤ

٢٠٠٩، خەڵاتی باڵوێزی ویژدان لە لایەن ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردنەوە.

خەباتی هێمنانە و بەدوور لە توندوتیژیی خاتوو «ئانگ سان سوکی» و لایەنگرانی لە پێناوی دێموکراسی و مافی مرۆڤدا، تەنگی بە دەسەڵاتی نیزامیی بێرمە هەڵچنیوە. هەڵبژاردنێکی ڕواڵەتی کە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لەم دوایانەدا بە مەبەستی کەمکردنەوە لە نارەزایەتییەکانی نێوخۆو دەرەوە، بەڕێوەی برد، لەگەڵ تەحریمی گشتی بەرەوڕوو بوو. هەر بۆیە لە ئاستی جیهانیشدا، کەوتە بەر لۆمە و ڕەخنەو، ڕەوایی ئەو دەسەڵاتەی ئەوەندەی دیکە، هێنایە ژێر پرسیار. ئازادکردنی خاتوو «ئانگ سان سوکی» لە نوامبری ئەمساڵدا بەشێکە لەو هەوڵانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بێرمە بۆ ڕزگار بوون لە تەنگەشەی نێوخۆیی و دەرەوە گرتوویەتەبەر. بەڵام بۆ ڕزگار بوون لە قەیرانی چەندین ساڵەی سەرچاوەگرتوو لە دیکتاتۆری و نەبوونی دێموکراسی، شتێکی گەورەتر لەم هەنگاوانە، لە دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە دەخوازێ: ملدان بۆ ئیرادەی خەڵک.

**سەرچاوە** : ١_ نماد استواری و پایداری، شهباز نخعی. سایت عصر نو، ٢٦آبان ١٣٨٩

٢_ روح گاندی و ماندلا در کالبد یک زن، مازیار خسروی. سایت ایران امروز، ١٦نوامبر ٢٠١٠

درێژەی:

## کۆنفڕانسی سێ ڕۆژەی "حکومەتی ناموتەمەرکز و فدڕالیزم" لە وڵاتی فینلاند بەڕێوە چوو

ئەو قانوونە سەداسەدیش جێبەجێ بکرێ، هێشتا بە تەواوی دژایەتی هەیە لە گەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ. چونکە هیچ پێوەندیەکی لە گەڵ واقعیەتە جۆراوجۆرەکانی ئەمڕۆی ئێران دا نیە. بەڕێز ئاهەنگەری لە کۆتایی وتەکانیدا باسی لە نامەشروع بوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە تایبەت لە کوردستان دا کرد و لەم بارەوە ئاماژەی بە بەشداری نەکردنی زۆرینەی گەلی کورد لە ڕێفراندۆمی " آری بە جمهوری اسلامی" و سەرکوت و کوشتاری سیستماتیکی خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە کرد.

مەجید حەقی، یەکێکی تر لە وتاربێژانی ئەم پانێلە بوو کە لە باسەکەی دا داکۆکی لە سیستمی فیدرالیزم کرد و پێیوابوو کە پتر لە ٤٠٪ی خەڵکی جیهان لە سایەی حکومەتی فیدراڵ دا دەژین و وتیشی کە فیدرالیزم هەم لە یەکگرتنی دەوڵەتە بچووکەکان و هەمیش لە ئەنجامی دابەشکردنی دەسەڵات پێک دێ.

هەر لەم بەشەی پانێل دا، "ڕەئوف کەعبی" لە ئیتیحادی فیدائیانی خەڵکی ئێران، باسی لە گرینگی خەبات هاوکات بۆ هەر سێ پێویستیی گەڕانەوە بۆ دەنگی گشتی، دابین کردنی مافی بەرابەری ژن و پیاو و دیاری کردنی پێگەی ژنان و دەستەبەر کردنی کار و نان بۆ هەموان کرد.

دوایین ڕۆژی کۆنفرانس ، پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٢٠ی نوڤامبر دەستی بە کارەکانی کرد. دوکتور عەلیزەزا پارسا یەکێک لە پانێلگێڕان بوو، پاشان دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، مامۆستای زانستگای فەرانسەوی – لوبنانیی هەولێر یەکێکی تر لە پانێلگێڕان بوو کە لە کوردستانەوە بە سکایپ بەشدار بوو. دوکتور حەسەن زادە وتارەکەی لە ژێر ناوی "ترس لە فیدرالیزم" پێشکەش کرد و وتی کە فیدرالیزم نەک سیستمێکی نیزامی سیاسی بەڵکوو سیستمێکە بۆ حکومەت و بەڕێوەبەریی وڵات. وتیشی کە ئەگەر ئێمە بەو جۆرە لە فیدرالیزم بڕوانین، یارمەتیمان دەدا تا دەرکی دروستترمان لە پێوەندی نێوان دێموکراسی و فیدرالیزم هەبێ. مامۆستا زانستگای فەرانسەوی – لوبنانی هەولێر لە درێژەی وتەکانی دا ڕەدی کردەوە کە دابینکردنی مافی شارۆمەندی لە کۆمەڵگای فرەنەتەوەیی دا چارەسەری کێشەی نەتەوەکان بکا و وتی فیدرالیزم باشترین شێوەی بەڕێوەچوونی دێموکراسییە. دێموکراسیەک کە لە سەر هەردوو بنەمای "مافی شارۆمەندی" و "مافی نەتەوەکان" بنیات دەنرێ.

لە بەشێکی دیکەی پانێلەکەدا عەزیز دادیار، لە بەرەی خەڵکی بلوچستان وتاری بەرەی خەڵکی بلوچستانی خوێندەوە و پاشان ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان باسێکی گشتی لە سەر بارودۆخی ئەمڕۆی خەبات پێشکەش کرد. کەعبی پێیوابوو کە سەردەمی ئێستا سەردەمی پەرەگرتنی خواستی ئازادیخوازی و سەردەمی بەرەوپێش چوونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە. ئەندامی ڕێبەریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە درێژەی قسەکانی دا تیشکی خستە سەر ئەو شێوە فیدرالیزمەی کە ئەوان لە چوارچێوەی بەرنامەی حیزبەکەیان دا کاری بۆ دەکەن و لە کۆتایی وتەکانی دا ڕایگەیاند کە ئێرانی داهاتوو یان دەبێ ئێرانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بێ یان دەبێ خۆی بۆ دابەشبوون ئامادە بکا.

هەر لەو بەشەی پانێلەکەدا عەلیرەزا نەزمی ئەفشار، لە کۆنگرەی جیهانیی تورکانی ئازەربایجان قسەی کرد و پاشان بەشی پرسیار و وڵام لە نێوان ئامادەبوان و پانیلگێڕان دا بەڕێوە چوو.

پانێلی دووهەمی ڕۆژی کۆتایی کۆنفرانس بە بەشداریی هەر یەک لە شەهابەدین شیخی، ڕۆژنامەنووس، دوکتور محەممەد عەلی تۆفیقی، ڕۆژنامەنووس و حەسەن شەمسی، لە کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران بەڕێوە چوو.

شەهابەدین شێخی کە لە وڵاتی ئاڵمانەوە بە سکایپ بەشدار بوو بە تایبەتی باسی لەو شێوازە لە دێموکراسی کرد کە پێیوابوو بە سەرنجدان بە فرەنەتەوەیی ئێران دەبێ پەیرەو بکرێ و لەم بارەوە دێموکراسیی زۆرینەی بۆ وڵاتی ئێران بە گونجاو نەزانی.

حەسەن شەمسی لە وتەکانی دا تیشکی خستە سەر لایەنەکانی ستەمی نەتەوایەتی بەسەر نەتەوەکانی لە ئێران و دواتر دژایەتی حیزبەکەی بۆ فیدرالیزم دووپات کردەوە و لایەنە نەرینیەکانی لە ڕوانگەی خۆیەوە بەیان کرد. دوکتور محەممەد عەلی تۆفیقی دوایین پانێلگێری کۆنفرانس بوو کە لە باسەکەی دا ئاماژەی بە بەربەستەکانی بەردەم فیدرالیزم کرد و لەم بارەوە ئیشارەی کرد بە شاردنەوەی دۆخی نالەباری نەتەوە بندەستەکان، تاریفی پێچەوانەی مەزنیخوازان لە فیدرالیزم و خودموختاری، ڕوحیەی ئیستبداد لێدراوی خەڵکی ئێران وەک بەشێک لە بەربەستەکان کرد.

بەشی کۆتایی کاری کۆنفرانس مێزگردی هاوبەشی سەرجەم پانێلگێڕان بوو کە هەرکام لە لای خۆیەوە ڕوانگەی لە سەر کۆنفرانس و ناوەرۆکی باس و بابەتەکان خستە بەرباس.


# ئەو هاوار و زریکانەی تێکەڵ به ئاگر و دووکەڵ دەبن

**عەلی بداغی**

له ماوەی یەک مانگی رابردوو دا دیسانەکەش هاواری ئەو کچ و ژنانەی ئاگر به دوایین ڕێگا و، ڕەنگبێ به تاکە ڕێگای چارەسەریی کێشە کۆمەڵایەتییە تاکەکەسییەکانیان دەزانن، له ئاسمانی شارەکانی جوانڕۆ، ئیلام، پاوە، نەوسوود، مەریوان، بۆکان، سەقز و مەهاباد دا دەنگیان دایەوە و بێ گومان هاوار و بریسکەی زۆر لەو ژنانەش له کوردستان لەو ماوەیەدا هەر له جێ دا و له گەروویان دا کپ کراو و کەس نەیبیست.

بەردەوامیی دووپاتبوونەوەی ئەو ڕووداو و کارەساتانە دیسانەکەش دەرگای دەیان پرسیار بەرەورووی کۆمەڵناسان، ڕۆژنامەنووسان، توێژەرانی کۆمەڵایەتی، بەرپرسانی دامودەزگا حکومی و نا حکومییەکان و هەموو توێژ و تاکەکانی کۆمەڵگا دەخاتە سەر پشت کە ئاخۆ هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی ستەمی جنسییەتی له کوردستان له سەر ژنان ڕەوتی بەرەوژوو دەپێوێ؟ ئایا ڕەوتی ڕوو له پێشێی ئاشنابوونی کچان و ژنان به مافەکانیان له کردەوەدا ئاکامی پێچەوانەوە لەو چەشنەی له بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکانیان دا لێ کەوتۆتەوە؟ ئایا خۆسووتاندنی کچان و ژنان بەزین و ڕاکردنی ئەوانە له واقعە تاڵەکانی ژیان، یان ئەو خۆ بەخەڵووزکردنە دەبێ وەک یەکێک له شێوازەکانی دەنگ هەڵبڕین و کۆمەڵگا وەئاگاهێنان تەعبیری لێ بکرێ؟ ئەگەر ئەو دیاردە دڵتەزێنانە وەک هاواری له گەرووداخنکاو و بریسکەی بێبەشیی نیوەی کۆمەڵگا له مافەکانیان تەعبیری لێ دەکرێ، ئەدی بۆ ئەو دیاردەیە له کوردستان نەک ڕووی لە کەمی نەداوە، بەڵکوو به پێی ئامارەکان و به داخەوە بەردەوام بۆ سەروو هەڵ دەکشێ؟ ئایا کوردستان ناوچە و نیشتمانێکی جیاواز بۆ تۆخبوونەو و تەقینەوەی ئەو کارەساتانەیە؟ ئایا ناوەندە بەرپرسیارە حکومییەکان کە ئامرازەکانی کۆنترۆڵ، یاسادانان بۆ بەرگیری له پەرەسەندنی توندوتیژی له کۆمەڵگا و ئیعتبارەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی وشیاریی گشتی و کاڵ کردنەوەی بەستێنەکانی هاندان بۆ خۆکوژییان بۆ خۆیان پاوان کردوە، بەردەوامیی ئەو کارەساتانە قەت خورپەی خستۆتە دڵی ئەوان و، هەر له بنەڕەت دا کامە ڕێوشوێن و چ ڕێکارێک له بەردەستی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان دا هەیە کە بزانن ئەو ناوەند و دامودەزگایانە چەندە له خەمی ئەرک و دەروەستییەکانیان دا بوون؟

ئەو ئەرک وەخۆگرییە کاتێک پرسیاری دەخرێتە سەر کە بە پێی دانانی بەڕێوەبەری گشتیی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران پرسی خۆسووتاندن له پارێزگاکانی ڕۆژئاوای ئێران، واتە کوردستان ئیدی له مێژە سنووری قەیرانی تێپەڕاندوە و دەبێ وەک کارەساتی مرۆیی باسی لێ بکرێ. بە پێی



ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران تەنیا لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا و تەنیا له پارێزگای ئیلام ٤٣٠ حاڵەتی خۆکوژی بە شێوەی خۆسووتاندن ڕووی داوە، واتە له نێوان هەر دوو ڕۆژ دا ٣ کەس لە پارێزگای ئیسلام خۆیان سووتاندوە.

هەروەها ئامارەکانی بنیاتی سەرۆک کۆماری لە پێوەندی لە گەڵ توندو تیژی دژی ژنان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی خۆکوژیی ژنان له ڕێگەی خۆسووتاندن و خواردنی ژەهر له پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئێران وەک کرماشان، سنە و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەردەوام ڕووی له هەڵکشان کردوە، بە جۆرێک کە ژمارەیەک له خەسارناسە کۆمەڵایەتییەکان پێیان وایە کە ئەو دیاردەیە لە ئیسلام ئابادی ڕۆژئاوا له پارێزگای کرماشان زۆر زۆر له پارێزگای ئیلامیش زیاترە کە له ئامارە ڕەسمییەکان دا پلەی یەکەمی خۆکوژی له ئێران دا هەیە.

هۆکارەکانی پەنابردنە بەر خۆکوژی زۆر و له هەمان دا دیار و پێناسە هەڵ گرن و ئەوە یەکەمجار نیە ئەو فاکتۆرانە وەک پاڵنەری خۆکوژی بخرێنە بەر باس، بەڵام بابەتی سەرەکی باس کردن لەو هەنگاوانەیە کە دەبێ بۆ کەمکردنەوە لەو خەسارانە هەڵ بگیرێن و تا ئێستا هیچ لایەنێک بە ڕوونی ئەو ئەرکەی له سەر شانی خۆی هەست پێ نەکردوە.

خۆ ئەگەر ڕەگ داکوتانی کلتووری توند و تیژی له کۆمەڵگای کوردی، بێ ئیرادەیی ژنان و کچان له بەرەوەڕووبوونەوەی کێشەکانیان و کەمی و کاڵ و کرچیی هەوڵەکان بۆ بردنە سەریی ئاستی تێگەیشتوویی خەڵک بە تایبەت ژنان له بواری ماف و چەمکەکانی کۆمەڵایەتی لە تەنیشت کۆمەڵە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی دیکە بەستێنی لەبار بۆ ڕوودانی ئەو هەوڵە خۆکوژییانە له کوردستان، بەڵام جۆری بینین و خەسارناسیی ئەو دیاردەیە لە لایەن دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵاتەوە و، خەمساردیی ئەوان به نیسبەت ئەو کێشە و ئارێشانە وای کردوە کە ئەو دیاردەیە زیاتر له چوارچێوەی کێشەیەکی خێزانی دا بمێنێتەوە و بە هێشتنەوەی ئەو قەیرانە له چوارچێوەی کێشەیەکی خێزانی دا ڕێگا بۆ خودزینەوە و لە کۆڵ خۆکردنەوەی هەموو بەرپرسیارەتییەک لەو پێوەندییەدا له لایەن ناوەندە حکومییەکان و دەزگاکانی دەسەڵاتەوە خۆش بکرێ.

زۆربەی کۆمەڵناس و خەسارناسە کۆمەڵایەتییەکان دوو ڕێکاری سەرەکی بۆ بەرەوەڕوو بوونەوەی ئەو قەیرانە دەستنیشان دەکەن کە ئەویش به تەواوی دەکەوێتە خانەی ئەو ئەرک و بەرپرسیارەتییانەی کە هەموو دەوڵەت و حکومەتێک دەبێ له بەرامبەر خەڵکەکەی خۆی دا هەیبێ.

گرینگی پێدان بە فێرکردن و پەروەردە و پلاندانان بۆ بردنە سەریی ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتوویی تەواوەتیی کۆمەڵگا بە پیاوان و ژنان لە هەمبەر پرسە گرینگەکانی کۆمەڵایەتی و خێزانی، ئەویش لە پێناو و، بە مەبەستی بەرجەستە کردنی بەهاکانی مرۆڤ و ماف و ئازادییەکانی یەکێک لەو ئەرکانەیە کە دەبێ دەوڵەت و دامەدەزگا حکومییەکان لە تەنیشت ناوەند و ڕێکخراوە مەدەنییەکان پلانی بۆ دابنێن.

هەوڵدان بۆ باشتر کردنی ئاستی بژیو و کەمکردنەوە له کێشە ئابوورییەکانی خەڵک وەک پاڵنەر و بەستێنێک بۆ سەرهەڵدانی دیاردە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێکی دیکە لە ڕێکارە کردەییەکان بۆ ئەو ئامانجەیە کە ئەویش ڕاستەوخۆ پێوەندی بە سیستەم و دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەوە هەیە. بەڵام مەخابن هەم لە نەبوونی ڕێکخراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان و ئازادیی چالاکی بۆ شکڵگرتن و تێکۆشانی ngo کان و هەم بە وردبوونەوە لە نێوەرۆکی دژ گەلییانەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگای کوردستان جارێ دەبێ هەروا شایەدی بەردەوامیی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە بێ.

---

# ژن و قەیرانی جیهانی ئیسلام(١)

**ب. بی نیاز(داریوش)**

**بەشی یەکەم**

**وەرگێڕان: ڕەحمان سەلیمی**

خەباتی ژن لە وڵاتانی ئیسلامی دژی پیاوسالاری نیشانەی ئەوەیە کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ئیسلامی گۆڕانیان بە سەر داهاتوە و یا لە حاڵی گۆڕان دان و دەبێ پیاوانی موسوڵمان ئەو ڕاستییە وەربگرن. ساڵەهایە کە ئەم جەنگە دەستی پێکردوەو بەڵگەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە درەنگ یا زوو ئەم جەنگە بە سوودی ژنان کۆتایی پێ دێ، بە هەمان شێوەی کە پیاوانی جیهانی مەسیحی لە ئەنجام دا ناچار بوون مافی یەکسانی ژنان و پیاوان بە فەرمی بناسن.

**جیهانی مەسیحی**

قەیرانی ئەمڕۆکەی جیهانی ئیسلام، هەمان ئەو قەیران و چارەنووسە کە جیهانی مەسیحی و ئایین و کولتوورەکانی دیکە لەگەڵی بەرەو ڕوو بوون یان بەرەو ڕوو دەبن. ئەگەر بمانەوی تەنیا خاڵە وەرچەرخانەکانی مێژووی جیهانی مەسیحی لەبەرچاو بگرین بۆمان دەردەکەوێ کە یەکەم قەیران لە دەسەڵاتی کلیسا دا بە گۆڕانکارییەک لە بواری ڕاگەیاندن دا دەستی پێکرد. ئەو گۆڕانکارییە تەکنیکیە لە بیاڤی ڕاگەیاندن دا، نهێنی پیشەسازیی چاپ لە چینەوە بۆ ئیتالیا بوو. بە هاتنی پیشەسازیی چاپ بۆ ئۆرووپاو داهێنانی یەکەم ئامێری چاپ لە لایەن گۆتێنبرگ لە سەدەی ١٥ی زایینی، وردە وردە بەستێنی سەردەمی ڕێنسانس واتە نوێبوونەوەی ژیانی فەرهەنگی، زانستی و سیاسیی یۆنان و ڕۆمی کۆن و دوورکەوتنەوە لە ڕێنوێنییە ئایینییەکانی مەسیحی ئامادە بوو.

سەیر نییە کە ئێستا کە زۆرێک لە کۆمەڵناسان لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئینتێرنێت بۆ جیهانی ئیسلام هەمان ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ کە لە رابردوودا پیشەسازیی چاپ بۆ جیهانی مەسیحی گێڕاوییەتی.

ڕێنسانس یەکەم زەبری فەرهەنگی لە دەسەڵاتی کلیسا( دەسەڵات ئایینی) لە ئۆرووپا وەشاند. بە بێ پیشەسازیی چاپ و دەسپێکی ڕێنسانس، بیرۆکەی وەرگێڕانی ئینجیل لە لاتینی یەوە بۆ ئاڵمانی لەلایەن مارتین لۆترەوە نەدەهاتە، گۆڕێ. لۆتریانیزم لە سەرەتاکانی سەدەی شازدە کە دواتر بە پرۆتستانیسم( ریفۆرمیسم/ چاکسازیی ئایینی) ناوی دەرکرد زەبری دوویەمی لە پەیکەری دەسەڵاتی کلیسا وەشاند (١٥٢٩). هەرچی پرۆتستانیسم گەشەی زیاتری دەکرد بە هەمان ئەندازە توندوتیژی دەسەڵاتی ئایینی کاتۆلیکەکان زیادی دەکرد. ئەو توندوتیژییانە تا ئە جێگەیە بەرەو پێش چوو کە شەڕە ئایینی یەکانی سی ساڵە( ١٦٤٨ ـ ١٦١٨) ی لێ کەوتەوە. لەو شەڕە وێرانکەرە دا حەشیمەتی ئۆرووپا بۆ ٧/١ دابەزی و نیوەنجی تەمەن گەیشتە ٤٢ ساڵ. لە ئەنجام دا لە ساڵی ١٦٤٨ دا لایەنەکانی شەڕ لە ڕێککەوتنێک دا «ئازادیی ئایینزاکانیان» قبووڵ کرد.

هەر چەند دەسەڵاتی تاک لایەنەی کاتۆلیکەکان لە ئۆرووپا دا شکا، بەڵام ژیانی خەڵکی ئۆرووپا هەروا لەلایەن ئایینی مەسیحەوە دیاری دەکرا. لە ناوچە کاتولیک نشینەکان دا دامەزراوەکانی ئایینی کاتۆلیک بڕیار دەر بوون و لە ناوچە پرۆتستان نشینەکان دا دامەزراوەکانی ئایینی پرۆتستان قسەی کۆتاییان دەکرد.

هێشتا پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕی بەرچاویان بەسەر دا نەهاتبوو، تەنیا دەسەڵاتی ئایینی لە نوێوە دابەش کرابۆوە. بەڵام ئەو جەنگە ئایینی یانە ببوونە هۆی ئەوەی کە کەلێنی گەورە لە دەسەڵات پێک بێ و نەوەیەکی نوێ لە شارۆمەندان سەرهەڵ بدا.

بەڵام گرینگترین و کاریگەرترین زەبر بە پێکهاتە کۆنەکان کە بووە هۆی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری، گەشەی زانست و پیشەسازی لە ئۆرووپا بوو کە سەدەیەک دواتر شۆڕشی پیشەسازی لێ کەوتەوە. شۆڕشی پیشەسازی لە ئۆرووپا (١٧٥٠) بە داهێنانی ماشێنی هەڵم و بە کار هێنانی لە کارگەکان و پاشان گواستنەوە (شەمەندەفەر) دا پێناسە دەکرێ کە لە سەریەک سەدەیەکی خایاند( تا نێوەڕاستەکانی سەدەی ١٩). چینی نوێی خاوەن سەرمایە بە بێ ستراکتورە کۆنەکانی دەسەڵات نەیدەتوانی بەردەوام بێ. ئەو چینە نوێیە لە سەرەتا دا بە هەزاران ڕیشاڵ بەسترابۆوە بە پیاوانی ئایینی لە لایەک و دەرەبەگەکان لە لایەکی دیکەوە هەم لە ڕووی فەرهەنگی و هەم لە ڕووی ئامرازەکانی دەسەڵاتەوە. هەرچەند لە نێو ئۆرووپاو جیهانی مەسیحی دا سیستەمی نوێی سەرمایەداری گەشەی کرد بەڵام ئەو سیستەمە بە تەواوی ئاوێتە بە ئایین و دەرەبەگایەتی بوو. هێشتا بایەخ و نۆرمەکانی جیهانی کۆن زاڵ بوون و پێوەندییە نوێیەکان، خۆیان بە بایەخە کۆنەکان پێناسە دەکرد. سەرمایەداری لە ناخی پێوەندیگەلێک لە دایکبوو کە لانیکەم دە هەزار ساڵ مێژوویان هەبوو و جێی خۆیان لە وردترین تانوپۆ کۆمەڵایەتی یەکان دا کردبۆوە.

هاوکات لەگەڵ گەشەی سەرمایەداری لە ئۆرووپا، گۆڕانی گەورە بە سەر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کار دا هاتە ئاراوە. کەمیی هێزی کار بوو بە هۆی ئەوەی کە ژنان ڕاکێشی بیاڤی بەرهەمهێنان بکرێن. ئەوە گەورەترین دەسکەوتی سەرمایەداری بوو کە دواتر دژکردەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەورەی لێ کەوتەوە. سەرمایەداری، نیوەکەی دیکەی مرۆڤەکانی کە تا ئەو کات بەشیان لە دابەش کردنی کاری کۆمەڵایەتی دا تەنیا زاوزێ و مدبەق بوو، هێنایە نێو جیهانی کارەوە. هەر لەو کاتەوە کە بزووتنەوەی ژنان بەرە بەرە دەست پێ دەکا.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتی دا، ژنان توانیان لە پرۆسەی بە دەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان دا وڵامی پرسیارێکی مێژوویی - کۆمەڵناسی بە ڕوونی بدەنەوە: مێژووی شارستانییەتی ئێستا، مێژووی پیاوان بووە و هەموو ئایینەکان، ئایینی پیاوانەن.

هاوکات لەگەڵ گەشەی بزووتنەوەی ژنان لە ئۆرووپا، بەرەنگاری جیهانی پیاوانیش شێوازی وردتری و توندتیژتری بە خۆوە گرت. پیاوانی ئۆرووپایی بە مەبەستی پاراستنی پێگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی خۆیان هەوڵیان دەدا بە پشت بەستن بە ئایینی مەسیحی و یا بە دواداچوونی شێوە زانستییانە بسەلمێنن کە ژنان لە ڕووی جەستەییەوە، لاواز، ناتەواو و پلە دوون. کاتێک کە بۆ یەکەم جار «جان ئیستوارت میل» لە ساڵی ١٨٦٦ لە پارلەمانی ئینگلستان داوای مافی دەنگدانی بۆ ژنان کرد، وتەکانی دژبەرانی مافی دەنگدانی ژنان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئیسلامیستەکانی ئێستا نەبوو. نزیکەی ٥٠ ساڵ دواتر لە ساڵی ١٩٠٨، پارلەمانی ئینگلستان پەسندی کرد کە ژنان دەتوانن لە هەڵبژاردنەکان دا دەنگ بدەن نەک هەڵبژێردرێن.

### حیجاب پێش ئایینە ئیبراهیمییەکان

حیجاب نە داهێنانی ئایینی یەهوودە، نە مەسیح و نە ئیسلام. پێش ئایینە ئیبراهیمییەکان حیجاب لە ناوچەی میزۆپۆتامیا (نێوان دوو زێی فوورات و دیجلە) وەکوو سەمبولی دەسەڵاتی پیاوان چەسپ بوو. ئەمڕۆکە بە هۆی لێکۆڵینەوە زانستییەکان کە بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرەوە پشت ئەستوورن، نزیکەی تەواوی کۆمەڵناسان لە سەر ئەوە هاوڕان کە حیجاب پێش ئایینە ئیبراهیمییەکانیش هەبووەو تەنانەت یاساورێسای تایبەتی خۆی هەبووە. یاسا بە جێ ماوەکانی ئاشوورییەکان و بابلییەکان بە تایبەت کۆمەڵە یاسای حەمورابی بە ڕوونی دەری دەخەن کە بارودۆخی حیجاب و ژن لە هەزارەکانی پێش لە دایکبوونی مەسیح دا چۆن بووە.

لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەک کە خاتوو گردا لرنر سەبارەت بە چۆنیەتیی بیچم گرتنی باوک سالاری لە کۆمەڵگەکانی پێش ئایینە ئیبراهیمییەکان ئەنجامی داوە(سەرهەڵدانی باوک سالاری)، بە بەڵگەی ڕوون دەری خستوە کە دۆخی حیجاب و ژن لەو سەردەمانە دا چۆن بووە. سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی خاتوو لرنر، بەردنووسە بە جێ ماوەکانی ئاشوورییەکان و کۆمەڵە یاساکانی حەمورابی( بابل)ن.

هەم لە ئاشوورو هەم لە بابل ژنان دەبوایە حیجابیان هەبوایە. ئەو ژنانەی زەماوەندیان کردبایە تەنانەت ئەگەر مێردەکانیشیان مردبان(بێوەژن) دەبوو لەچکەیان لە سەر کردبا. دیارە لەچکە یا داپۆشینی سەر لە ناوچە جۆراوجۆرەکان جیاواز بووە، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە دەبوایە ژنی خاوەن مێرد یان بێوەژن حیجابیان هەبێ. هەروەها ئەو یاسایە ئەو ژنانەش دەگرێتەوە کە سەرپەرشتی پیاویان هەبوو. ئەو ژن یا کچانەی کە مێردیان نەبوو یا سەرپەرستی پیاویان نەبوو بێ حیجاب بوون. وردە وردە ژنە سەڵتەکانی چینە دەوڵەمەندەکان ئیزنیان پێ درا حیجاب بپۆشن، واتە مافی حیجابیان پێ درا تا لەگەڵ قەرەواشەکان و کچانی چینە هەژارەکان جیا ببنەوە. ئەم شێوە حیجابە لە عەرەبستان پێش ئیسلامیش دەبینین، کچانی چینە دەست ڕۆیشتووەکانی هۆزە عەرەبەکان حیجابیان دەپۆشی بەڵام کچانی چینە هەژارەکان ( کە دەبوایە کار بکەن) بێ حیجاب بوون. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی خاتوو لرنر، حیجاب پێشاندەری سەمبولی چینایەتی و بەستراوەیی ژن بە پیاو بووە. بێ حیجابی بە واتای نەبوونی مێرد یان نەبوونی سەرپەرشتی پیاو ( تەنانەت ئەگەر ئەو سەرپەرشتییە تەنیا لە چوارچێوەی دابینکردنی پێویستیە سێکسییەکانی پیاو دابایە) دەهات، واتە سەر بە چینە خوارووەکانی کۆمەڵگە. لە ڕاستیدا بێ حیجابی نە تەنیا ئیمتیازێک نەبوو بۆ ژنان، بەڵکوو

ل ٧

# سەرکەوتنی کۆماریخوازەکان و سیاسەتی داهاتووی ئامریکا لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا

مەسعوود ڕەواندوست

لە سێ دەیەی ڕابردوودا ئێران یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا بووە. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران و بە بارمتەگرتنی ئامریکاییەکان و هەڵگرتنی دروشمی «مەرگ بۆ ئامریکا» لاپەڕەیەکی پڕ لە کێشە و ئاڵۆزیی لە مێژووی پێوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەڵدایەوە و کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئامریکا تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە و لەم دواییانەشدا بە هاتنەگۆڕی مەسەلەی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران و هەستیاریی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئامریکا بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران و هەوڵی ئەم وڵاتە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، ئەم کێشانە کەوتوونەتە قۆناغێکی تازەوە.

پشتیوانیی ئێران لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و هەوڵەکانی بۆ شکست پێهێنان بە پرۆسەی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەنگاوەکانی بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕش و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و لەم دوایییەشدا زیادبوونی پرۆژەی ئەتۆمیی ئێران بەم کێشانەوە سەرچاوەی کێشە و گرژییەکانی نێوان ئامریکا و ئێران بووە و لە سەردەمی دەوڵەتە جیا جیاکانی ئامریکادا (بە کۆماریخواز و دێموکراتەوە) ئەم کێشانە بەردەوام بوونە. هەرچەند لەم نێوەدا کۆماریخوازەکان هەڵوێست و سیاسەتێکی توندتریان هەبووە و لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی لەم چەشنە لە شوێنی دیکەی جیهان لە شەڕ و هێرشی نیزامیش کەلکیان وەرگرتوە و بە گشتی سیاسەتی دەرەوەیان توندوتیژترە لە دێموکراتەکان، بەڵام کێشەکانی نێوان ئێران و ئامریکا لەم ساڵانەدا بەجۆرێک بووە هیچکام لە دەوڵەتەکانی ئامریکا نەیانتوانیوە لە چارەسەرییەک نزیک ببنەوە و هەنگاوێکی هیوابەخش لە پێناو چارەسەری و نەهێشتنیان هەڵێننەوە.

لە سەردەمی دەوڵەتی کۆماریخوازەکان بە سەرکۆماریی جۆرج بووشی کوڕ کە بە لادانی تاڵەبان لە ئەفغانستان و دواتر ڕێژیمی بەعس لە عێراق ئاڵقەی گەمارۆکانی ئامریکای لە دەوری ئێران تەنگتر کردەوە، پەرەسەندنی کێشە ئەتۆمییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا، ئێرانی لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی جیددی لەگەڵ ئامریکا نزیک کردبۆوە. لەم سەردەمەدا زۆر جار چاوەدێرانی سیاسی پێیان وابوو کە دەوڵەتی جۆرج بووش بۆ چارەسەریی کێشەی ئەتۆمیی ئێران پەنا دەباتە بەر هێرشی نیزامی و ئەگەری شەڕێکی دیکەیان لە ناوچەکەدا بەدوور نەدەزانی. تەنانەت بڵاوبوونەوەی کتێبی بیرەوەرییەکانی جۆرج بووش لەم دواییانەدا دەریخست کە کاتی خۆی جۆرج بووش پرۆژەی هێرشی نیزامی بوسەر ئێرانی دابوو بە کارناسان و ڕاوێژکارانی خۆی بۆ بەراوردکردن و لێکدانەوە.

دوابەدوای هاتنە سەرکاری باراک ئۆباما و شکستی کۆماریخوازەکان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٨ی ئامریکادا دیموکراتەکان کۆشکی سپی و زۆرینەی سەنا و کۆنگرەیان بە دەستەوە گرت. باراک ئۆباما بە هێنانەگۆڕی کۆمەڵێک دروشم و بەرنامەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی لە نێوخۆدا و هەروەها گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەدا دەستی بەکارکرد و شێوازی وتووێژ و دیپلۆماسیی وەک مێتۆدی کاری سیاسەتی دەرەوە ڕاگەیاند و هەوڵیدا بە کردنەوەی دەرگاکانی وتووێژ و بە وتەی خۆی درێژکردنی دەست بۆ لای ئێران بواری چارەسەریی ئاشتییانەی کێشەکان لە ڕێگەی دیپلۆماتیک و لەسەر مێزی وتووێژ برەخسێنێ. بەڵام خامنەیی ئەم دەست درێژکردنەی ئۆبامای بە درێژکردنی دەستێکی قورقوشم لە ژێر ڕووکەشی مەخمەلیدا شوبهاند و هەروەک بینرا ئەم سیاسەتە سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا. هەر بۆیە ئۆباما ناچاربوو بۆ جارێکی دیکە سیاسەتی دەوڵەتی ئامریکا بۆ گوشار هێنان بۆ سەر ئێران بگۆڕێ و بە هێنانەگۆڕی گەڵاڵەی گەمارۆ ئامانجدارەکان بۆسەر ئەم ڕێژیمە ناچاری بکا واز لە پرۆژە ئەتۆمییەکەی بێنێ و ملکەچی داوا و چاوەڕوانییە جیهانییەکانی بکا. دیارە ئۆباما لەم پێناوەدا و لە دروست کردنی کۆدەنگیی جیهانی و تەنانەت ڕازی کردنی چین و ڕووسیە بە پەسندکرانی کۆمەڵێک گەمارۆ و بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش لەدژی ئێران سەرکەوتوو بوو و تا ئەم کاتەش گوشارەکان بۆ سەر ئێران ڕۆژبە ڕۆژ لە زیادبووندان.

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەم هەوڵانەی دەوڵەتی ئۆباما لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمی تاران، کۆماریخوازەکان بەردەوام ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی ناوبراو لەم پێوەندییەدا گرتوە و ڕایانگەیاندوە کە ناوبراو لەگەڵ ئێران بە نەرمی هەڵسوکەوتی کردوە و خوازیاری تەوندوتیژی و تەنانەت هێندێک جار هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران بوونە. ئەوانە هەمووی لە حاڵێکدا بووە کە کۆماریخوازەکان لە سەنا و کۆنگرەدا زۆرینە بوون و ئۆباما لە بەڕێوەبردنی پرۆژە و بەرنامەکانیدا پشتیوانیی تەواوی کۆنگرە و سەنای لەپشت بووە.

لە دوایین هەڵبژاردنەکان لە ئامریکا واتە هەڵبژاردنی میاندەورەی کۆنگرەدا کە دوو حەوتوو لەمەوبەر بەڕێوەچوو، کۆماریخوازەکان سەرکەوتنی بەرچاویان وەدەستهێنا و توانیان زۆرینەی کورسییەکانی کۆنگرە پاوان بکەن. ئەم سەرکەوتنەی کۆماریخوازەکان و شکستە قورسەی دێموکراتەکان تەنیا دووساڵ دوای سەرکەوتنی گەورە و پڕ هاتو هاواری ئۆباما، بە شکستێکی گەورە بۆ دێموکراتەکان و زەنگێکی مەترسیی جیددی بۆیان لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ٢٠١٢ی ئامریکادا دەژمێردرێ.

زۆر چاوەدێری سیاسی ئەم ئەگەرە دەخەنەڕوو کە لەوانەیە لەمەودا و لەژێر گوشاری کۆمارێخوازەکاندا سیاسەتی دەروەی ئامریکا بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و بەرەو سیاسەتێکی توندتر بڕوا.

دیارە هەر لە سەرەتای هاتنە گۆڕی ئەم ئەگەر و شیمانانەدا ئۆباما لە ڕێگەی وەزیری بەرگریی ئامریکاوە ڕایگەیاند کە ئێستاش باشترین بەربژێر لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا گەمارۆ ئابوورییەکانە و گەمارۆکان تا ئێستا کاریگەریی باشیان هەبووە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە باراک ئۆباما بە کەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجی نالەباری ئابووریی ئامریکا و کۆمەڵێک کێشەی نێوخۆیی و بە دروشمی پەرەپێدان بە بیمە کۆمەڵایەتییەکان و کەم کردنەوەی بودجە نیزامییەکان توانی سەرکەوتن وەدەست بێنێ. بەڵام ئێستا دوای دوو ساڵ دەبینرێ سەرەڕای ئەوەی سەنا و کۆنگرە بە تەواوی لە پشت سیاسەتەکانی ئۆباماوە بوون ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە پێوەندی لەگەڵ دروشمەکانی کاتی هەڵبژاردنی ناوبراودا نەهاتۆتە ئاراوە. ئێستاش کە کۆماریخوازەکان زۆرینەی کۆنگرەیان بە دەستەوە گرتوە و زۆرینە بوونی دێموکراتەکان لە سەناش تا ڕادەیەکی زۆر دابەزیوە، بێ گومان بە کردوەیی کردنی دروشمەکان و بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی ئۆباما زۆر لە پێشوو سەختتر و دژوارتر دەبێ و ئەگەر لە دوو ساڵی داهاتوودا ئۆباما نەتوانێ کارنامەیەکی باش دەستەبەر بکا، ناتوانێ سەرۆکایەتیی کۆمار وەدەست بێنێتەوە. کەوابێ لەم دۆخەدا گوشارەکانی کۆماریخوازان کاریگەریی زیاتری لەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەت دەبێ و ئۆباما بۆ سەرکەوتن لە بەرنامەکانیدا پێویستیی بە یارمەتیی کۆماریخوازەکان دەبێ. لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەشدا و بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا کۆماریخوازەکان ئەگەرچی لەگەڵ گەمارۆکان بۆ سەر ئێران کۆکن بەڵام بە کەمیان دەزانن و پێیانوایە پێویستە گوشاری زیاتر بخرێتە سەر ئێران. واتە کۆماریخوازەکان هاوتەریب لەگەڵ مەسەلە نێوخۆییەکانی دەوڵەتی ئامریکا، لە مەسەلە دەرەکییەکان و بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا گوشارەکانیان بۆ سەر ئۆباما زیاد دەکەن و هەوڵ دەدەن ناوبراو ناچار بکەن بەشێکی بەرچاو لە چاوەڕوانییەکانیان بێنێتەدی. ئۆباماش بۆ بەرەپێشبردنی بەرنامە و پرۆژەکانی پێویستە بەجۆرێک هەنگاو هەڵێنێتەوە کە پشتیوانیی کۆماریخوازەکان لانیکەم لە بەشێک لە بەرنامەکانیدا وەدەست بێنێ. بۆ ئەو مەبەستەش لەوانەیە ناچار بێ لە هێندێک بواردا خۆی لەگەڵ کۆماریخوازەکان ڕێکبخا و لەگەڵیان بکەوێتە جۆرێک ساتوسەودا بۆ ڕاگرتنی باڵانس لە بەڕێوەچوونی بەرنامەکاندا. لەم نێوەدا ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە تەنیا مەیدانێک کە تێیدا مەجالی مانۆڕی زیاتر بۆ نزیک بوونەوە لە کۆماریخوازەکان بۆ ئۆباما دەستەبەر دەبێ مەیدانی سیاسەتی دەرەوە و لە پێوەندی لەگەڵا ئێرانە، چونکە ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا نیشانیداوە کە بە سیاسەتە هەڵە و چەوتەکانی لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ئەتۆمی و تەنانەت مەسەلە نێوخۆییەکانی ئێران و مەسەلەی مافی مرۆڤ زیاترین بوار بۆ دژایەتیی جیهانی لەدژی خۆی دەڕەخسێنێ و هەنگاونان لەم ڕێگایە و لە پێناو گوشاری زیاتر خستنە سەر ئێران تەنیا سیاسەتێکە کە لەوانەیە کەمترین تێچووی بۆ ئۆباما هەبێ. کەوابێ ئەم بوارە لەوانەیە باشترین بوار بێ بۆ ڕازی کردنی کۆماریخوازەکان لە پێناو پێکهاتنێکی نێوخۆییدا. بێ پێی ئەم لێکدانەوەیە چاوەڕوان دەکرێ لە ژانویەی ٢٠١١ەوە کە کۆنگرە و نوێنەرانی تازە دەست بەکار دەکەن ڕەوتی سیاسەتی ئامریکا لەپێناو ئێراندا بەرەو توندتربوونی زیاتر بچێ و هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئامریکا لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا شێلگیرانەتر و توندتر ببن.






درێژەی:

## ژن و قەیرانی جیهانی ئیسلام(١)

سەلمێنەری پێگەی لاوازی ژنان بوو.

بە کورتی، حیجاب لە قۆناخێکی مێژوویی تایبەت دا لە ناوچەی ئۆراسیا بە واتای هێژمۆنی پیاو بە سەر ژن دا دەهات. هەر لەو قۆناغە مێژووییە دا بوو کە یاساکانی (زنا، قصاص،حەد) و هتد کە لە یاسا چەسپاوە عەشیرەییەکان بوون، ڕێکخران و پاشان خۆیان لە ئایینە ئیبراهمییەکان دا دیتەوە.

ئەمڕۆکە هیچ ئیسلام ناسێکی شارەزا نییە کە پێی وابێت لە ناوچەی عەرەبستان پێش ئیسلام ژنان بێ حیجاب بوون. حیجاب دیاردەیەک بوو کە پێش ئیسلام لە نیمچە دورگەی عەرەبستان لە نێو هۆزە جۆراوجۆرەکانی عەرەب دا، هەر کام بە پێی هەلومەرجی ژیانیان باو بووە. لە زانستی کۆمەڵناسی دا پرەنسیپێک هەیە کە هەمیشە ئیعتباری هەیە، ئەم پرەنسیپە دەڵێ: بۆ ئەوەی کە ئایینێکی نوێ، ئیدئۆلۆژییەکی نوێ و یا ڕەفتاریکی نوێ لە شوێنێک گەشە بکا، دەبێ لە فیلتەری فەرهەنگی تێپەڕێ.

واتە خۆی لە گەڵ فەرهەنگی

پێشووی ئەو شوێنە بگونجێنێ تا مرۆڤەکان بتوانن ئایین یان ئیدئۆلۆژیی نوێ وەرگرن( پرۆسەی خۆماڵی کردن). بۆ وێنە مارکسیسم لە ئورووپا سەری هەڵداوە، ئەو ئیدئۆلۆژیە کاتێک دەتوانێ لە ڕووسیە، ئێران یا چین جێی خۆی بکاتەوە کە سەرەتا لە فیلتەری فەرهەنگی ئەو وڵاتانە تێپەڕێ و خۆی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیانە بگونجێنێ تا مرۆڤی نوێ ئەو کۆمەڵگەیانە بتوانن وەری گرن. بەم هۆیەوە تێگەیشتنی مارکسیسم لەو وڵاتانە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ تێگەیشتنی مارکسیسم لە شوێنی سەرهەڵدانی دەبێ.

ئایینی نوێی ئیسلام لە نیمچە دورگەی عەرەبستان لەو پرەنسیپە گشتیەی کومەڵناس بە دوور نییە. بە مەبەستی ئەوەی ئیسلام لە لایەن دانیشتوانی عەرەبستان وەرگیرێ. دامەزرێنەری ئیسلام چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی کە ئایینی تاکخواپەرەستی خۆی لەگەڵ فەرهەنگی جێگرتووی ناوچەکە بگونجێنێ. دانانی کەعبە وەک پەرستگەی موسوڵمانان( کە شوێنی پاڕانەوەی کافران بوو)، پشتراست کرانەوەی بوتەکان لە ئایەتە قورئانییەکان( آیات شیطانی)، وەرگرتنی یاسا جەزایی یەکانی عەشیرەیی وەک (قصاص و حد) لە شەریعەتی ئیسلام داو لە ئاکامدا قەبووڵی حیجاب لەلایەن دامەزرێنەری ئیسلام نموونەی بەرچاوی خۆماڵی کردنی ئایینی ئیسلام بوون. هەر هەمان پرۆسە لە ئینجیلی سەردەمی عەتیق دا دەبینین. ئینجیلی سەردەمی عەتیق و پێنج کتێبی مووسا(تورە)، درێژەی فەرهەنگ و ئایینە چەسپاوو جێگیرەکان لەو ناوچانە دا بووە کە خەڵک( لە میسرەوە تا میزۆپۆتامیا) لە سەری ڕاهاتبوون. ئەگەر بروانینە جیاوازییە وردەکانی وڵاتانی ئیسلامی لە ئاسیا و ئەفریقا، لەو فیلتەرە فەرهەنگییە تێدەگەین.

تێپەر کردنی ئیسلام لە فیلتەری فەرهەنگی ئێرانییەکان لە ئەنجام دا شێوازێکی دیاریکراو لە ئیسلامی لێ کەوتەوە( شیعەی دوازدە ئیمامی) ئەگەر لە گۆشەنیگای ئەو پرنسیپەوە چاو لە مێژوو بکەین، ئیتر ناتوانین باس لە»شۆڕش» یان دابرانێکی ڕیشەیی بکەین. بەو واتایە کە بتوانین ئیدعا بکەین کە ڕابردوو( پێش شۆڕش) لە گەڵ هەنووکە (دوای شۆڕش) خاڵی هاوبەشی نییە و یا خاڵی هاوبەشی زۆر کەمی هەیە!. گەر لەو گۆشەنیگایەوە بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ کە چەمکی «شۆڕش»، چەمکێکی درۆزن و فریوکارانەیە. مێژووی گۆڕانکاریی زۆر هێدی و هەنگاو بە هەنگاو. ڕابردوو لە ئێستا دا و ئێستاش لە داهاتوو دا بوونی هەیە. واتە شۆڕشی سۆسیالیستی روسیە بە شێوەیەک درێژەی تێزاریسم بووە و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەک درێژەی دەسەڵاتی پاشایەتییە، دیارە بە بێ کەم بایەخ کردنی ئاڵوگۆڕی چکۆڵە و گەورە لە هێندێک بواردا.

# سەبارەت بە فیدرالۆفۆبی (ترس لە فیدرالیزم) لە ئێران

**(قسەکانی دوکتور ئاسۆی حەسەن زادە لە کۆنفرانسی «ئێستا و داهاتووی ئێران: حکوومەتی لامەرکەزی، فیدرالیزم، ... ؟»، فینلاند، ١٨–٢٠ ی نوامبری ٢٠١٠)**

بە سڵاو لە بەشدارانی بەڕێز و سوپاس لە ئەنجومەنی پەژووهێشگەرانی ئێران. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هێشتا کەسانێک (کە بەداخەوە ژمارەشیان کەم نیە) تێکۆشان لە پێناوی فیدرالیزاسیۆنی ئێران بە پیلانێک لە قەڵەم دەدەن، فیدرالیزم دەکەنە دێو و پێشنیاری جێبەجێکردنی ئەو سیستمە کە ژمارەیەک لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهانی پێ بەڕێوە دەچێ بە دروشمێکی کۆنەپەرستانە دادەنێن. ئێمە دەتوانین لە زۆر ڕوانگەوە پرسی ترسان لە فیدرالیزم یان دژایەتیی پرەنسیپی لەگەڵ فیدرالیزم هەڵسەنگێنین (بۆ نموونە ڕیشەی مێژوویی و هۆکارەکانی ئەو ترس و دژایەتییە لەباری سایکۆلۆژیی سیاسییەوە). ئەمن لێرەدا هەوڵ دەدەم باسەکەی خۆم بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارە تەرخان بکەم کە ئایا ئیستدلالەکانی نەیارانی فیدرالیزم چەندە ڕاست و دروست و جیددیین؟

لێکدانەوەی هۆکار و بیانووە سەرەکییەکانی دژایەتی لەگەڵ فیدرالیزم لە ئێران ( کە نیشانەکانی ترس لە فیدرالیزاسیۆنی ئێرانیش هەر لەوهۆکار و بیانووانەدا خۆ دەنوێنێ) بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە ترس لە فیدرالیزم (جیا لە هەوێن و هۆکارە مەزنیخوازانەکان) پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر تێگەیشتنی ناگونجاو لە مەسەلەی دێموکراتیزاسیۆن لە ئێران. هەڵبەت هەق وایە دان بەوە دابنێین کە لایەنگرانی فیدرالیزمیش پێوەندیی نێوان فیدرالیزم و دێموکراسییان هەمیشە بە باشی پێناسە نەکردووە و ڕەنگە بە ئاسانی بتوانین بڵێین کە یەکێک لە خاڵەکانی دەسپێکی دڕدۆنگی و لێکنەگەیشتن لەبارەی فیدرالیزم لە ئێران‌دا هەمان مەسەلەی جێگە و پێگەی فیدرالیزم لەنێو چەمکە سیاسی و حقووقییە پێوەندیدارەکاندایە. یەکێک لە ڕێگاکانی چارەسەری ئەم کێشەیە (کە بە بڕوای من کێشەیەکی مێتۆدۆلۆژییە) ئەوەیە کە ئێمە لە قۆناغی یەکەمدا فیدرالیزم وەک سیستمێکی حکوومەتی چاو لێ بکەین نەک وەک نیزامێکی سیاسی (سیستمی حکوومەتی لەسەر بنەمای ڕێوشوێن و مێکانیزمەکان پێناسە دەکرێ، لەحاڵێکدا کە نیزامی سیاسی بەرهەمی پرەنسیپ و بایەخ و ئیدئالەکانە). لێکجیاکردنەوەیەکی جۆریی لەم چەشنە یارمەتیمان دەکا کە هەم بۆخۆمان پێوەندیی نێوان دێموکڕاسی و فیدرالیزم باشتر دەرک بکەین و هەم باشتر قەناعەت بەو بەشە لە بژاردەکانی ئێرانی بێنین کە دەڵێن فیدرالیزم لەگەڵ بیروباوەڕی دیموکڕاتیک و یەکسانیخوازانەیان ناگونجێ.

پێوەندیی نێوان دێموکڕاسی و فیدرالیزم بەبێ دیاریکردنی نێوەرۆکی هەرکام لەو چەمکانە پێناسە ناکرێ. ئەگەر دێموکڕاسییەک کە مەبەستمانە وەک لە فەڕانسە تەنیا لەسەر بناخەی مافی هاووڵاتی ڕاوەستێ، ئەودەم داخوازی بەشداریی سیاسی لەسەر بنەمای نەتەوەیی وەی نایە. ئەگەر مەبەستمان لە فیدرالیزمیش تەنیا فۆرم و قاڵبی حوکمڕانی بێ، ئەودەم تەنانەت ئەگەر بوعدی بەکۆمەڵ و ناسنامەیی لە بەستێنی گشتی و دەوڵەتیشدا بەڕەسمی بناسرێ، هێشتا دەکرێ لە دێموکڕاسی بێبەش بین (وەک لە شووڕەویی پێشوو). ئەو پارامێترانەی ئێمە لەبواری سیستمی حکوومەتی و نیزامی سیاسیدا بۆ دارشتنی ئالترناتیوی داهاتوو هەڵیان دەبژێرین، تەواوکەر و تەنانەت بەرهەمهێنی یەکترن. بۆ ئەوەی فیدرالیزم ڕاستەقینە، پایەدار و لەگەڵ بنەماکانی خۆی تەبا بێ، ناتوانێ دێموکراتیک نەبێ. بە دیوی ئەوبەریشدا، لەو وڵاتانەدا کە داخوازی هەمەلایەنەی بەشداریی سیاسی لەسەر بنەمای بەکۆمەڵ و هۆوییەتی هەیە، مێکانیزمە فیدرالیستەکان باشترین ڕێکاری سەقامگیرکردنی دێموکڕاسی دەدەنە دەست. دیارە ئەمە بە مانای پشت گوێ خستنی یەکسانیی مافی هاووڵاتییان نیە و من لەو باوەڕەدام کە ئەو بەشە لە نەیارانی فیدرالیزم کە وا دەنوێنن جێبەجێکردنی ئەو سیستمە لە ئێران دەبێتە هۆی بەگشتی کردن و ڕەسمییەت بەخشین بە هەڵاواردن چاو لە هەموو ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەی وەک سویس (لە جیهانی پێشکەوتوو) و هیندوستان (لە جیهانی سێهەم) دەنوقێنن کە لەواندا کۆشکی دێموکڕاسی لەسەر هەردوو کۆڵەکەی مافی هاووڵاتی و مافی گەلانی وڵات هەڵچنراوە. بە زەحمەتیش دەکرێ ئیدعا بکەین کە ئاستی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ لەو وڵاتانەدا لەوە کە لە وڵاتانی ناوەندگەرای ناوچەی خۆیان‌دا بەدی دەکرێ لە خوارترە.

لە پەراوێزی پێوەندیی نێوان فیدرالیزم و دێموکڕاسیدا، نەیارانی فیدرالیزم لە ئێران تەباییی ڕێکارەکانی پەسند کردنی بەشداری سیاسی لەسەر بنەمای نەتەوەیی لەگەڵ مافی چارەنووسی نێوخۆییی تەواوی خەڵکی وڵاتیش دەبەنە ژێر پرسیار. ئەو مەسەلەیە پێوەندیی بە ڕێکارەکانی گەیشتن بە سیستمێکی لامەرکەزی لە ئێران‌دا هەیە کە تەوەری ئێستای کۆنفرانسیش هەر ئەوەیە. لە کۆمەڵگایەکی کراوەدا ئەو بژاردە سیاسییانەی لە گەمەی دێموکراتیک هەڵدەقوڵێن نوێنەرایەتیی حەز و ڕوانینە جۆراوجۆرەکانی نێو ئەو کۆمەڵگایە دەکەن. هەربۆیەش لە کردەوەدا ئالترناتیوی سیاسی لەپێشدا بەرهەمی ڕێککەوتنی نێوان ئەو بژاردانەیە. تا ئەو جێگایەش کە دەگەڕێتەوە سەر گەلانی زوڵملێکراوی ئێران بەتایبەتی کوردەکان، نەمادینەبوونی هۆشیاریی نەتەوایەتیی وان دەبێ ئەو هەلەیان پێ بدا کە ئەو جێگە و پێگەیە کە پێویستە لە بەستێنی سیاسی وحکوومەتی‌دا بە ناسنامەی نەتەوایەتیی وان ببەخشرێ، بۆخۆیان دیاری و پێناسەی بکەن. ئەوە بە مانای حاشا کردن لە چارەنووسی هاوبەشی خەڵکی ئێران نیە و بێگومان ئالترناتیوی سیاسیی داهاتووی ئێران تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر دیاریکردنی شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری هاوبەشی وڵات پێویستە بە پەسندی سەراسەرییش بگات. بەڵام تەنانەت لەو حاڵەتەشدا – بە مەرجێک بەستێنسازیی پێویست کرابێ – دەلیلێک نابینم کە زۆربەی خەڵکی ئێران کە هەر ئەو خەڵکەن کە لە سەت ساڵی رابردوودا لە پەراوێزی دەسەڵاتی سیاسی و گەشەسەندنی ئابووری و فەرهەنگی خراون، دەنگ بە زیادکردن و بردنەسەری ماف و ئازادییەکانی خۆیان نەدەن.

تەوەرێکی دیکەی بەدبینیی نەیارانی فیدرالیزم لەو پێشداوەرییەوە سەرچاوە دەگرێ کە گۆیا فیدرالیزم لە ناخدا سیستمێکە کە توندوتیژی دەخوڵقێنێ و پەرە بە شەڕ و ناکۆکیی قەومی دەدا. لەپێشدا دەبێ بڵێین کە ڕەگ و ریشەی قەیرانەکانی پێکەوەژیانی ئێتنیکی رابردوویەکی زۆر کۆنتر لە شکڵگرتنی قەوارە سیاسییەکانی ئەمڕۆیان هەیە. پاشان ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەو قەیرانانە و بە نەخشەی فیدراڵییەکانی جیهان‌دا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر بە کەمی فیدرالیزم و ناکۆکیی قەومی هاوکات و هاوشوێن بوون : زۆربەی ئەو وڵاتانەی قەیرانی پێکەوەژیانی گەلانیان تێدا تەقیوەتەوە، فیدرالی نەبوون و لە زۆربەی وڵاتانی فیدرالیشدا ئاژاوەی قەومی بەو تاریفە کە نەیارانی فیدرالیزم خەڵکی پێ دەترسێنن، بوونی نیە. بەپێچەوانەی ئەم ئیدیعایە، فیدرالیزم یارمەتی بە کاناڵیزە بوونی ناکۆکییە ئێتنیکەکان دەکا و دەرەتانی تەقینەوە یا لانیکەم بەربڵاویی زیان و زەرەرەکانی ئەم ناکۆکییانە سنووردار دەکا (لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئیشارە بە کاناڵیزە بوونی گرژییەکان لە بێلژیک، کانادا، و تەنانەت بۆسنی هێرزەگۆڤینی نوێ بکەین). دیارە نەیارانی فیدرالیزم لەجیاتی سەرنجدان بەو نموونانە تەنیا و تەنیا باسی ئەزموونی تاڵی یووگۆسلاڤیی پێشوو دەکەن. لەحاڵێکدا ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەگەر لە باڵکان کار گەیشتە کوشت و کوشتار و ماڵوێرانی، ئەوە نەک هەر سووچی فیدرالیزم نەبوو، بەڵکوو ڕێک بەهۆی خیانەت بە پرەنسیپەکانی فیدرالیزم و لەسەریەک بەهۆی نەبوونی بەستێنی پێویست بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و یەکێتیی ڕەزامەندانە بوو.

بەکاربردنی دەستەواژەی «یەکێتیی ئارەزوومەندانە» لەلایەن سیاسەتمەدارانی کورد و بژاردەکانی میللییەتەکانی دیکەی ئێرانەوە زۆر جار دەبێتە هۆی خەملانی ئەو گومانە لە زەینی نەیارانی فیدرالیزمدا کە فیدرالیزم شتێک نیە جگە لە وێستگەیەک لەسەر ڕێگای لەبەریەک هەڵوەشاندنی ئێران. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر کوردەکان، ئەمن ئیمانم هەیە کە تا کاتێک داخوازەکانیان وەدی نەیەن، خەباتی وان لەو پێناوەدا هەروا درێژەی دەبێ. هەر بۆیە لەجیاتی خەت و نیشان بۆ کێشان و بوختان و بەرچەسپ لێدان، باشتر وایە بیر لە پێکهێنانی هەلومەرجێک لە ئێراندا بکرێتەوە کە کوردەکان و گەلانی زۆرلێکراوی ئەو وڵاتە ئەوەندە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدار و لە بڕیاردان لە کاروباری خۆیاندا سەربەست بن کە دابین و دەستەبەرکرانی قازانجەکانی ئەمڕۆ و سبەینێی خۆیان هەروا لە چوارچێوەی ئێران‌دا ببینن.

بەداخەوە بێلوتفیی هێندێک لە نەیارانی فیدرالیزم تا جێیەک دەڕوا کە لایەنگرانی جێگیرکردنی ئەو سیستمە بەتایبەتی ئەوانە کە سەر بە گەلانی بێبەشی ئێرانن بە ڕێخۆشکەری نفووز و دەستێوەردانی بێگانەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی داهاتووی ئێراندا لە قەڵەم بدەن. جیا لە مەسەلەی شێوەی مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە بەرچەسپانە، پێویستە بگوترێ کە گەڕان بەدوای پارێزگاریی نێونەتەوەیی لە مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمایەتییەکان تەواو ڕەوایە و تەنانەت خەتە گشتییەکانی وتاری نوێنەرانی میللییەتە زۆرلێکراوەکان بنەمای ڕوونی لە مافی نێونەتەوەیی و مافی دەستووریی وڵاتانیشدا هەیە. نەک هەر ئەوە، بگرە لایەنگرانی مافی گەل و کەمینەکانی وڵات نابێ لەوە شەرم بکەن کە لۆبیگەری بۆ پێکهێنانی کەشێکی ناوچەیی و نێونەتەوەییی هانابەخش بۆ سەرکەوتنی فیدرالیزم بکەن و تەنانەت تا گەیشتن بە خاڵی دڵخوازی متمانەپێککردنی هەمەلایەنە، داوای دانانی گەرەنتیی نێونەتەوەییش بۆ جێگە و پێگەی سیاسی و دەستووریی ئەو گەل و کەمەنەتەوانە بکەن.

ئاخر پۆل لە ئیستدلالە فیدرالۆفۆبییەکان کە ئەمن لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە گۆیا بارودۆخی ئێران ئەوەندە جیاواز و تایبەتییە کە لە هیچ جێگایەکی جیهان هاوتا و وێچووی نیە، هەربۆیە دەڵێن فیدرالیزم لە رووی مەیدانییەوە بۆ ئێران ناشێ. بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایەش، نەیارانی فیدرالیزاسیۆنی ئێران لەلایەک دەڵێن کە بۆ ئەوەی وڵاتێک بەفیدراڵی بکرێ، پێویستە ئەو قەوارانەی پێک دەگەن پێشتر بە جیا خۆیان بەڕێوە بردبێ؛ لەلایەکی دیکەوە ئەوان پێ لەسەر ئاڵۆزی و تێکەڵاویی پێکهاتەی دیمۆگرافیی قەومی لە ئێران و بارودۆخی ناهاوسانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران دادەگرن. سەبارەت بە ئیستدلالی یەکەم، جیا لەوە کە ئەم بۆچوونە نیشانەی ڕوانینێکی کورتی مێژوویی‌یە کە رابردووی ئەزموونەکانی خۆبەڕێوەبەریی دەڤەرەکانی ئێران پشت گوێ دەخا، پێویستە بڵێین کە جیاوازیی نێوان فیرالیزاسیۆن لە ڕێگای یەکگرتن و فیدرالیزاسیۆن لە ڕێگای لێک دوور کەوتنەوە هیچ بەهایەکی زانستیی موتڵەقی نییە. نە هەموو فیدراڵییە سەرکەوتووەکان لە ئاکامی یەکگرتنی قەوارەی پێشتر لێک جودادا پێک هاتوون، و نە هەموو ئەو ئەزموونانەش کە لە خانەی فیدرالیزم لە ڕێگای یەکگرتن دا پۆلێن کراون، بەڕاستی لەگەڵ ئەم دابەشکردنە کە تەنیا جۆرناسییەکی تیئۆریکە، دێنەوە.

بەڵام لەپێوەندی لەگەڵ ئاڵۆزی و تێکەڵاویی پێکهاتەی قەومیی ئێران جێی خۆیەتی بپرسین کە بۆ، مەگەر وەزعییەتی فیدراڵییەکانی دیکەی جیهان بەڕاستی جیاوازە؟ ( بۆ نموونە، ١٧٪ ی دانیشتووانی هەرێمی فەڕانسەوی زمانی کێبێکی کانادا ئینگلیسی زمانن و زیاتر لە یەک میلیۆن فەڕانسەوی زمانیش لە دەرەوەی هەرێمی کێبێک دەژین). فیدرالیزم بۆخۆی لە بنەڕەت را سیستمێکی خۆگونجێنەر، بوارساز و توانابەروەر بەتایبەتی لەبواری هاوپێوەندییە نێوخۆیی‌یەکاندایە. ئێمە لە ئێران دەتوانین بۆ چارەسەری پرسی

> **نەبوونی ڕێگاچارەی ئیدەئاڵ نابێ ئێمە لەوە هەڵگێڕێتەوە کە بەدوای ڕێگاچارەی وادا بگەڕێین کە زۆرترین گونجاوییان لەگەڵ واقعییاتی کۆمەڵگا و داخوازی گرووپەکانی نێو ئەو کۆمەڵگایەدا هەبێ.**

> **بەداخەوە بێلوتفیی هێندێک لە نەیارانی فیدرالیزم تا جێیەک دەڕوا کە لایەنگرانی جێگیرکردنی ئەو سیستمە بەتایبەتی ئەوانە کە سەر بە گەلانی بێبەشی ئێرانن بە ڕێخۆشکەری نفووز و دەستێوەردانی بێگانەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی داهاتووی ئێراندا لە قەڵەم بدەن**

بۆ لاپەڕی ٩

# دیپلۆماسیی کوردی لە چ حاڵدایە و چۆن دەتوانێ گەشە بکا ؟

مستەفا شڵماشی

بەشی دووەم

لە دنیای ئەورۆدا کاری دیپلۆماسی مەودایەکی بەرینی هەیە و لە بواری جۆربەجۆردا بەڕێوە دەچێ. هەروەک هێز و گرووپی جیاوازیش لەو مەیدانەدا کار دەکەن. ئامانج و ستراتیژیی کاری دیپلۆماسی دەتوانێ سیاسی، ئابووری، نیزامی، نەتەوەیی یا ئیدئۆلۆژی بێ. هەر لەو ڕوانگانەیەشەوە گرووپە دیپلۆماتییەکان دیاری دەکرێن. بۆیە لەو مەیدانەدا نوێنەرانی دەوڵەتان، حیزب و ڕێکخراوەکان، شیرکەتە گەورەکان، ناوەندە بازرگانییەکان، هێزە نیزامییەکان، نەتەوەکان و تەنانەت فەرهەنگ و کلتوورە جیاوازەکانی دنیاش لە کێبەرکێ دان.

هەموو ئەو گرووپ و نوێنەرایەتییانە هەوڵ دەدەن لە مامەڵە لەگەڵ یەکتردا، دەلیل بۆ ڕاستیی هەڵوێستی خۆیان بێننەوە و هێز و توانای خۆیان نیشانی بەرامبەری مامە ڵەکەیان بدەن. هەرچەند پرێنسیپ و بناغەکانی کاری دیپلۆماسی لەسەر پایەی لێکتێگەیشتن و یەکتر قەبووڵ کردن دامەزراوە و لیبڕالیزم نەخشی بەرچاوی هەیە، بەڵام زۆرجار هێز و توانا قسەی ئاخر دەکا. جا ئەو هێز و توانایە سیاسی، ئابوری، نیزامی یا کلتوری بێ، هەرکام لە مەیدانی خۆیدا باڵادەستی هەبێ دەتوانێ ئەنجامی وتووێژەکان دیاری بکا.

زۆرجاریش دەوڵەتەکان و نەتەوەکان هەوڵ دەدەن پرۆسێسی تایبەتی بۆ چارەسەری مەسەلەیەکی تایبەتی دابنێن و هەموو لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە ڕازی بکەن بە قەبووڵکردن و بەکارهێنانی ئەو پرۆسێسە. لە ڕاستیدا باشترین ڕێگای دیپلۆماسی بۆ چارەسەری کێشەیەک ئەوەیە کە ڕێگاچارەیەک بدۆزرێتەوە کە هەموو لایەنەکان پێی ڕازی بن. دەنا هەرچەند کاریش لەسەر پەیوەندییەکان بکرێ، ئەنجام زۆرتر دەبێتە شەڕە دەندووکە و دیپلۆماسی جێگای خۆی دەدا بە هونەری پۆلیمیک.

گرنگترین بەشی کاری دیپلۆماسی ئەوەیە کە بتوانی پرۆژەکەت یا ئامانجەکەت و ئەو مەسەلەیەی کە نوێنەرایەتیی دەکەی لە ڕاددەیەکی بەربڵاودا بناسێنی. تەنانەت وەڵاتانی دنیاش کاتێک دەتوانن باس لە سەربەخۆیی بکەن کە لە ڕادەی نێونەتەوەییدا بە ڕەسمی ناسرابن. بە دەستهێنانی دانپێدانان و ناسران دژوارترین بەشی ئەو کارە گرنگەیە. جاری وایە چەندین ساڵی پێ دەچێ تا مەسەلەیەک لە دنیا دا قەبووڵ بکرێ و سەمپاتیی چارەسەری بە دەست بێنێ. چونکە لە کاری دیپلۆماسیدا هەر لایەنە تەنیا بە یەک ئاراستەدا دەڕوانێ، ئەویش ئاراستەی قازانجەکانی خۆیەتی. چۆن دەتوانی نیشان بدەی کە چارەسەری کێشەکەی تۆ نەک تەنیا زیان بە لایەنی بەرامبەرت ناگەیەنێ، بەڵکوو قازانجیشی پێ دەگەیەنێ، ئەوە کارێکی دژوارە. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕاستییە کە وەڵاتێکی گەورە و ئابوورییەکی لە حاڵی هێرش کردندا وەک وەڵاتی چین ئێستاش بە تەواوی بە ڕەسمی نەناسراوە لە نێو ڕادەی وەدیهاتنی ویستیش دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ. هەروەها لە داڕشتنی ستراتیژییەکی سەرکەوتوودا پێویستە ئەو لایەنانەی کە دواتر پەیوەندییان لەگەڵ دەگیرێ، لەبەر چاو بگیرێن و بەڵگەی وا نیشان بدرێ کە ئەوانیش قازانجیان لە وەدیهاتنی



ئە گەر بتهەوێ دیپلۆماسییەکی سەر کەوتوو بەڕێوە بەری، پێویستە هەموو ئەو دامودەزگا و ناوەندانە بناسی و لە کاتی داڕشتنی ستراتیژی، پرۆژە و بەرنامەدا لەبەر چاویان بگری

دەوڵەتەکانی دنیادا، ئەو جار دژوارییی ئەو مەسەلەیەمان بۆ دەردەکەوێ.

بۆیە گرنگترین کاری دیپلۆماسی بۆ هەر هێزێک زەمینەسازی و ڕێخۆشکردنە بۆ ناساندنی مەسەلەکەی و قەبووڵاندنی داخوازییەکانی. ناساندنی مەسەلەیەک و قەبووڵاندنی لە ڕادەی نێونەتەوەییدا کارێکی هاسان نییە. هەم کاتی زۆری دەوێ وهەم ئیمکاناتی زۆر. چونکە کار بۆ ناساندن و قەبووڵاندن پێویستە زۆر بەوردی و بە بەرنامە بچێتە پێش و هەموو قۆناغە پێویستەکان تێپەڕبکا و خاوەنی ستراتیژی، پرۆژە، بەرنامە، پلانی درێژخایەن و پلانی کورتخایەن بێ.

داڕشتنی ستراتیژیەکی باش بۆ کاری دیپلۆماسی لەسەر مەسەلەیەکی تایبەتی لەپێشدا دەبێ زانیاری بۆ کۆبکرێتەوە و زەمینەی بۆ ئامادە بکرێ. کەوابوو لە کاری پەیوەندییەکاندا پێویستە هەوڵ بدرێ زەمینەی نێونەتەوەیی بناسرێ، جێ پێی پشتیوانی پەیدا بکرێ و لە بواری قەبووڵاندندا هەڵسەنگاندن بکرێ. دوای ئەوە و بە پشت بەستن بەو زانیارییانە ستراتیژی دابڕێژرێ. چونکە ستراتیژی تەنیا لەسەر ویست دانارێژرێ، بەڵکوو زەمینەی وەدیهاتنی ویست و ئامانجی ئەو ستراتیژییەدا هەیە.

دوای داڕشتنی ستراتیژی پێویستە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەو ستراتیژییەدا پرۆژە دابنرێ و پێداویستییەکانی ئەو پرۆژانە، چ لە بواری ئینسانی و چ لە بواری ئیمکانات و مێکانیزمەکانی بەڕێوەبەری و بەدیهێناندا دیاری بکرێن. هەر پرۆژەیەی پێویستە بەرنامەی بۆ دابنرێ و هەر بەرنامەیەش پێویستە لە پلانی درێژخایەندا بگونجێندرێ. پاشان بەپێی قۆناغەکان ئەو پلانە درێژخایەنانە ورد بکرێنەوە و ببنە پلانی کورتخایەن، یا پلانی ساڵانە.

بۆ ئەوەی ستراتیژی، پرۆژە، بەرنامە و پلان بە شێوەیەکی باش و گونجاو دابڕێژرێن و بەڕێوە ببرێن، پێویستە زانیاریی باش هەبێ لەسەر یاسا و ڕێککەوتنە نێو نەتەوەیی‌یەکان. مەرج نییە ستراتیژی، پرۆژە و بەرنامەکان تەواو لە چوارچێوەی ئەو یاسا وڕێککەوتنانەدابن، بەڵام پێویستە بە شێوەیەک دابڕێژرێن کە دژایەتییان لە گەڵیاندا نەبێ. ئەگەر ئاگاداریت لە سەر نەبن و پشت گوێیان بخەی، هیچ دوور نییە لە کاتی زۆر هەستیاردا ببنە کۆسپ لەبەر دەمت دا. چونکە هەموو ئەو هێز و لایەنانەی ڕوو بەڕوویان دەبیەوە چاوەڕوانن کە ئاگاداریت هەبێ لەسەر ئەو یاسا وڕێککەوتنانە و لە ستراتیژی، پرۆژە و بەرنامەکانت دا لە بەرچاوت گرتبن.

گرنگترین یاسا و ڕێککەوتنە نێونەتەوەیی‌یەکان بریتین لە : قانوونی گشتیی نێونەتەوەیی، قانوونی تاکەکەسیی نێونەتەوەیی، قانوونەکانی سەروو نەتەوەیی. دیارە باسی هەریەک لەو قانوونانە دەیان لاپەڕە پڕدەکاتەوە و بەو هەموو بەند و لکەی لێیان دەبێتەوە جێگای باسی ئێمە نییە. ناوهێنانیان لێرەدا تەنیا بۆ ئەوەیە کە لە کاتی پێویست دا چاویان لێ بکرێ و کە ڵکیان لێ وەر بگیردرێ. ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکانیش زۆرتر لە بۆند و یەکییەتییەکانی نێونەتەوەیی (وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکییەتیی ئورووپا، یەکییەتیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، ڕێکخراوی بانکی جیهانی، ڕێکخراوی بازرگانیی نێونەتەوەیی، یەکییەتی نەتەوەکانی باشووری ئەمریکا، ئەنجومەنی وڵاتانی باشووری ئاسیا بۆ هاوکاری و...هتد) بەرهەم هێنراون کە جێگای سەرنج و تێڕامانن.

گرنگترین ئەو ڕێککەوتنانەی لەو بۆند و یەکیەتییانە هاتوونە دەر بریتین لە : ئاییننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێککەوتنی ڕۆم، پرۆتوکۆڵی کیۆتۆ، ڕێککەوتنەکانی یەکییەتیی ئورووپا، قانوونەکانی یەکییەتی ئوروپا و ...هتد. هەروەها کۆمەڵێک نیهاد و ڕێکخراوەی حقووقی لە دنیادا هەن کە پێویستە هەم وەک ئامرازێک و هەم وەک ڕێگرێک چاویان لێ بکرێ، بناسرێن و حیسابیان بۆ بکرێ. بۆ وێنە: دیوانی نێونەتەوەیی جینایی، ناوەندی نێونەتەوەیی قەزایی، دیوانی لاهە، کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان، دادگای مافی مرۆڤی ئوروپا، ناوەندی قەزایی ئورووپا و زۆری دیکە.

ئە گەر بتهەوێ دیپلۆماسییەکی سەر کەوتوو بەڕێوە بەری، پێویستە هەموو ئەو دامودەزگا و ناوەندانە بناسی و لە کاتی داڕشتنی ستراتیژی، پرۆژە و بەرنامەدا لەبەر چاویان بگری. دەبێ قانوون و قەراردادەکانیان بزانی و لە بڕیارەکانت دا لەبەرچاویان بگری و زۆر جار وەک فاکت و پەنای قانوونی ئیشارەیان پێ بکەی. بەتایبەت دیپلۆماسیی ئەو نەتەوانەی هەوڵ دەدەن مافی خۆیان لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا بسەلمێنن، زۆر کاری بەو ڕێوشوێن وچوارچێوانە دەبێ.

لە بەشی داهاتوودا هەوڵ دەدەین چەند وێنەیەک لەو دیپلۆماسییە سەرکەوتووانە باس بکەین کە بە داڕشتنی ستراتیژییەکی باش، دانانی پرۆژە و پلان، لە سەر بناغەی زانیاریی تەواو لەبارەی دامودەزگا نێونەتەوەییەکانەوە توانیویانە مەسەلەکەی خۆیان بقەبووڵێنن و بە ئامانج بگەن.

دریژەی:

## سەبارەت بە فێدراڵۆفۆبی (ترس لە فێدرالیزم) لە ئێران

کێشانەوەی هەرێمەکان یا لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی زمانیدا، ڕێگاچارەی ئیزافی و ئیسلاحیی وەک ڕێکارە جۆربەجۆرەکانی خودموختاری (نموونەی رووسیە) یان بەڕێوەبردنی هاوبەشی هێندێک دەڤەر (نموونەی بێلژیک) لەگەڵ فیدرالیزم تێکەڵ بکەین. وە بەگشتی، من وەک خۆم لەو باوەڕەدام کە فیدرالیزم لە ئێران دەتوانێ وەک فیدرالیزم لە کانادا یان هەرێمگەرایی لە ئیسپانیا بێ کە لەواندا نە هەموو هەرێم و ناوچەکان لەسەر بنەمای نەتەوەیی کێشراونەوە و نە جێگە و پێگەی یاساییی هەموو یەکەکانیش وەک یەکە، بەڵکوو ستاتووی ئێستا و ڕەوتی چوونەپێشی هەر کام لەو یەکانە بەپێی داواکاری و تایبەتمەندییەکانیان لەبواری کەلتووری و گەشەی سیاسی و ئابووری‌دا دیاری کراوە.

لە کۆتایی‌دا بەپێویستی دەزانم بڵێم ئەوە کە من لێرەدا بیانووەکانی دژایەتی لەگەڵ فیدرالیزم بە نابەجێ دەزانم، بە مانای حاشاکردن لە گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای فیدرالیزاسیۆنی ئێران یان بەکەمگرتنی ئەو کەند و کۆسپە جێبەجێکارییانە نییە کە فیدرالیزم لە ئێران لەگەڵیان بەرەوڕوو دەبێتەوە. بەڵام چما هیچ ئالترناتیوێکی سیاسی لە هیچ کوێیەکی جیهان وەدەست دەکەوێ کە لەگەڵ کەند و کۆسپی جێبەجێکردن بەرەوڕوو نەبێتەوە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کە بەستەرێکی زۆر هانابەخشیان لەبواری گەشەسەندنی سیاسی‌دا نیە؟ چاوەڕوانیی ئەوە کە فیدرالیزم تەواوی کێشەکانی وڵات یەکسەر جێبەجێ بکا یا تەنانەت بۆخۆی نەبێتە سەرچاوەی کۆمەڵێک دژواریی دیکە لەبواری نیهادی و بەڕێوەبەری‌دا، چاوەڕوانی‌یەکی ساویلکانەیە. ئێمە دەبی فیدرالیزم وەک پرۆسەیەکی درێژخایەن چاو لێ بکەین کە پێویستیی بە ژێرخانسازی هەیە کە لەودا هەر کام لە فاکتەرەکانی سەرکەوتن بە جیا هەمیشە دەتوانن پێویست بن، بەڵام هەرگیز کافی نابن. بەڵام نەبوونی ڕێگاچارەی ئیدەئال نابێ ئێمە لەوە هەڵگێڕێتەوە کە بەدوای ڕێگاچارەی وادا بگەڕێین کە زۆرترین گونجاوییان لەگەڵ واقعییاتی کۆمەڵگا و داخوازی گرووپەکانی نێو ئەو کۆمەڵگایەدا هەبێ. مێژووی سەت ساڵی ئاخیری ئێران پێمان دەڵێن کە قەیرانی دێموکڕاسی لەو وڵاتەدا پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ڕەنگنەدانەوەی هێزە ساختارییەکانی کۆمەڵگا (کە گەلانی ئێران گرینگترینی ئەو هێزە ساختارییانەن) لەنێو دیزاینی حکومەتیی وڵاتدا. هەربۆیەشە ئەمن پێشنیاری ئەوانەی وا دەڵێن تا دەورانێک لە تەمرینی دێموکراتیک تێپەڕ نەکەین نابێ بێینە سەر باسی فیدرالیزم یا لامەرکەزی لەسەر بنەمای هۆوییەتی، بە پێشنیارێکی مەترسیداری وەدواخستن دەزانم. ئەزموونی ئەو ڕۆژانەی عیراقیش پێمان دەڵێن کە لە خراپترین هەلومەرجدا کە خەڵکی ئەو وڵاتەی تێکەوتووە، ئەوە فیدرالیزمە کە بە هانای دێموکڕاتیزاسیۆنی ئەو وڵاتەوە چووە.

دۆستانی خۆشەویست! لە مەودای نێوان کۆنفرانسی پێشووی ئەنجومەنی پەژووهێشگەران کە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ هەر لەو پێوەندییەدا لە ئاڵمان بەڕێوە چوو تا کۆنفرانسی ئەمجارە، ژمارەی ئەو لایەن و بژاردانەی ئیمانیان بە هاوکێشەی نێوان دێموکڕاسی و عەدەمی تەمەرکوز لە ئێراندا هێناوە بەشێوەیەکی هیوابەخش زیادی کردووە. پێویستە هەوڵ و هیممەتەکان درێژە بدرێن. لەو پێوەندییەدا من پێشنیار دەکەم کە وەک هەر کۆنفرانسێکی دیکەی کارناسی بڕیارنامەیەک بۆ ڕەسمییەتدان بە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان بەشدارانی کۆنفرانس پەسند بکرێ. سپاس بۆ سەرنجتان.

# بنەما تئۆرییە ـ فەلسەفییەکانی دێموکراسی

## (بەشی دوازدەیەم)

ن: زانیار ئەحمەدی

وەرگێران لە فارسییەوە: تەها رەحیمی

**١_٦_١_ دێموکراسی دوو رەهەندی ناتەبا**

هێندێک لە خاوەن رایان پێیان وایە واتای «حکوومەتی خەڵک لەسەر خۆیان» و یا «حکوومەت دەست خەڵکەوە« ناتەبایی و پارادۆکسی دەگەڵە. «»حکوومەت کردن» لە لایەک و «خەڵک» لە لایەکەی دیکەوە دوو لایەنی ئەم ناتەباییە پێک دێنن کە کوهین وەک پارادۆکسی «حکوومەتی خۆ کردن» باسی دەکا. ناوبراو لەسەر ئەم دوو رەهەندە پارادۆکسیکلەی دێموکراسی رادەگەیەنێ کە بەشێکی گرینگی حکوومەت دەسەڵاتی زاڵە، بەو واتایە کە حکوومەت توانای ناچارکردنی تاکەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی هەیە یان ئەوەی دەتوانێ دژی ویستی ئەوان هەنگاو بنێ. کەواتە ئەدی چۆن دەتوانن حکوومەتی خۆیان بکەن؛ ئەگەرچی بەشێکی فەرمانڕەوایی بەشێکی دەکەن. کوهین لە زمانی جانسیتورات میلەوە دەنووسێ

« ئێستا روون بۆتەوە دروشمی وەک « حکوومەتی خەڵکی و «فەرمانڕەوایی خەڵک لە سەرخۆیان « دۆخی راستەقینەی بابەتەکەمان بۆ دەرناخا.ئەو خەڵکەی فەرمانڕەواان هەمیشە ئەو خەڵکە نین کە دەسەڵاتیان بەدەستە. (کوهن،٢٢:١٣٧٣) حاشا هەڵنەگرە زۆربەی خەڵک ناتوانن حکوومەت بکەن بەڵکوو حکوومەتیان لەسەر دەکرێ. گلارستون زۆر بە جدی ئەم خالە دەخاتە روو کە « ئەو بەشەی لە خەڵک کە بتوانین نەتەوەی پێبڵێین، بە راستی قەت حکوومەتی خۆیان نەکردوە، بەرزترین شتێک کە لە ژیانی مرۆڤ دا وێدەچێ لواو بێ ئەوەیە کە گەل دەبێ خۆی فەرمانڕەواکانی خۆی هەڵبژێرێ، (کوهن، ٢٣:١٣٧٣) بەپێی ماددەی ٢١ی راگەیاندراوی جیهانی مافی مرۆڤیش بنماو سەرچاوەی دەسەڵاتی حکوومەت ئیرادەی خەڵکە. ( بیتهام، ١٢٢:١٣٨٤) رۆسۆ بە بێ هیچ مەرجێک ئەسڵی حاکمییەتی رادەگەیەنێ و بەرگری لە دیموکراسی کراوە بۆ هەموو لایەک دەکا.( گیاارمە، ٥٠:١٣٧٦)

هەروەها دەبێ بڵێین شۆمپیتەر لە سەر ئەم بڕوایەیەکە دێموکراسی بە واتای راستەقینەی «خەڵک» و «حکووومەت»ناتوانین بە حکوومەتی خەڵکی بزانین. بەڵکوو خەڵک تەنیا دەتووانن دەسەڵاتبەدەستەکانکانیان هەڵبژێرن و یان لێ بخەن. (١٩٥٠: Schumpeter)(٢٥١ )

شومپیتەر نێوەرۆکی ئیرادەی گشتی رۆسۆ و ئەسڵی حاکمییەتی خەڵکی بە واتای بەرژەوەندی گشتی بە ترسێنەر هەڵدەسەنگێنێ،لەبەر ئەوەی رەنگە دیکتاتۆری لێبکەوێتەوە. لەتێئۆری دیموکراسی شومپیتەر دا، خەڵک بە دەنگ تەنیا رەوایی بە سیستمی سیاسی دەبەخشن و هیچی دیکە.( شومپیتر:٨٥: ١٣٥٤) پوپێریش راشکاوانە دەڵێ لە روانگەی بنەچەناسییەوە، دیموکراسی بە واتای « حکومەت لەلایەن خەڵکەوە» یان « فەرمانرەوایی خەڵک» لێکدەدرێتەوە کە جیاوازی دەگەڵ ئاریستۆکراسی و پاشایەتی هەیە. بەڵام لە راستیدا لە هیچ کوێ خەڵک نازانن حکومەت بکەن. بەڵکوو ئەوە دەوڵەتەکانن کە حکومەت دەکەن .( پوپر: ١٣٤٨٠_ الو: ١٨٥).

گی ئارمەش ئاماژە بە کۆمەڵێک خاڵ دەکا کە هاوئاراستەی راوەستەی شومپیتەر لەسەر دێموکراسین. دێموکراسی لە رووی پێویستییەوە رووماڵیەکی سەمبۆلیکی بە خۆیەوە گرتوە کە لەو دا بە گشتی دەسەڵاتی ئەبستراکت دەگەرێندرێتەوە بۆ خەڵک و بە مجۆرە گریمانە دەکرێ کە دەسەڵات بە ناو خێر و بێری خەڵک پراکتیزە دەکرێ، بۆیە بە بڕوای وی لەراستیدا دەسەڵاتی ریئاڵ و دیاریکراو لە دەستی خەڵکەوە نیە بەڵکوو بە دەستی ئەو کەسانە دایە کە هەڵیانبژاردوە.(ارمە،٢١:١٣٧٦)

هێگڵ فیلسوفی مەزنی سەدەی نۆزدەیەمی ئاڵمان، رەخنە لە چەمکی بنەرەتیی دێموکراسی واتا فەرمانڕەوایی ویست و ئیرادەی خەڵک دەگرێ. چەمکی لیبرالی خەڵک وەک کۆمەڵێک تاکی جیاواز و سەربەخۆ بە بڕوای هێگل نادرووستە. ئەم چەمکە ئەبستراکتە و خۆی لە خۆی دا ناتوانێ خاوەن ئیرادە بێ. کانت واتای کۆماری لە دێموکراسی هەڵداوێرێ. بە لای کانتەوە دێموکراسی بریتییە لە فەرمانڕەوای خەڵک( لەسەر خۆیان) و نەمانی جیاوازی نێوان دامەزراوەی بڕیاردەری قانووندانان و دامەزراوەی جێبەجێکەرە کانت ئەم فۆرمە لە فەرمانڕەوایی بە سەرچاوەی پێکهاتەی سەرەڕۆیی دەزانێ، چونکی هەموو دامەزراوێکی قانووندانەر دەتوانێ بە حەزی دڵی خۆی هەربڕیارێکی بیدا جێبەجێی بکا. کانت جیاکردنەوەی دەسەڵاتی قانووندانان و جێبەجێکار بە تەنیا رێگەی بەرگری لە پێکهاتەی ئەم دۆخە دەزانێ. کانتیش وەک مۆنتیسکۆ پێی وایە دەسەڵاتەکان پێویستە لێک جیابن و جەختیشی ئەوەیە کە هیچ پێویست ناکا دەسەڵاتی جێبەجێکار هەڵبژێردراو بێ، بەڵکوو ئەوە دەسەڵاتی قانووندانانە دەبێ یەک یەکی خەڵک هەڵبژێرن. بە بڕوای کانت دوو مەرجی دیکەش پێویستن تا ئەو شتەی ناوبراو پێی وایە بە بناخەی کۆمارییە راست دەربچێ، یەکەم پرەنسیپی سەربەستی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە وەک مرۆڤ و دوویەم پەنسیپی یەکسانی حقووقی هەموو هاوڵاتیان. (محمودیان،١٥:١٣٨٣)

ستوارت میل دەنووسێ لەگەڵ پێداچوونەوە بە پرۆسەی مێژوویی بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتی فەرمانرەوایان و زیاد کردنی مافی ژێردەستەکان دەنووسێ:


لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ کاتێک دادێ کە ئیدی مرۆڤەکان مژاری سەربەخۆیی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانیان و دژایەتیی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ خۆیان بە (جبر) سروشتی نابینن. گرینگی بەم خاڵە دەدەن کە ئیدی بەرپرسە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت خزمەتکارو نوێنەریانن و دەبێ بە ویستی وان بگۆڕدرێن...

تاکە چارە ئەوەیە.. کە دەسەڵاتی حکوومەت قەت دژی بەرژەوەندییەکانیان نەوەستێتەوە....

فەرمانڕواکان دەبێ بە شێوەیەکی کاریگەر لە بەرانبەر گەل دا بەرپرسیار بن و گەل هەر کاتێک بیەوێ لێیان بخا. (لنکستر، ١٣٧٦: ١٥٠ ) میل لە درێژەی ئەم باسەدا دەڵێ: «دەقی وتەی (حکوومەتی خۆ کردن) بە واتای ئەوە نییە

هەر کەسەو فەرمانڕەوای خۆی بێ، بەڵکوو فەرمانڕەوایی کردنی هەموو کەسێک لەلایەن دیترانەوە. هەروەها ئیرادەی خەڵک واتا ئیرادەو ویستی زۆرترین و یان چالاکترین بەشی کۆمەڵگە، واتا زۆرینە یان ئەو گرووپ و تاقمە کە دەتوانێ خۆی وەک زۆرینە بە گەل بقەبووڵێنێ: (لنکستر، ١٣٧٦: ١٥١ )

پوپێر پێناسەی دیموکراسی بە




واتای دەسەڵاتی خەڵک بە سەقەت دەزانێ و رەتی دەکاتەوە، چونکی بە بڕوای پوپێر ئەگەرچی رەنگە خەڵک بە هەڕەشە و گوڕەشە کاریگەرییان لەسەر لابردن و لێخستنی فەرمانڕەواکانیان هەبێ بەڵام ئەوە بە هیچ جۆرێک بە واتای حکوومەتی خۆ کردن نییە. خەڵک تەنیا لە رێگەی هێندێک دامەزراوەوە دەبێ فەرمانڕەواکانیان لێبخەن (پوپر، ١٣٨٠ ـ الف، ٣٠٩) هابێرماس لە سەر ئەم بڕوایەیە کە هاووڵاتیان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا تەنیا ئەو کاتە خۆیان دەسەڵاتی خۆیان دەگرنە دەست کە لە وتوویژێکی ئازادو یەکسان دا قانوونێک بۆ خۆیان پەسند بکەن. (هابر ماس، ١٣٨٦:١٨٣)

کوهێن بە جیا کردنەوەی واتای «ئیداری» حکوومەت لە واتای» رێ نیشاندەری»یەکەی هەوڵ دەدا پارادۆکسی ئارایی ئەم دۆخە نەهێڵێ. ئەگەر حکوومەت بە واتای بەرنامەرێژی و دارشتنی هێڵی سیاسی و ئاراستە بەخشین بە تاکەکان بێ، ئەو کاتەیە خەڵک بەراستی حکوومەتی خۆیان دەکەن. ئەگەر واتای ئیداری (راپەڕاندنی) حکوومەت کە پێویستی بە دەسەڵات و زۆرەملی هەیە لە واتای رێ نیشاندەری یەکەی (ارشادی) جیا بکرێتەوەو ئەرکی رێنوێنی حکوومەت وەک سەرەکیترین ئەمەگ چاوی لێ بکرێ، پارادۆکسی حکوومەتی خۆ کردن نامێنێ. لە راستیدا هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە دەتوانن لە پرۆسەی گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانیاندا بەشدار بن. هەر کاتێک زۆرینەی خەڵک بەشداری ئەم ئەرکە بن دەتوانین بەو کۆمەڵگەیە بڵێین کۆمەڵگەی خۆبەرێوەبەر. (کوهن، ١٣٧٣:٢٥)

وێدەچێ کوهێن لە حکوومەت دا بە دوای واتای پارادۆکسەوە بێ و لە هەوڵی ئەو پارادۆکسەش دایە. بەڵام مژاری «خەڵک وێکڕا» بۆ خۆی کێشەیەکە کە هێشتاش ناڕوونییەکی زۆری لەسەرە. بەو واتایە کە خەڵک حکوومەتی خۆیان دەکەن یا حکوومەتی خۆکردن یانی چی؟ دروست بوونی ئەو وتە بە چ پێودا روون دەکرێتەوە؟

هەروەها بەراستی پێناسەو تاریفی بنەڕەتیی خەڵک چییە؟ لەم رووەوە حکوومەتی خەڵک لەسەر خۆیان هەروا ناڕوونی و لێڵی پێوەرو پێودانگێک دیارەو لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێ.

**٧.١. دوورەدیمەنی داهاتووی دیموکراسی**

زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەمڕۆی جیهان سیستمی حکوومەتی خۆیان بە دیموکراسی دەزانن، نزیک بە زۆربەی وڵاتان و رێبەرەکانیان جا سیستم و روانگە و جۆری ئابووری و ئایینیان چ بێ، بانگەشەی دێموکراسی دەکەن. زۆربەی کەس، کەم تا کورت لە هەموو کۆمەڵگەکاندا، بگرە لە هەموو چینە کۆمەڵایەتیی و ئابووری و ئایینە جیاوازەکاندا دێموکراسی بە سیستمی حکومەتێکی دڵخواز دەزانن، بەڵام لیپست ئەم بیرۆکەو «راکێشەرییە زیاتر بە ئیحساسی دەزانێ تا عەقڵ.» (لیپست، ١٣٨٣:١١). لەم لایەشەو فیلسوفەکانی وەک پوپێرو هابێرماس لە روانگەیەکی فەلسەفی و سیاسییەوە بەرگرییان لە دێموکراسی کردوە. هەریەک لەم فیلسووفانە پرۆسەیەکی دیموکراسییان مەبەستە کە لە رێگەی فێرکاری عەقڵانییەتی رەخنەیی و هەروەها رێگەچارەی رێکاری کردەی لێک تێگەیشتنی ئاراستە کراو بە دۆخی ئایدیالی گوتار بێتە دی.

لە حاڵێکدا پوپێر جەخت لە دەوری چاودێری خەڵک بۆ لێخستنی فەرمانڕەوایان لە کۆمەڵگەیەکی کراوەدا دەکا هابێرماس باس لە جۆرێک دێموکراسی راستەقینە دەکا کە لەسەر بنەمای عەقڵانییەتی پێوەندی و کردەوەی لێک تێگەیشتن دامەزراوە کە بە دێموکراسی ئاوەزمەندانە(Rationaldewdray) ناودێر دەکا. بەپێی تیوری هابێرماس (ئۆتۆریتەی بە دوور لە هەر چەشنە ترس، زۆرەملی، ناچاری، هەڵفریواندن و توندوتیژی لەم چەشنە دیموکراسیە) دا دەدرەوشێتەوە. (نوزەری، ١٣٨١: ٦١٠)

بێ گومان رەوتی نزیک بوونەوە لە دێموکراسی و خەبات لەم رێگەیەدا لە ئاستی جیهان و بەرین بوونەوەی گۆڕەپانی شەپۆلی سێیەمی دێموکراسی لە زۆربەی کۆمەڵگەکان لەلایەک و، سەقامگیری و پتەو بوون و قووڵ بوونەوەی بنەماکان و فێر کارییەکانی لە وڵاتانی دیموکراتیک دا لەلایەکی دیکەوە دێموکراسی لەگەڵ دوورە دیمەنێکی ئەرێنی رووبەروو کردۆتەوە. دیارە پرۆسەی گۆڕانی ئامالْ دیموکراسی و بەرز بوونەوەو پێشکەوتنی بەردەوام لەگەڵ کێشەی پێکهاتەیی و فۆرمی جۆراوجۆر دەستەویەخە بووە.

وێدەچێ ململانێ دەگەڵ ئەو ئارێشانە و هەڵسەنگاندنی ئاکام و فێرکارییەکانی، گۆڕانی نێوخۆیی دێموکراسییەکانی لێبکەوێتەوە. چونکی دێموکراسی خاوەن پێناسێکی بزۆکە، لێکدانەوە تاووتوێی بنەما، فێرکاری، مەبەست، ئاکام و گۆڕانکارییەکانی هەروا بەردەوامە. یەکێک لە گۆڕانکارییەکانی ئەم بوارە تاووتوێی ئەندێشە سیاسییەکانی کارل پوپێر و یورگێن هابێرماسە کە لەم وتارەی ئێمەدا خاوەن پێگەیەکە سەرەکییەو لە بەشەکانی دواتردا بە وردی و تێروتەسەلی باس لەو بنەماو فێرکارییە ئەبستمولۆژی و مێتودناسییانەی دەکەین کە تیوری دێموکراسی بەرزتر و تەواوتر و پێشکەوتووتر دەکەن.

باشتر بوونی هەلومەرجی دارایی دێموکراسی، بەرز بوونەوەی ئاستی ژیانی جەماوەرو خەڵک و نەهێشتنی نایەکسانی زەقی ئابووری و دابەزاندنی کەلێنی چینایەتی، داخوازی روو لە هەڵکشانی خەڵک و چۆنییەتی مامڵە لەگەڵ دیاردە نوێیەکانی وک بە جیهانی بوون و بناژۆ خوازی ئایینی، ئاشتی خۆراگرو پەرەدان و گۆڕینی ئەرکە تایبەتییەکانی خۆشبژێوی حکوومەت بەشێکن لەم ئەرکانە کە لە دوورە دیمەنی ئاسۆی پێشکەوتنی خۆی دا بۆ پەرەگرتن و گۆڕانکاریی رووبەروویەتی.

بە گشتی دەتوانین لەسەر ئەم بنەمایانە یاساو بەرگری لە بەرەی دێموکراسی بکەین.

ئەلف): بەڵگاندنی ئەبستمۆلۆژیی دێموکراسی لەسەر بنەمای بەرهەم نەهاتنی ماریفەتی (معرفت) یەقینی و بڕوایی.

ب): پاساو هەڵگرتنی حکوومەت لە سەر خۆت لە بەرانبەر حکوومەت لەسەر دیتران کردن.

ج): یەکسانی سروشتیی مرۆڤەکان.

د): پێکهەڵکردنی مەنتیقی نێوان ئاشتی و دێموکراسی.

ح): پێکهەڵکردنی دێموکراسی (کۆمەڵایەتی) لەگەڵ پەرەگرتنی ئابووری سەرمایەداری (بشیریە، ١٣٨٤ : ٤٣٦ ـ ٤٤٠ ) هێندێک تەگەرەو کێشەو ئارێشە لەسەر رێگەی گەشەو پەرەسەندنی گوتاری دێموکراسی قوت دەبنەوە کە دێموکراسی دەبێ لە رووی ناچارییەوە رووبەروویان بێتەوە، یەکێک لەم کێشە جیددییانە لە دوورەدیمەنی دێموکراسی دا دیاردەی بە جیهانی بوونە کە بێگومان ئەم بابەتە ئارێشەیەکی زۆر جیددییە ـ هەر بەم بۆنەیەشە کە سەرنجی بیرمەندان و زانایانی بۆ لای خۆی راکێشاوە لە بەشی دواتری باسەکەمان دا ئەم مژارە لە سەر بنەمای بیروبۆچوون و ئەندێشەکانی هابێرماس تاووتوێ دەکەین کە کتێبێکی لە پێوەندیی لەگەڵ بە جیهانی بوون و داهاتووی دێموکراسی نووسیوە.

**١-٧-١- دێموکراسی و کێشەکانی بە جیهانی بوون**

بە جیهانی بوون نیشانەی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی خێرا و سەرسووڕهێنەرە کە جیهان لە سێ دەیە لەمەوبەرەوە تا ئێستا رووبەڕوویەتی. بە جێهانی بوون یەکێک لەم چەمکانەیە کە زۆری لەسەر وتراوەو بابەتەکانی، وتوویژیدووروودرێژیورووژاندووە بە جۆرێک کە یەکێک لە دەستەواژە لێڵ و قاڵمەقاڵم خوولقێنەکانی دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم بووە کە سەرەڕای ئەوەی زۆر بەکار هاتووە بەڵام هێشتاش خاوەن پێناسەیەکی دیاریکراو نییە، خاوەن رایان و بیرمەندان لەسەر پێناسەیەکی تۆکمەی بە جیهانی بوون رێکنەکەوتوون هەر بۆیە لەو پێوەندییەدا بەربڵاوی و شپرزییەکی زۆر دەبینرێ. ئەگەرچی هێندێک ریشەی جیهانی بوون زۆر بۆ دوور دەگەرێنەوەبەڵام لە دەیەی کۆتایی ١٩٨٠وە بەدوا ئەم دیاردەیە دەکەوێتە سەر زاران. بەدوای مژاری گوندی جیهانی مەک لۆهان دا، کارل یاسپرس رادەگەیەنێ کە لە بەرەبەری گۆڕانکارییەکی قووڵی مێژوویی داین، ئیدی «ئەوێ» بوونی نییە. (مکارم، ١٩:١٣٨٢) ئەو بە جیهانی بوون بە پێکهاتنی رایەڵکەیەک دەزانێ کە لە چوارچێوەکەی دا ئەو کۆمەڵگەیانەی پێشتر لەم گۆی زەوییەدا تەریک و دووردەست بوون لەسەر بنەمای بەستراوەیی بەرانبەر و یەککرتوویی جیهانی، تێکەوەبلکێنن. (اصغری،١١:١٣٨٢) زۆربەی هەرە زۆری توێژەران و خاوەن رایانی ئەم بوارە جەخت لەسەر بەستراوەیی و پێوەندی بەرانبەر لە بە جیهانی بوون دا دەکەن. گیلپین و کریزنێر پێیان وایە بە جیهانی بوون هەمان بەستراوەیی بەرانبەرە، هێندێک توندتر و بەربڵاوتر. (سلیمی،١٣٨٥:٣٢٥)

خەزەڵوەر

# *مامۆستا گۆران، باوکی شێعری نوێی کوردی*

وریا رەحمانی

لە مێژووی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەکدا کەسانێک هەبوون کە بە پێشەنگانی پێشکەوتن و رچەشکێنی سەرەکیی نوێخوازی و بەرۆژبوونەوە دەناسرێن و شانازیی نەمریی لە بیری گەلەکەیاندا بۆخۆیان تۆمار دەکەن.

لە بەستێنی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی دا ئەم پێگەیە بۆ کەسێک نیە جیا لە گۆرانی شاعیر و شۆڕشگێری بە ناوبانگ و هەست ناسک و کەڵەپیاوی وڵاتی کوردەواری. راستە گۆرانیش وەک زۆربەی شاعیرانی نوێخواز و رچەشکێنی گەلانی دیکە لە سەرەتاوە بە شێعری عەرووزی دەستی پێکرد و فرچکی ئەدەبیی گرت. بەڵام ئەم بەستێنە هەرگیز نەیتوانی زەرفییەتەکانی شێعری گۆران وێنایەکی پڕبەپێست بکاتەوە و هەربۆیەش پاش ئاشنا بوون لەگەڵ شێوازە نوێیەکانی شێعری لە ئاستی جیهانیدا هەوڵێکی هاوشێوەی لە گۆڕەپانی شێعر و ئەدەبی کوردی دا دەست پێکرد و بە خۆشحاڵیشەوە کە بە واتای تەواوی مانا تێیدا سەرکەوتوو بوو.

گۆران ئاوێنەی باڵانوێنی شێعر و ئەدەبی کوردی سەدەی بیستەمە و نەک هەروەک باوکی شێعری نوێی کوردی بەڵکوو، دەتوانین بڵێین کە بە حەقیقەت شاعیرێکی بە توانا و جوانی خوڵقێن وهەست ناسکیش بوو. مۆدێلی نوێکردنەوەی شێعری مامۆستا گۆران وەک زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە نێو گەلانی دیکەی دنیاشدا ئەو کارە گەورەیەیان کرد تا رادەیەکی زۆر سەرەتایی بوو، و تەنیا لە ئاستی درێژ و کورتکردنەوەی دێرە شێعرییەکاندا مایەوە و نە گۆڕانگاریی وەزنی و نە سەروایی پێکنەهێنا. بەڵام هەر ئەوەندەش کافی بوو بۆوەی گۆڕانکارییە پێکهاتە شکێنەرەکانی دواتر وەدی بێنێ و شێعری کوردی بەرەو ئاقارێکی نوێتر و ئەورۆیی و پێشکەوتنخوازانە بەرێ.

گۆران لە ناخی دەسپێکی خۆیدا مامۆستا و سەرچاوەیەکی بە نرخ بوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بە دوایدا مەودا جۆراوجۆرەکانی شێعر و ئەدەبی کوردیان زیاتر تاقی کردەوە و ئاراستەیەکی بەربڵاوو جیهانیانەتریان بە فەرهەنگی ئەدەبیی کوردی بەخشی.

لە لایەنە هەرەبەرجەستەکانی شێعری گۆران ئەوە بوو کە کەڵکێکی زۆری لە فۆلکلۆرو ئەدەبیاتی وێژەیی کوردی وەرگرت و بە جوانترین شێوە لە بەرهەمەکانیدا دەیگونجاند.

لە شێعری گۆران دا ژینگە و سرووشتی پڕلەجوانیی کوردستان شوێنێکی تایبەتی هەیە و بە گشتی لە توێی شێعرەکانی دا رەنگدانەوەیەکی کاریگەر و بەهێزی خوڵقاندووە. لە نێو شێعرەکانی گۆران دا بە روونی دەردەکەوێ کە لەگەڵ ئەوەیدا کەڵکەڵەیەکی زۆری بۆ نوێخوازی و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەی هەیە، کەچی هەرگیز باوەڕو نەریتە نەتەوایەتییەکان بەکەم ناگرێ و پێی وایە کە پێشکەوتن دەبێ لە ناخی بوونەوە سەرهەڵدا. گۆران نموونەی ڕووناکبیرێکی باوەڕمەندەو، هەرگیز بایەخە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی بە ئەزموونەکانی نەدۆڕاند و هەمیشە دەیویست وێنای کوردێکی ڕووناکبیر و پێشکەوتوو بێ.



مامۆستا گۆران (عبداله بەگی کوڕی سلێمان بەگی کوڕی عبداله بەگ) لە ساڵی ١٩٠٤ی زایینی لە هەڵەبجە لە دایک بووە. بنەماڵەی باپیری لە بەگزادەکانی «میران بەگ»ی ناوچەی مەریوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوون و پاشان عینایەتوڵڵا بەگی کوڕی ئەمانوڵڵا بەگی باپیرە گەورەیان بۆ ناوچەی قەرەداخی سلێمانی کۆچ دەکات و لەوێ دەگیرسێنەوە. پاش ماوەیەکیش بەهۆی ئەوەی کە خۆیان بە جاف دەزانی بۆ هەڵەبجە دەکۆچێن و لە شارەزوور نیشتەجێ دەبن. باوک و باپیری گۆران دەستێکی باڵایان لە شێعرو ئەدەبی کوردی و فارسی دا بووە و تەنانەت عبداله بەگی باپیری گۆران بەهۆی بەهرەی زۆر و شارەزایی کەم وێنەی لە زمانی فارسیدا بە «کاتبی فارسی» ناسراوە.

گۆران لەگەڵ ئەوەیدا ماوەیەک وەک فەقێ لە مزگەوتی «پاشا»ی هەڵەبجەدا وانەی ئایینی دەخوێنێ، لە قوتابخانەکانی تورکی و کوردی و عەرەبی و فارسیش خوێندوویەتی.

لە راستیدا گۆران تەنیا هەر شاعیر نەبوو، بەڵکوو شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەر و رووناکبیریش بوو. لە ساڵی ١٩٥١ تا ١٩٥٢ وەک شۆڕشگێڕێکی کوردی چەپ بۆ یەکەمجار لە لایەن حکوومەتی پاشایەتی ئەو کاتی عێراق دەگیرێ و ئینجا دوو جاری دیکەش لە ساڵەکانی ١٩٥٤ تا ١٩٥٦ و ١٩٥٦ تا ١٩٥٨ بە هۆی چالاکی سیاسیی دەگیرێتەوە. ساڵی ١٩٥٢تا ١٩٥٤وەک بەرپرسی رۆژنامەی «ژین» لە سلێمانی کاری راگەیاندن و رۆشنبیری دەکات. ساڵی ١٩٥٩ تا ١٩٦٠ سەرپەرشتیی گۆڤاری «شەفەق» بە دەستەوە دەگرێ و بە ناوی «بەیان» دەری دەکات. ساڵی ١٩٦٠ دەبێتە یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بەشی کوردیی کۆلێجی زمان لە زانکۆی بەغدا و هاوکات دەبێ بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی «ئازادی»یش و تا ساڵی ١٩٦٢ بە گوڕەوە خەریکی راپەڕاندنی هەرچی باشتری ئەو کارانە دەبێ.

گۆرانی شاعیر و روناکبیریش هەوەک زۆربەی کەڵەپیاوانی گەورەی نیشتمانەکەی تەمەنێکی درێژی بۆ خزمەتی هەرچی زیاتر بە نەتەوەکەی نابێ و بە داخەوە رۆژی ١٩٦٢/١١/١٨ ی زایینی بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی دەکا و بۆ هەمیشە بە جێمان دێڵێ و ئێستاش گۆڕە پیرۆزەکەی لە گۆڕستانی «گردی سەیوان» رووگەی پڕ لە خۆشەویستیی هۆگران و تامەزرۆیانی شێعر و ژیان و کەسایەتییە مەزنەکەیەتی. یادی پیرۆز و رێبازی بەردەوام.

## پاییز

پاییز.. پاییز
بووکی رەنگ زەرد
من مات، تۆ زیز
هەر دوو هاودەرد
من فرمێسکم، تۆ بارانت
من هەناسەم، تۆ بای ساردت
من خەم، تۆ هەوری گریانت
دوایی نایێ دادم. دادت
پاییز.. پاییز
هەرگیز..هەرگیز

«گۆران»

هەر چەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی
پێی مەستم،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی
هەڵبەستم!
لێکدانەوەی دەروون، قسەی
زمانم:
بۆچی وەها دوورن لە یەک،
نازانم!

«گۆران»

## ئێوارەی لادێ

ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەیی تازە
رێی کانی قوبان مونتەزیری جیلوەیی نازە
بەردەرکەکەتان قیبلەیی رووی ئەهلی نیازە
ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەیی تازە
ئێوارەیە وا دەرکەوە سا جوانە کچی دێ
ئەی وێردی قسە و بەستەیی گشت کوڕگەلی سەر رێ
سووتاوی جووانیتن هەموو کێی و کوڕی کێ
ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەیی تازە
چەند جوانی بەرەو مەغریب ئەچی زەردە ئەدا لێت
پرشنگی خشل ئەبلەق ئەکا دەور و بەری رێت
رۆژی دەمی کەل حازرە بو پێشکەشی بەر پێت
ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەیی تازە

«گۆران»

## *فەرهەنگی تەنز*

وریا




بابۆڵە: پارووی درێژ
باپیرە: ئامرازی هاتوچۆی نەوە
باخۆر: ئەو کەلێنەی بای لێوەدێ، پیاوی هەژار.
باربەستن: خۆمشکڵۆزمەکردن بۆ حەوت پشت.
بەربەرۆچکە: شۆفاژی کابرای هەژار.
جیازی: ئەو برە کەلوپەلەی بووک و زاوا بەردەوام بە چاوی یەکی دادەدەنەوە.
بڕوانامە:ئەو نامەیەی وەریدەگرن بۆ ئەوەی بڕوایان پێ¬بکەن دەرسیان خوێندوە.
برابەش: ئەو کەسەی تا بەشەکەی وەردەگرێ برایە.
نێوبژیوان: کەسێک کە ئیشتیای لە تێهەڵدانە.
برازاوا: ئەوەی کە جەوری زاوا دەکێشێ.
بوزوو: ئەو پارچەیەی کە ئەگەر مەرەزیشی پێوە نەبێ خوروو دێنێ.
بێژینگ:میکرۆفۆنی شەرمێون.
بێ وێنە: کەسێک کە هیچ رەسم و وێنەیەکی نەبێ.
پێ خەسوو: تەنیا شوێنێک کە ژن بۆی هەیە دەوری حاکمی شەرعی هەبێ.
ژن خوشک: خوشکی ژن، نە خوشکە و نە ژن.
میراو: رەئیسی ئیدارەی ئاوو فازلاو لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی دا.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 547 21 NOV 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# فەرهاد پیربال بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین فستیڤاڵی گەلاوێژی بە جێهێشت

دوکتور فەرهاد پیربال، نووسەر و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە ئامادە بوونی لێپرسراوێکی کۆماری ئیسلامی لە ڕێورەسمی کۆتایی فستیڤاڵی گەلاوێژدا ڕێورەسمەکەی بە جێ هێشت.

دوکتور فەرهاد پیربال کاتێک کە بەڕێوەبەری بەرنامەی کۆتایی فستیڤاڵ داوای لە عەبدولجەبار کاکایی، نێردراوی وەزارەتی ئێرشادی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو فستیڤاڵە کرد کە سەرکەوتووانی لاوی ئەو فستیڤاڵە خەڵاتەکەیان لە دەستی ئەو وەرگرن، هۆڵی فستیڤاڵی بە جێ هێشت.

دوکتور فەرهاد پیرباڵ لەو پیوەندییەدا بە ماڵپەڕی دەستووری ڕاگەیاندوە کە بۆ من شەرمەزاری بوو کە بەڕێوەبەری سانسۆری چاپەمەنی لە ئێران خەڵات بەسەر نووسەرانی لاوی کورد دابەش بکا.

د. فەرهاد لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتویەتی کە بە شایەتی هەموو نووسەرانی کورد ئەو عەبدولجەبارە قوفڵێک بووە بۆ قەڵەمی هەموو نووسەرانی ئێران بە کوردو فارسەوە، بۆیە نەک نەدەبوو شانازیی خەڵات بەخشینی پێ بدرێ، بەڵکو نەدەبووایە ڕێگەی پێ بدرێ هەر سلێمانیش ببینێ.



# کۆچی دوایی هونەرمەند تەها خەلیل



بەیانی رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧ی نوامبەر تەها خەلیل هونەرمەندی بواری شانۆ و دراما لە شاری سلێمانی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ئەم هونەرمەندە کە لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، دەیان ساڵە لە بواری نواندن دا خزمەت بە هونەری کوردی دەکاو وەک ئەستێرەیەکی گەشی هونەری شانۆ و دراما جێ پەنجەو شوێندەستی بە نەخشەی داهێنان و مێژووی هونەری کوردییەوە دیارە، هونەرمەند تەها خەلیل دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا بوو، لە تەمەنی ٧٠ ساڵی دا دڵی لە وەستان کەوت.

# هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم نەیانهێشت یارسانەکان یادی خەلیل عالی نژاد بکەنەوە



هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە کرماشان ئیزنیان بە بنەماڵەو لایەنگران و کوردانی یارسانی رۆژهەڵاتی کوردستان نەدا کە یادی سەید خەلیل عالی نژاد لە ساڵوەگەڕی ٩یەمین ساڵی کۆچی دوایی ئەم گەورە پیاوەو هونەرمەندە بەرز ڕابگرن،

ڕێورەسمی یادی سەید خەلیل عالی نژاد کە هەموو ساڵێک لە سەر گڵکۆی ناوبراو لە لایەن یارسانەکان و لایەنگرانی نەمرەوە بەڕێوە دەچوو ئەمساڵ هێزە ئەمنییەتییەکان بە هەڕشەو گورەشە تێکیان دا. بەڵام سەرەڕای هەموو گوشاری هێزەکان زیاتر لە چەند هەزار کەس بێ ئاگاداریی پێشوو لە شارەکانی کرماشان، تاران، کەرەج، قەزوێن و هەمەدانەوە لە شاری سەحنە لە نێو گەمارۆی هێزهکانی ڕێژیمەوە خۆیان گەیاندە سەر مەزاری سەید خەلیل و بە بێ میکرۆفۆن و بڵندگۆ یادیان لەم مرۆڤە مەزنە کردەوە.

سەید خەلیل عالی نژاد لە گەورەپیاوانی ئایینی یارسانی کوردستان و لە مامۆستایانی پایەبەرزی مۆسیقاو ژەنیاری بەتوانای تەنبور، ئامێرو سازی ئایینی یارسانەکان بوو کە ٢٧ی خەزەڵوەری ساڵی ٨٠ لە وڵاتی سوئید لە لایەن چەند کەسی نەناسراوەوە تیرۆر کرا.

# پێنجەمین فیستیڤاڵی بەیت و حەیران لە شاری سەردەشت بەڕێوە چوو



ڕێکەوتی ٢٠ی خەزەڵوەر پێنجەمین کۆڕیادی بەیت و حەیران لە شاری سەردەشت بە بەشداریی دەیان هونەرمەندی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو.

بە پێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی سەرچاوە ساڵی رابردوو ئەم کۆڕیادە بە بەشداری هونەرمەندانی ٩ پارێزگای ئێران بەڕیوە چوو بەڵام ئەمساڵ کۆڕیادەکە بەرفراوانتر و گەورەتر لە ساڵانی رابردوو بە بەشداری هونەرمەندانی ١٤ پارێزگای ئێران کە بریتی بوون لە (آذربایجان غربی، آذربایجان شرقی، لرستان، خراسان شمالی، خراسان رضوی، خراسان جنوبی، تهران، کردستان، گیلان، کرمانشاه، اردبیل، زنجان، ایلام و همدان) بەڕێوە چوو.

بە پێی بڵاوکراوەی دەبیرخانەی کۆڕیادی بەیت و حەیران، ئەمساڵدا زیاتر لە ٥٠ بەرهەم لە لایەن هونەرمەندانەوە پێشکەش کراوە کە نیشان لە بەرفراوان بوونەوەی کۆڕیادەکەیە.

هونەرمەندانی بەشدار لە کۆڕیادی ئەمساڵ، لەم بەشانەدا کاری خۆیان پێشکەش کرد: (بەیت، حەیران، لاوک، مەقام، تەک ژەنی، دەفژەنی،ژەنینی سەنتوور، عاشیق لەر، ژەنینی تنبەک، سێتار و تاری ئازەری، دەهۆڵ، شمشاڵ، مۆسیقای ئازەری، کەمانچە، نەرمەنای، توزەلە، باغڵەمە و سۆرنا).

هەروەها ئەمساڵ تیپی مۆسیقای لۆرستان ئوستاد شوکر عەلی ڕەزایی، تیپی مۆسیقای ئازەری عاشق هیدایەت مێهری، تیپی مۆسیقای کوردستان سەید عەلی ڕەحیمپوور، تیپی مۆسیقای لورستان ئافتاب تەلایی سپەهوەند و تیپی مۆسیقای کرماشان تەیمور وەیسی و مەجید ئازادی بەشدار لەم کۆڕیادەدا بوون.

# وەرزشکارێکی کورد میداڵی زێڕی یارییەکانی ئاسیایی بردەوە



موحسێن شادی بەلەمەوانی رۆئینگی یانەی میلیی ئێران لە فیناڵی تاکەکەسیی بەلەم لێخوڕینی یارییەکانی ئاسیا پلەی یەکەمی وەدەست هێنا و میداڵی زێڕی ئەو پێشبرکێیانەی بردەوە.

موحسێن شادی وەرزشکاری کوردستانی خەڵکی شاری نەغەدە لە گرووپی «ئا» و لە هێڵی٤ لە گەڵ وڵاتانی هۆنگهۆنگ، ئۆزبەکستان، ژاپۆن، تایلەندو کۆرەی باشوور کەوتە ململانێ و لە کۆتایی دا بە ٦ خولەک و٥٥ چرکەوەو ٦٢ لە سەدی چرکە پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

ناوبراو پێشتریش لە کێبەرکێکانی روئینگ پاڵەوانێتیی ژێر ٢٣ ساڵی جیهان لە کۆماری چێک بەشدار بووە، و لە فیناڵی سەوڵ گێڕانی تاکەکەسی لە کێشی کەمتر لە ٧٠ کیلۆ گەرەم، ڕکەبەرەکانیی خۆی لە برزیل، ئاڵمان و سێربستانی بردەوەو بۆ یەکەمین جار میداڵی زێڕی لە مێژووی وەرزشی ئێران دا وەرگرتبوو.




بەر لە ماڵاوایی

# پەیڤێک لەسەر ناونانی منداڵان لە کوردستان دا

ب.هیوا

لەمێژ بوو لە دەرفەتێک دەگەڕام بۆئەوەی تێبینی و بیروڕای خۆم لەسەر ناونانی منداڵ لە کوردستان دەرببڕم. بڵاوبوونەوەی بەرنامەیەک لە تەلەڤیزیۆنیBBC (بەشی فارسی) و وردبوونەوە لە وڵامی بینەران لە نێوخۆو دەرەوەی ئێران بە پرسیارەکانی بەرێوەبەری بەرنامەکە، هانی دام غیرەت وەبەر خۆم بنێم و گۆشەی ئەمجارەی ماڵاوایی بۆ ئەم مەبەستە (ناو نانی منداڵ لە کوردستان) تەرخان بکەم.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و لە هەموو کوردستان بە گشتی هەتا ئێستاش - ئەگەر نەڵێم زۆربەی - دەتوانم بڵێم بەشێکی یەکجار زۆر لە ناوەکان، ناوی عەڕەبین.

دیارە ئەم دیاردەیە هەر تایبەت بە نەتەوەی کورد نییە و زۆربەی نەتەوە موسوڵمانەکان -کەم و زۆر- هەر ناوی عەڕەبییان لە منداڵەکانیان ناوە. دیارە ئەو نەتەوانەی هەستێکی نەتەوایەتیی بەهێز و ئاگایی و شوعووری نەتەوەیی بەرزیان هەیە، سەرەڕای هەبوونی دینێکی تایبەتی، زمان و مێژوو و شارستانەتی و زێد و نیشتمانی خۆیان، خستۆتە پێش ئایینەکەشیان و ناوی منداڵانیان لە زمانەکەی خۆیان و لە مێژوو و سروشتی وڵاتی خۆیان هەڵێنجاوە. ئەم کارەشیان بەبڕوای من هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ ڕێوشوێنە ئایینییەکانیان نییە. ئەوەندەی من لە دین و خوداپەرستی تێگەیشتبێتم، مرۆڤەکان لە دنیای دیکە نەک بەپێی ناوەکانیان، بەڵکوو بەپێی کردەوەکانیان لەم دنیایەدا، حیسێبیان لەگەڵ دەکرێ. واتە ئەگەر کەسێک یەکێک لە ناوەکانی خوداوەند، یا ناوی یەکێک لە پێغەمبەران و ئەسحابە و پیاوچاکانیشی لەسەر بێ، بەڵام کارو کردەوەی سەر ئەم دنیایەی، لەگەڵ مرۆڤدۆستی و ڕێوشوێنە ئایینی یە پیرۆزەکان ناتەبابێ، لە دنیای دیکە لەبەر ناوەکەی خاتری ناگیرێ و لە گوناحانی خۆش نابن. پێچەوانەکەشی هەروایە. مرۆڤێک با ناوی قارەمانێکی مێژوویی، یا ناوی چیایەک یا چۆم یا گوڵێکی وڵاتەکەی خۆی لەسەر بێ، لەو دنیا بیانووی ناوەکەی پێ ناگرن.

زۆرم بەلاوە سەیرە هێندێک دایک و باوک ناوێکی عەرەبی بۆ منداڵەکەیان هەڵدەبژێرن کە نەک منداڵەکە، بۆخۆشیان لە واتای ناوەکە تێناگەن. جاری واشە ناوەکە هیچ واتایەکی جوان و خۆشی نییە، بەڵام بەو هۆیەوە کە ناوەکە ناوی خەلیفەیەکی ئیسلام یان ئەسحابەیەک یا سەردارێکی ئیسلام بووە، وەک شتێکی پیرۆز سەیری دەکەن! ئەوان، ئەگەر سەبارەت بە بیروڕای ئایینیی خۆیان ئەم کارە دەکەن، دەبێ بزانن ئەوە کردەوە و ڕەفتاری داهاتووی منداڵەکەیانە کە بەهەشت یا جەهەننەمی بە نسیب دەکا نەک ناوەکەی. کەوایە بۆچی لێناگەڕێن منداڵەکەیان، ناوێکی لەسەر بێ کە لە زمانەکەی خۆی دا هەیە و کوردییەو، ئەم منداڵە بەجۆرێک بە مێژوو و زمان و شارستانییەت و نیشتمانی خۆی دەبەستێتەوە؟!

شتێکی ئاشکرایە کە لە هەر سەردەم و دەورانێک دا، بە پێی گەشە کردن و پەرەئەستاندنی فکر یا ئایدۆلۆژییەک، یا بە گوێرەی گۆڕانە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، و بە پێی پێکهاتنی گۆڕان لە فکرو زەوقی تاکەکاندا، هێندێک ناوی تازە دادەکەون و کۆمەڵێک ناو کەم دەبنەوە. حاشا لەوەش ناکرێ کە ناوی منداڵان لەجۆری تێگەیشتن و بیرکردنەوەی دایک و باب و دەورو بەرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمانە هەموودیان شتێکی سروشتین. شتی ناسروشتی و جێگای داخ ئەوەیە لە جۆری تێگەیشتن و بیرکردنەوەی دایک و باب دا، جێگایەک بۆ بایەخدان بە زمان و مێژوو و شارستانەتیی نەتەوەکەی خۆی نەبێ و ئامادە نەبێ لە زمانەکەی خۆی ناوێک بۆ منداڵەکەی هەڵبژێرێ.

لەهەر حاڵدا، بۆ نەتەوەیەک کە بۆ داکۆکی لە نیشتمان و مێژوو و پێناس و کولتووری خۆیلە خەبات دایە زۆر سەیرە ئەگەر تاکەکانی لە دانانی ناوێک لە زمانەکەی خۆیان لەسەر منداڵەکانیان خۆیان ببوێرن. ئەگەر ڕۆژێکیش گەیشتینە ئەو ئاستەی، مەترسیی هیچ توانەوە و لەنێوچوونێکمان لەسەر نەما و لەوە دڵنیا بووین کە کولتوور و پێناسە و کیان و سنووری خۆمان چەسپاندوە، ئەو کات لەوانەیە ئەوەندە بە دەمارگرژییەوە سەیری ناونانی منداڵ لە کوردستان نەکەم و تەنیا بەوەندە رازی بم کە ناوەکان، واتایەکی جوانیان هەبێ و لە باری فۆنۆتیکی یەوە، بەتایبەتی لەنێو ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکەدا، بەهاسانی گۆ بگرین.